# فەلسەفەی شانۆ.. شانۆی فەلسەفی

## نیهاد جامی

### لێکۆڵینەوەی شانۆیی



**ناوی کتیب: فەلسەفەی شانۆ.. شانۆی فەلسەفی**

**ناوی نووسەر: نیهاد جامی**

**جۆری کتیب: لیکۆلینەوەی شانۆیی**

**دەرهینانی هونەری: نووسەر**

**تیراژ:**

ژمارەی سپاردن :

**چاپخانە:**

**ناوی بڵاوکەرەوە:** دەزگای فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوک
رێکخراوی کاتی هونەر (وقت للفنون)

**چاپی یەکەم**

**2024**

## پێشەکی

دوای ئەنجامدانی سێ خول لە فیستیڤاڵی شانۆی کەرکوک، بەپێی دەنگدانەوەی نێوەندی کلتوری کوردی، ئیدی فیستیڤاڵەکە بووە بە یەکێک لە براندە هونەری و کلتورییەکانی کوردستان لەسەر ئاستی هەر چوار بەش و ساڵانە شانۆکار و دەرهێنەرانی کورد بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی خولی تازەی فیستیڤاڵ دەکەن. ئەمەش وایکردووە ئەرکی ئێمە لە کارگێڕی فیستیڤاڵ قورستر بێت و ساڵانە بیر لەوە بکەینەوە گۆرانکاری جۆریی لە ناوەڕۆک و کارەکانی فیستیڤاڵدا بکەین و لە خۆدووبارەکردنەوە دووربکەوینەوە.

بۆیە پێمانوابوو بۆ خولی چوارەم باشترین هەنگاو کە ئەنجامی بدەین تەرخانکردنی پانتایی زیاتر بۆ تیۆر و توێژینەوەی زانستی لەبارەی شانۆی کوردی و چەمکە تازەکانی دنیای ئەمڕۆ لە شانۆی جیهانیدا و جێکردنەوەیان لە شانۆی کوردیدا کارێکە هەرچەندە قورسە و شانی خۆی دەوێت بۆ هەڵگرتن، بەڵام ئێمە لە بڕوابوون بەخۆمان و گرنگی پرسەکە شانمان دایە بەر ئەو ئەرکە و بەهاوکاری توێژەرانی بەڕێز (د. حەمید ڕەزا نەعیمی، د. دڵشاد مستەفا، د. ئەیوب ڕەمەزان، د. سەردار مەحمود، د. نیاز لەتیف، د. یوسف ڕەشید، ڕێباز محەمەد جەزا) کە لێبڕاوانە بەدەم داواکارییەکەمانەوە هاتن و دوای وتوێژ بڕیارماندا چوار تەوەری پەیوەست بە شانۆی کوردی دیاری بکەین و بۆ هەر تەوەرێک دوو ئەکادیمیست رابسپێرین تا توێژینەوەمان بۆ ئامادە بکەن و لەچوارچوەی فیستیڤاڵدا لە دووتوێی کتێبێکی ناوازەدا پێشکەشی خوێنەری کوردی بکەین.

ئەمە جگە لەوەی ئەمساڵ بۆ یەکەمجار پێشبڕکێی باوەگورگورمان بۆ شانۆنامەی کوردی راگەیاند و خۆشبەختانە زیاد لە ٢٠ شانۆنامە ئاڕاستەی



کارگێڕی فیستیڤاڵ کرا بۆ پێشبڕکێ بۆ بوون بەیەکەمی ئەم خولە، پاشان لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە هەڵسەنگێنرا و باشترینیان دیاریکرا. سێ شانۆنامە کاندید کران بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئەمساڵ و هەرسێکیان لە دوتوێی کتێبێکدا چاپ کران.

لەپاڵ ئەمانەشدا ویستمان دەرفەت بۆ شانۆکارانی ئەکادیمیی کەرکوک بڕەخسێنین و لەو چوارچێوەیەدا دوو توێژینەوەی دیکەی پڕ بایەخمان خستە نێو زنجیرە چاپکراوەکانی فیستیڤاڵەوە ئەوانیش (فەلسەفەی شانۆ.. شانۆی فەلسەفی، گەشتی ئێستێتیکا لەشانۆیی پیشەگەردا)

دوای بیرکردنەوە و راوبۆچوون گۆڕینەوە لەگەڵ خەمخۆرانی شانۆ، بیرمان لەوە کردەوە کە ئاوڕێکی خەمخۆرانە لە شانۆکارانی گەنجی ئەکادیمیی و هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا بدەینەوە و ماستەرنامە و تێزە زانستیەکانیان لە دوو کتێبی سەربەخۆدا وەکوو بڵاوکراوەی فیستیڤاڵ بخەینەڕوو ئەوانیش ( المعالجة الإخراجية للجنون في العرض المسرحي المعاصر، تحولات الطقس البدائي في عروض المسرح المعاصر)

شکۆ عومەر کاکەڕەش
بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ

# سەرەتایەك بۆ پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆ

ئەو هەژارییە مەعریفییەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بۆتە هۆی ئەوەی ڕووبەڕووی پرسیاری جیاواز ببینەوە لەبارەی چۆنییەتی مەعریفە، بۆیە کاتێك نەوەیەك دەیەوێ بزانێ فەلسەفە چ پەیوەندیی بە شانۆوە هەیە و پەیوەندییەکەی لە چ ئاستێکدایە؟ ئەو دەمە نە کتێبێك و نە وتارێکی لەو بارەیەوە بە زمانی کوردی دەست ناکەوێت، ئەو ساتە مافی خۆیەتی گومان بکات لەو پەیوەندییە، وەك چۆن گومان بکات لەکۆی ئەو بابەتانەی کە نووسینێك لەبارەیانەوە نادۆزێتەوە، بۆیە نووسین لەسەر ئەو بابەتانە ڕەنگە بەهۆی هەژاری مەعریفی و سەرچاوەکانەوە ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی تایبەتمان بکاتەوە، نەوەك تەنها بۆ خوێنەر، بەڵکو بۆ هەر توێژەر و نووسەرێکی بواری شانۆش کاتێ بیەوێ لەو بابەتە توێژینەوە و خوێندنەوە ئەنجام بدات.

یەکێك لەو باسانەی کە تائێستا نووسینی کوردیی بەلایدا نەچووە، پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆیە، ئەو بەلادا نەچوونە ڕەنگە لە ڕوویەکدا پەیوەست بێت بە ئاست لاوازی گوتارە شانۆییەکەمان، لەلایەکیتریشەوە پەیوەست بێت بەو هەژارە مەعریفییەی خۆمانەوە.

بۆیە ئەو هەوڵەی ئێمە لەو بوارەدا دەکرێت هەوڵێکی سەرەتایی بێت، بەڵام پێویستییەکی گرنگی دۆخێکی نوێیە، بەو پێیەی شانۆی ئێمە بەدوای هەڵسانەوە لەو قۆناغی مت بوونە، ئەمجارە دەبێت نەوەکان درکی ئەوە بکەن، بەتایبەت نەوەی نوێ کە یەکێك لەگرفتەکانی سستی گوتاری



شانۆمان نەبوونی مەعریفە بووە، بەبێ مەعریفە و تیۆر سەختە بتوانین خەون بە شانۆیەکی ئاست بەرزەوە ببینین کە تیایدا ئاگایی شانۆکار خەونە شانۆییە باڵاکانی بێنێتە دی.

کاتێك بمانەوێ توێژینەوەیەك لەبارەی پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆ ئەنجام بدەین، بەهیچ جۆرێك نیازمان نییە لەبارەی مێژوو و چۆنییەتی سەرهەڵدانی فەلسەفە و قۆناغەکانی بدوێین، چونکە نامانەوێ لەباسێکی تیۆریی فەلسەفیدا بابەتەکە لە شانۆ دوور بخەینەوە، ئەو ساتەوەختانەی ئاماژە بۆ فەیلەسووفێك و ڕوانینەکانیشی دەکەین تەنیا بەو مەبەستەیە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ شانۆ بخەینە ڕوو، یاخود لەو دیدە فەلسەفییەوە شانۆ بخوێنینەوە، ئەوەش بەهەند وەرنەگرتنی فەلسەفە نییە، هێندەی مەبەستی ئێمە زیاتر قسەکردنە لە شانۆ.

بابەتی تیۆرە فەلسەفییەکان بۆ توێژەرانی ئەو بوارە جێ دێلین کە لەو بارەیەدا مەعریفەی کوردیی تاڕادەیەك توانیویەتی هەنگاو هەڵبێنێت چ لەڕووی نووسینەوە یاخود وەرگێڕانی تێکستە فەلسەفییەکان، بۆیە ئێمە لەقسەکردنەوەشمان لەبارەی فەلسەفەوە مەبەستمان دۆزینەوە و خولقاندنەوەی پەیوەندییەتی بە شانۆوە، چۆنییەتی ئەو پەیوەندییە، نەك بەمەبەستی ئەوەی بمانەوێ توێژینەوەی فەلسەفی ئەنجام بدەین.

بۆ ئەوەش بەتایبەت کاتێ لەسەرەتای پەیدابوونی شانۆوە باس لە فەلسەفە دەکەین، دەمانەوێ لەو نهێنییە تێبگەین کە پەیوەندیی فەیلەسووف بە شانۆوە چی بووە؟ ئاخۆ پەیوەندییەکی ڕواڵەتی بووە؟ یاخود پەیوەندییەکی فەلسەفی بە شانۆوە هەبووە؟ ئەگەر شانۆ هەر لەسەرەتاوە

لەشارستانییەتی گریکەوە وەك ڕوویەکی فەلسەفە خۆی خستبێتە ڕوو، ئەی بۆچی فەیلەسووفانی یۆنانی نکوڵی لەوە دەکەن؟ ئەگەر ئەوەش ڕاست نەبێت ئاخۆ شانۆ دەیەوێ لەناو میراتی فەلسەفەوە خۆی پتەو بکات، یاخود ئەوە تێگەیشتنە فەلسەفییەکانن شانۆیان بەرەو ئاراستەی جیاواز و ڕووبەری فراوانتر بردووە؟

ڕەنگە پرسیاری وا بەس بێت بۆ ئەوەی تووشی گومان ببین، ئەو گومانە ناکرێ بە بێدەنگی بسپێرین، بەتایبەت کاتێك بمانەوێ لەو نهێنییە تێبگەین دەبێت بۆ ئەو پەیوەندییە و سەرەتاکانی بگەڕێینەوە، تا لەو پەیوەندییەش تێنەگەین سەختە لەبارەی فەلسەفەی شانۆوە بێینە دوان، کاتێك لە پەیوەندییەکە تێگەیشتین ئەو دەمە دەتوانین ئەو کردە هارمۆنییەی نێوان فەلسەفە و شانۆ لەڕووبەری نمایش و گوتارە شانۆییەکان دا بخوێنینەوە.

## فەلسەفەی شانۆ چییە؟

پرسیارکردن لە فەلسەفەی شانۆ بۆ خۆی قسەکردنە لە دوو بابەت و کایەی گرنگی ناو ژیان ئەوانیش فەلسەفە و شانۆیە، فەلسەفە کە پەیوەستە بە عەقڵ، شانۆ هونەرێکە زادەی خەیاڵ و دیدگای هونەریی و شیعرییە، بۆیە ئەو کاتەی پرسیار لەبارەی فەلسەفەی شانۆ بکەین، بەواتای دەمانەوێت لە عەقڵانییەتی ئەو دنیا خەیاڵییەوە قسە بکەین، کە دنیایەك بەتەنیا ڕووبەرێکی خەیاڵئامێز نییە، بەڵکو خەیاڵ وێنای دنیایەکیتر دەکات، ئەوەی لە واقیعدا بوونی نییە، یاخود



بوونی هەیە و شانۆ دێت بەدید وڕوانینێکی تر دەیخوڵقێنێتەوە، خوڵقاندنەوە بەواتای گەڕانەوە بەرەو سەرەتاکانی شانۆ، بۆ یەکەم ساتەوەختی لەدایك بوون، بۆ ناو ژیاری گریکی و قسەکردنەوە لە زەمەنێك کە تیایدا فەلسەفە و شانۆ لە ململانێ وڕکابەریدا دەبن، تراژیدیا دەبێتە تەوەری سەرەکی ئەو پەیوەندییە، کە دەیالۆگی فەلسەفی و شانۆیی تیا دەخوڵقێنرێت.

تراژیدیانووسانی گریکی بەتەنیا شانۆنامە نانووسنەوە، بەڵکو لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ گوتاری فەلسەفی، بۆیە تا ئەو ڕۆژگارەمان ئەو بابەتە پەیوەستە بەهەردوو دنیای شانۆ و فەلسەفەوە، شانۆنووسان و فەیلەسووفەکان بەیەکەوە بەشداری لەو دەیالۆگە دەکەن، تا ئاستی ڕەخنەیەکی قووڵ لەیەکتری، کە سەرەنجام ڕەخنەکان دەبنە زەمینەیەکی پتەو بۆ فەلسەفەی شانۆ، کە دنیابینی شانۆمان بۆ بخاتە ڕوو، لەهەمان کاتدا بۆ ئەو سەردەمەی ئێستامان شانۆ بگەیەنێتە ناو شانۆیەکی فەلسەفی، ئەوەش پەیوەستە بەو پەیوەندییە هاوبەش و دانەبڕاوەی ئەو دوانە بەیەکتریەوە.

بۆیە قسەکردنەوە لەو پەیوەندییە گەڕانەوەیە بۆ ناو ڕابردوویەك کە پەیوەستە بە فەیلەسووف و شانۆکار، ڕەنگە لەڕابردوودا هەرگیز پێشبینی ئەوە نەکرابێت کە شانۆکارەکان وەك فەیلەسووفەکان دەربکەون، بەڵام ئەمێستا کە شانۆ گرنگی گوتار و مەعریفەکەی ڕوون دەبێت ئەوسا نکوڵی ناکرێت لە گرنگی سوکرات و یۆرپیدس یاخود ئەفلاتون و سۆفۆکلیس، بەوەی هەردوولا

گرنگی پرۆسەیەکی عەقلانی و دنیابینی تایبەت دەخولقێنن، کە سەختە یەکێکیان بتوانێ نکوڵی لەویتر بکات، بۆیە دیالۆگکردن و ڕەخنەگرتن لەویتر بەرەنجامی تێگەیشتن لەو پرۆسەیەی کە لەبنەڕەتتدا لەدوو تێگەیشتنی جیاوازەوە دێتە بوون، دواتر دەگەڕێتەوە ناو یەکتری ئەویش پەیوەندیی نێوان عەقڵ و خەیاڵە.

## فەلسەفە و دژایەتیکردنی شانۆ

ڕەنگە شوێن هۆکاری سەرەکی پەیوەندیی نێوان شانۆ و فەلسەفە بێت، بەو پێیەی یۆنان دەبێتە شوێنی لەدایکبوونی هەردووکیان، بۆیە ئەو دەمەی فەیلەسوفە یۆنانییەکان دەردەکەون، شانۆش نووسەر و ئەکتەرەکانی هێناوەتە بوون، تەنانەت هاتنی ئەفلاتون لە ساتەوەختێکە کە سۆفۆکلێس لەژیان نەماوە، بەواتای تراژیدیاکانیشی نووسیوە، کە سۆفۆکلیس بۆ شانۆی کلاسیك وەك سوکراتە بۆ فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە.

سەرچاوەکانی ئەو دووانە میراتێکی هاوبەشی ژیاری گریکیە، ئەوەش شەڕێکە بۆ یەکلاکردنەوە، کە بوونی هەر یەکێکیان وەك ناوەندگەریتی عەقڵی مرۆیی سەیر بکرێت، بەوەی داخۆ ئەوە فەلسەفەیە دەبێتە هۆی عەقلانییەتی مرۆڤ؟ یاخود ئەوە شانۆیە ئەو ناوەندگەرێتیەی کە مرۆڤی بیرکەرەوە مرۆڤێك کە خاوەنی پرسیار وگومانە لەڕێگەی شانۆوە دەبێت دەربکەوێت.



ئەگەر فەلسەفە بەدوای بیرکردنەوە و گومانکردن بێت، کە وەك لە دەستەواژە ناسراوەکەی سوکرات باسی لێوە دەکات کە ئەو شتێك دەزانێت ئەویش ئەوەیە کە نازانێت، کەچی نووسەرانی شانۆ سەرەتا دەیانوویست بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەفسانەکان، لەکاتێکدا فەلسەفە دەیویست قسە لە هەڵوێستی زانست بکات، نەك وەك شانۆ قسەکردنی لەبارەی چیرۆکی ئەفسانەوە بێت.

هەرچەندە دەرکەوتنی فەیلەسوفێکی وەکو سوکرات ئەو هەڵوێستەی گۆڕی بۆ تەفسیرکردنی دنیا، ڕەنگە لێرەدا سوکرات خاڵی جیابوونەوە بێت لە نوسەرانی شانۆ، چونکە سوکرات فەلسەفەی لەڕەوتی ماتریالیزم دەردەکرد، ڕەنگە ئەوە خاڵێکی گرنگ بێت لەجودابوونی میکانیزمی کارکردنی فەلسەفە و شانۆ لای یۆنانییەکان. شانۆ لەسەرەتاوە وەك فەلسەفە کاری نەدەکرد، بەڵکو شانۆ لەڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ئەفسانە دواتر توانای خولقاندنی تراژیدیای هەبوو، فەلسەفە کاری بەو تراژیدیایە نەبوو، بەڵکو بەلاشیدا نەدەچوو، تەنانەت بەخاڵی جودابوونی خۆیان لەوان دەزانی. بۆیە یەکلابوونەوەی شەڕی ئەو میراتە لێرەدا دەردەکەوێت، ئەویش بەجیابوونەوە لەخولقاندن، ئەگەر شانۆ تراژیدیا بخولقێنێت، ئەوا فەلسەفە دێت ڕاڤەی دنیا دەکات، خوێندنەوەی ئەوەی هەیە، پرۆسەی بیرکردنەوەی فەلسەفی بوو، نەوەك گەڕانەوە بۆ یادەوەری تاوەکو تراژیدیای لێ بخولقێنێت، ئەو تراژیدیایە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەفلاتون شانۆکارەکانیش وەك شاعیرەکان لەکۆمارەکەی بکاتە دەرەوە، بەڵام پرسیارە جەوهەریەکە ئەوەیە: "چۆن دەکرێت لە

ڕەتکردنەوەی ئەفلاتون تێبگەین بۆ شانۆ کاتێک ئەو نزیکترین فەیلەسوفە لە زمانی شانۆ" (١)

ئاخۆ ئەفلاتون لەژێر کاریگەری ڕەوانبێژی و زمانەوانی نووسەرانی شانۆوە تێکستە فەلسەفییەکانی نەنووسیوە؟ بەتایبەت لەجۆری دیالۆگی شانۆیی؟ ئەی ئەگەر وابێت چۆن لەکۆمار دەیانکاتە دەرەوە؟

دژایەتیکردنی ئەفلاتون لەکۆمارەکەی بۆ شاعیر و نووسەرانی شانۆ پەیوەست نییە بەخودی کاریگەری گوتاری شانۆوە، بەقەد ئەوەی گوتاری دژە لەبەرامبەر تێکستی شانۆ و ڕوانینی شانۆنووسێکەوە، کە ئەریستۆفانیسە ئەو شانۆنووسە لە شانۆگەرییەکی کۆمیدیدا باس لەوە دەکات "سوکرات جگە لە سۆفستاییەك بترازێت شتێکیتر نییە، لە شانۆگەری (ڕاکێشان) گاڵتە بە سوکرات دەکات و بانگەوازی ئەوەش دەکات کە پێویستە قوتابخانەکەشی بسووتێنرێت، تاوەکو شارەکە بۆ مانەوە و ئاسایشەکەی پارێزگاری لێ بکرێت " (٢)

هەڵبەت سۆفستاییەتی سوکرات حەقیقەتێکە بەهۆی ئەوەی ئەو فەیلەسوفە قسەی کردووە نەوەك نووسیبێتی، خۆ لەنووسینەکانی ئەفلاتون و (ئەرستۆ)یش هەمیشە دەستەواژەی (مامۆستا دەیووت) دەنووسرێت، خۆ لەبری ئەوە نەوتراوە (مامۆستا نووسیویەتی) ئەوە سوفستاییەتی ئەو دەسەلمێنێ.

ئەریستۆفانیس بڕوای وایە سوکرات تەنیا قسەکەرێك بووە، پێویستە بە ژەهرخواردکردنی کۆتایی بە قسەکانی بهێنرێت، تاوەکو پارێزگاری لە ئاسایش و هێمنی شار بکرێت. هەڵبەت ئەوە ئەفلاتون تووڕە دەکات تا ڕادەی ئەوەی لە کۆمار



دەریان دەکات، بەڵام دەرکردنیان زیاتر بەهۆی ئەو تێگەیشتن و ڕوانینەیانە بۆ سوکراتی مامۆستا، دەنا ئەفلاتون بۆ خۆی نەیتوانیوە لەژێر کاریگەری ڕەوانبێژی و زمانەوانی شانۆ دەربازی بێت، تێکستە فەلسەفییەکانی لەشێوەی شانۆنامە نووسیوەتەوە، بەتایبەت تێکستە ناسراوەکەی لەبارەی مامۆستا ژەهر خواردکراوەکەی بەناوی "داکۆکیکردن لە سوکرات"

کەچی ڕەخنەگرتنی لە شانۆ ناو دەباتەوە بە دوالیزمەکان، بەوەی دیدی خەیاڵی و ڕواڵەتی شانۆ بنیاتی دەنێت، فەلسەفەش بەرەو حەقیقەت و زانست دەڕوات، سەرەنجام ئەوە وای لێ دەکات فەلسەفە بە پێویست بزانێت، بۆ جۆری تراژیدیا و وێنەکانی زمان و ڕەوانبێژی چەندین نمونە دەخاتە ڕوو، بەوەی فەلسەفە لەتوانایدایە ئەو کارە بکات و پێویستی بە ژانری تر نەبێت.

لەکاتێکدا دەگەڕێینەوە لای شانۆنووسانی یۆنانی بەتایبەت سۆفۆکلیس دەبینین، ئەوە ویستی کارەکتەرەکان نییە کە تراژیدیای خوڵقاندووە، بەڵکو کارەکتەرێکی وەکو ئۆدیب لە نائاگاییەوە تراژیدیاکان دەخوڵقێنێت، بەڵام تراژیدیایەك لەتوانای وێنەکانی فەیلەسوف نییە بیخوڵقێنێت، بۆیە ئەوەی شانۆ لەو کاتەدا دەیکات فەلسەفە توانای بەسەریدا ناشکێت، بەڵکو ئەوەی فەلسەفە بیکات دەرکردنی شانۆ نییە، بەقەد ئەوەی خوێندنەوەی فەلسەفییە بۆ شانۆ.

وەك چۆن فرۆید دەگەیەنێتە ئەوەی تیۆری تایبەت بخوڵقێنێت و ئەنترۆپۆلۆژیستێکی وەکو مۆریس گۆدلیە ڕوانینی ئەنترۆپۆلۆژیانەی لەڕێگەی شانۆنامەکەی سۆفۆکلیس

بەرهەم بهێنێت، یاخود فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرنیتی کاتێک دەیانەوێ ئەو سەردەمەی خۆیان بخوێننەوە پەنا دەبەنەوە بەر تراژیدیاکانی شکسپیر، بەتایبەت تراژیدیای هاملێت کە لەخوێندنەوەی فەلسەفی ژاك دێریدا بۆ قسەکردن لە فەلسەفەی مارکسیزم پشتی پێ دەبەستێت، یاخود فەیلەسوفی فەرەنسی بە رەگەز بولگاری ژۆلیا کریستیفا لەرێگەی هەمان شانۆنامەوە قسە لەدیاردەیەکی دەروونی وەکو زهانییەت بکات.

هەر لێرەشەوە فەلسەفەی شانۆ دەردەکەوێت، بەدەرکەوتنیشی بابەتی فەلسەفە و شانۆ لەنێوان (فەلسەفەی شانۆ) و (شانۆی فەلسەفی) دەبنە دوو بابەتی گرنگی ئەو پەیوەندییە، بابەتێك کە گرنگی تایبەتی بۆ شانۆ هەیە وناکرێت فەرامۆش بکرێت، لەسەر ئاستە دەلالیی ومەعریفیەکانی نەوەستین و لەناو ڕووبەری تێکست و نمایشە شانۆییەکان نەیخوێنینەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین لەچەند ئاستێکی ئەو باسە نزیک بکەوینەوە.

## نزیکبوونەوەی شانۆ لە فەلسەفە

دیدی فەلسەفی ئەفلاتون بۆ شانۆ چەندە وەك بنەمایەکی فەلسەفی بۆ بیرکردنەوە و تێرامان سەیر بکرێت، سەرەنجام فەلسەفە وەك دیدی رەهای بینین سەیری ناکات، چونکە ئەگەر ئەو بیەوێت بۆچوونەکانی سوکراتی مامۆستای تەواو بکات، ئەوا ئەرستۆی قوتابی ئەفلاتون لەو ڕوانگەیەوە وەك مامۆستاکەی بیر ناکاتەوە، بەتایبەت بە نووسینی کتێبی



"هونەری شیعر" نەك دژایەتی شانۆ ناکات، بەڵکو ڕێسا بۆ ئەو هونەرە دادەنێت.

شاعیران و شانۆکاران بەو کائینە دەبینێت کە دەتوانن لەرێگەی گێڕانەوەوە شانۆنامەکانیان پەیوەندیی نێوان تراژیدیا و سرووشت سەر لەنوێ بنووسنەوە، بەهۆی ئەوەی جوانی سرووشت بە شێوەیەکە کە توانای مرۆڤ لەوەدایە چۆن ئەو جوانییە لەناو شانۆدا دەخوڵقێنێتەوە.

تراژیدیاش کە لە شانۆدا وەك هونەرێکی باڵا دەرکەوتووە بە کارێکی دوور لە فەلسەفە سەیری ناکات، هێندەی وەك نزیکییەك لەفەلسەفەوە لێی دەڕوانێت، لێرەدا وەزیفەی شانۆنووس و شاعیرانی شانۆ بەوە دەست نیشان دەکات، کاری ئەوان ئەوە نییە لە بابەتێك بدوێن کە ڕوویداوە، بەڵکو ئەوەیە کە دەکرێت ڕوو بدات، ئەو گریمانە ئەرستۆییە ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو، شانۆ توانای پێشبینی کردنی تراژیدیای هەیە، بەواتای نووسینەوەی ڕووداوە پێشبینی کراوەکانی مرۆڤە، ئەوە بەشداریکردنی ئاگایی مرۆڤە لە ئاگایی گشتی کۆمەڵی، مەبەستیش لە بەخشینی هونەرێکی بە ئاگا و باڵایە، لەو کاتەدا ڕوانینی بۆ ئەو هونەرە دەچێتە ئاستێك کە ناوی بەرێت بە "شیعر لە مێژوو فەلسەفیتر و بەهاشی زیاترە، لەبەر ئەوەی شیعر ئەو کاتە بەرەو حەقیقەتێکی تەواو یا گشتی هەنگاو دەنێت، کەچی مێژوو گوزارشت دەکات و دەڕوات بەرەو حەقیقەتێکی تایبەت یان تاکخوازی" (٣)

ئەوەش جیاوازییەکی ئەرستۆییە لەنێوان شانۆ و مێژوو، شانۆ بەرەو کاری تاکخوازانە ناڕوات وەکو مێژوو، بەڵکو شانۆ

بەشداری لە ئاگایی کۆمەڵی و بەرەو کۆبوون هەنگاو دەنێت، هەر بۆیە بەهای شانۆ فەلسەفیتر دەردەکەوێت.

ئەگەر لەسەر تراژیدیا بوەستینەوە لە ڕوانینی شانۆنووس و مێژوو نووس، ئەوسا دەتوانین ئەو جیاکارییە ئەرستۆیە بەوە بخەینە ڕوو کە کارەکتەرەکانی وەکو ئۆدیب و ئەنتیگۆنا و ئەلیکترا کاتێك مێژوو نووس لەسەریان دەوەستێت، باس لە زیندەگی تایبەتی ئەو کارەکتەرانە دەکات، لەڕێگەی حەقیقەتێکی مێژوویی تایبەتی ئەو قۆناغە، بەڵام شانۆنووس وێنای دنیایەك دەکات وەك حەقیقەتێکی گشتی کە لەبووندایە، کارەکتەرەکانیش وەکو جۆرە ئەخلاقێکی مرۆیی ناو ئەو ژیانە ناو دەبات، کە تایبەت نەبێت بە تاکە مرۆڤێکەوە، کە ڕووداوێکی مردوو بێت و ڕوویدابێت، لێرەدا جیاوازییەکە لەنێوان دوو وێنە دەردەکەوێت، مێژوو نووس ڕووداوەکان وێنە دەگرێتەوە، بەڵام شانۆنووس ڕووداوەکان بەرهەم دێنێتەوە، لەپرۆسەی ئەفرێنەر سەر لەنوێ دەیاننووسێتەوە، ئەوەش گرنگی شانۆیە لە مێژوو گرنگتر و نزیکیشیەتی لە فەلسەفە کە توانای نزیکبوونەوەی هەیە لە فەلسەفە.

ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا لەڕێگەی چەمکی پاکژبوونەوە بونیادێکی زیندوو دێنێتە ناو شانۆ کە بونیادێکی بزاوت و زیندووە، بەهۆی ئەوەی بینەر لەڕێگەی ترس و بەزەیی پرۆسەی پاکژبوونەوە ئەنجام دەدات، ئەو پرۆسەیە تەنیا لەشانۆدا بوونی نییە، لەمێژوو بەدی ناکرێت، چونکە لەناو کارە مێژووییەکان تەنیا ڕووداوەکانی ڕوویانداوە دەیانبینین، بەڵام شانۆ بۆ بینەر و خوێنەرانی پرۆسەی پاکژبوونەوە دەخوڵقێنێت.



ترسمان لەلا دروووست دەکات کاتێك تەرمێك هەیە و دەسەڵات بڕیاری داوە، ئەو تەرمە نەنێژرێت، ئەنتیگۆنا دژایەتی ئەو بڕیارە دەکات، بەزەییشمان لەلا دروووست دەکات، کاتێك دەبینین ئۆدیب لەوە تێدەگات ئەوەی لەڕێگا کوشتی باوکی بوو.. ئەوەی لەگەڵی دەخەوت دایکی بوو.

بۆیە وەك سزایەك چاوەکانی خۆی هەڵدەکۆڵێت، وەرگرتنەوەی ڕوناکی لەخود، لەبنەڕەتدا خوڵقاندنی بەزەیی خوێنەران و بینەرانی شانۆنامەکەیە، وەك بەشێك لە چەمکی پاکژبوونەوە بنیات دەنرێت، ئەوەش هێندەی لە فەلسەفە نزیکی دەکاتەوە، بەهیچ جۆرێك دوورکەوتنەوە و بێهودەیی نییە، بەڵکو ستراتیژێکی فەلسەفی هونەری شانۆیە، بەهۆی ئەوەی بینەر لەگەڵ کارەکتەرەکان ڕێ دەکات، هەمان هەستی کارەکتەرەکانی هەیە لەناو ڕووداوەکان، لەساتی ئازارەکانیان ئازار دەخوات، لە بێدەنگییەکانیان دۆش دادەمێنێت کە چی بکات، لە شادییەکانیان ئومێدێکی بۆ دروووست دەبێت، سەرەنجام بینەر هەست ناکات ئەوە ڕووداوێکە کە ڕوویداوە، بەڵکو بە چیرۆکێك دەیبینێت کە خۆی لەگەڵ ئاراستەکانی ڕێگا دەبڕێت.

بەشێکی توێژەرانی بواری فەلسەفە ئەوە دەخەنە ڕوو، هەردوو چەمکی ترس و بەزەیی ئەو مانایانەیان نییە کە لەچەمکەکە خراونەتە ڕوو، لەوانە توێژەری ئەڵمانی ڤۆلڤانگ شیدڤاڵت لەترس و بەزەیی مەبەستی لە تۆقینە.

بەواتای ترس وەك حالەتێکی سرووشتی نییە، هێندەی پلەی تۆقینە لەکارێك، ئەگەرچی ئەو بۆچوونەی ئەویش کەوتۆتە

ژێر ڕەخنەوە، بەهۆی ئەوەی شیدڤاڵت نەیتوانیوە ڕوون وێنەکان بخاتە ڕوو لەنێوان ڕاستی چەمك و مەبەستی ئەرستۆیی. (٤)

ئەگەر ئەرستۆ بڕوای وایە تراژیدیا لاسایی کردنەوەیەکە لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە، نەوەك وەك مێژوو لەڕێگەی حیکایەتێکەوە بخرێتە ڕوو، ئەوا لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین لەنێوان حیکایەت و کارەکتەر، هەردووکیان چیرۆکێك دەخەنە ڕوو، بەڵام حیکایەت چیرۆکێکی مێژوویی ڕوویداوە، هیچ ئەگەرێك نەماوە جگە لەوەی وەك ڕووداوێك بۆمانی دەخوێنێتەوە، هەرچی گێڕانەوەیە لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوەیە، چوونی ئێمەیە بەناو ئەو ڕووداوە وەك ئەوەی بەشێك بێت لە ئێستا و ترسەکانیشی ترسی ئێمە بێت لەوەی کە دەشێت ڕوو بدات، وریاکردنەوەمان بێت وەك بەشێکی جیا نەکراوە لە زەمەنی ئێمەدا.

پێویستە ئەوەمان بیر نەچێت جەختکردنەوەی ئەرستۆ لەسەر تراژیدیا و قسەکردن لەو بارەیەوە زیاتر مەبەستی شانۆگەریەکانی سۆفۆکلیس و یۆریپیدسە، ئەو بەهیچ جۆرێك بەلای ئەسخیلۆس ناچێت، ڕەنگە ئەوەش ڕووبەرووی ئەو پرسیارەمان بکاتەوە: ئاخۆ شانۆگەریەکانی ئەسخیلۆس لەڕوانگەی ئەرستۆ شانۆنامەی تراژیدی نین؟ ئایا تەنیا شانۆنامەکانی سۆفۆکلیس و یۆریپیدس کاری تراژیدین؟

کاتێك باس لەتراژیدیا بکەین دەبێت لەوە تێبگەین ئەرستۆ بۆیە تەنیا ئەو دوانەی دەست نیشان کردووە، چونکە کاری ئەوانیتر شانۆنامەی تراژیدی نین؟ خۆ ئەگەر وابێت خەوشێکی گەورە دەبینین، چونکە فەیلەسوفێکی وەکو



نیتچە بڕوای وایە شانۆنامەکانی یۆریپیدس مەرگی تراژیدیایە، ئەوەیان دواتر بەدرێژی دەگەڕێینەوە سەری، بۆیە جارێ لەسەر دیدی ئەرستۆ دەمێنینەوە.

ئێمە کاتێك ڕووبەرووی ئەو ئیشکالیەتە دەبینەوە، تێبینی ئەوە دەکەین مەسەلەکە پەیوەندیی بەوە نییە کێ نوسەر و شاعیری تراژیدیە، بەڵکو بەلای ئەرستۆوە ئەو دوو نووسەرە لوتکەی ئەدەبی تراژیدین، ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایەی ئەدەبی گریکی لوتکەی ئەدەبی تراژیدین، جگە لە ئەرسیتۆفاینس و میناندەر، لەڕێگەی کۆمیدیاوە ویستویانە شانۆنامەکانیان بنووسنەوە، سەرباری ئەوەی دەبێت ئەو پرسیارەش بکەین: ئاخۆ شانۆگەریەکانی تایۆکریت تراژیدیی نەبوون؟

کاتێك تەواوی توێژەرانی ئەو بوارە وەکو ئەرستۆ، تایۆکریت فەرامۆش دەکەن، ئاخۆ هۆیەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ هەر لەبەر ئەوەی کارەکانی لەڕێگەی پانتۆمایمەوە ئەنجام داوە؟ ئەو دەمە دەبێت پرسیارێکیتر بکەین: ئاخۆ ئیشکردنەوەی تایۆکریت لەسەر تراژیدیای گریکی لەڕێگەی وێنەی نیشاندراو، بەرجەستەکردنی وێنە ئەفسانەییەکانی کولتووری گریکی لەدەرەوەی تراژیدیان؟

ئاخۆ ئەوەی نەچووە سەر یاسا درامیەکانی ئەرستۆیی.. مانای وایە پەیوەندیی بە تراژیدیاوە نییە؟ ئەوە ڕەخنە نییە لە ئەرستۆ، بەڵکو پرسیارە ڕووبەرووی توێژینەوە فەلسەفی و شانۆییەکان دەکرێتەوە، کاتێك تایۆکریت خراوەتە دەرەوەی بابەتی تراژیدیەوە، هەر لەبەر ئەوەی کارەکانی لەڕێگەی جەستەوە خستۆتە ڕوو؟

ئەو فەرامۆشکردنە ڕوانینێکی ئەرستۆییە، وەك چۆن ئەسخیلۆسیش فەرامۆش دەکات، هەر بۆیە کاتێك

شانۆنامەکانی ئەسخیلۆس فەرامۆش دەکرێن، دەشێت لە شوێنێکدا ئەوە بە خەوشی ئەرستۆ ناو ببرێت، چونکە ئەمڕۆ کتێبەکەی زۆربەی جار دەخەنە بەر ڕەخنەوە، تا ڕادەی ئەوەی هەندێك ڕەخنەگر ئاماژەی بۆ دەکەن وەك دراوێك کە لە بازاڕ ناڕوات، کە مەبەستیان ئەوەیە نرخ و بەهای کتێبەکەی بۆ سەردەم و ڕۆژگاری خۆی بووە، ئەگەرچی هەموو ئەوانە بەهەندیش وەربگیرێن، سەرەنجام ناتوانین ئەو کتێبە بەهەند وەرنەگرین، چونکە بۆتە زەمینەی قسەکردنەوەیەکیتری پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆ، هەر نەبێت ئەو ناڕۆشنییەی ئەفلاتون خستیە ڕوو، لەڕێگەی بێبەهاکردن و بە کەم سەیرکردنی شانۆ، ئەرستۆ لەو کتێبەیدا گرنگیەکەی خستۆتە ڕوو.

## ئەفسانە و تراژیدیا

شانۆی کلاسیکی لەڕێگەی چیرۆکە ئەفسانەییەکانەوە چەندین کارەکتەری جیاوازی گەڕاندۆتەوە ناو ژیان، کە بنە ڕووبەرێك بۆ قسەکردنی فەلسەفە لەبارەی ژیان و ئاستەکانی زیندەگی کارەکتەر، وەك چۆن بەردەوام دەرهێنەران ویستویانە ئەو تێکستە شانۆییانە بە شێوازی جیاواز دەربهێنن، نووسەرانیش لەڕێگەی ئەو کارەکتەرانەوە لەهەوڵی نووسینەوەی سەر لەنوێی ڕووداوەکان بوونە، هەر یەکە لەو کارەکتەرانە لەناو تێکستەکانەوە پرسیار ودیدی جیاوازی دنیابینی مرۆڤ و کۆمەڵگایان خستۆتە ڕوو، ئەوە



توانای نوسەرانی وەکو ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆرپیدسە لەناو ئەفسانەوە تراژیدیاکانی بنیاتناوە.
هەڵبەت بە بڕوای ئەرستۆ شانۆگەری ئۆدیپۆس تەواوی بنەماکانی تراژیدیای گرتۆتە خۆی، بنەماکانیشی پۆلین کردۆتە سەر شەش بەش، ئەوانیش "گرێ چنی درامی، ئاکار، ئاخاوتن، بینراوی شانۆیی، سروود، فیکر"
ئەگەرچی هەندێك لەو بەشانە کە پۆلینی کردوون، تەنیا وەك پرۆسەیەکی ناونانی تیۆریی ئاماژەی بۆ کردوون، دەنا لە پراکتیکدا نەگەڕاوەتە سەریان، بۆ نموونە ئەمڕۆ کە گومان لە بەشێکی تێڕوانینەکانی دەکرێت، ئەوەیە ئاخۆ سروود لەکوێی تێگەیشتنی تراژیدیی ئەرستۆیی شوێنی دەبێتەوە؟ سروود لە ئۆدیپۆس چییە؟ ئاخۆ بریتییە لەوەی کۆڕس بەرجەستەی دەکات؟ پێم وایە هەر ئەو وێنەیەی هەیە.
ئەگەر کردەی ئەخلاقی خوڵقێنەری تراژیدیا و مەرگ بێت.. دەبێت بەهای فیکر لە چ ئاستێکدا بێت؟ فیکر پەیوەندیی ئۆدیپە بە ڕوانینەوە؟ یاخود فیکر پەیوەستە بە دنیابینی سۆفۆکلیسی نووسەرەوە؟
هەر کاتێ ڕووبەرووی ئەو جۆرە پرسیارانە بووینەوە، ئەوسا ئەو پاشگەزبوونەوەیەی ئەرستۆش بەدی دەکەین، تەنیا وەك ناونان پۆلینکاریەکەی ئەنجام داوە، دەنا خۆشی کاری پێ نەکردوون.
ئەوە سەرباری ئەوەی شانۆنامەی ئۆدیپۆس بۆ ئەرستۆ بریتی نییە لەکۆی تێکستەکە و ڕووداوەکانی، بەقەد ئەوەی وەرگرتنی ئۆدیپە وەك پاڵەوان، بەمانای جۆکاستا و ئەنتیگۆنا و کریۆن و تریسیاس و ئەوانیتر کێشەی ئەرستۆ نین، چونکە ئەو تەنیا

لەسەر ئۆدیب دەوەستێت، وەك پاڵەوانێكی تراژیدیی، لێرەوە بەشێكی وەڵامی پرسیارەكانمان بۆ دەردەكەوێت، چونكە كاتێك ئەو لەسەر كۆی ڕووداو و كارەكتەر ئیش نەكات، تەنیا پاڵەوان وەربگرێت، ئیدی لەكوێ وەڵامی پرسیارەكەمان دەست بكەوێت.. بەوەی بەهای فیكر لە چ ئاستێكدا بێت، یان قسەكردن لە دنیابینی سۆفۆكلیس لەناو شانۆنامەكەیدا.

بۆیە كێشەكە پەیوەستە بە میكانیزمی قسەكردن، نەوەكو فەرامۆشكردن بێت، تا ئاستی ئەوەی پۆلینكاریەكانیشی وەكو ناونان دەمێنێتەوە، چونكە ناكرێ تەواوی پۆلینكاریەكانی بەدەوری پاڵەوان بسوورێتەوە و پاڵەوانیش لەناوكۆیی تێكست بكرێتە دەرەوە.

دەركردن لەناوكۆیی تێكست بەواتای نەتوانینی قەدەری پاڵەوانە، كاتێك وەك كێشەیەكی ئەخلاقی خۆی تووشی كوێری دەكات و چاوەكانی خۆی دەردەكات، لەو ساتەدا لەناو تێكست ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: ئاخۆ كریۆن گوناهبارە بەوەی تاوان ئاشكرا دەكات و ئۆدیب ڕووبەڕووی قەدەری كوێریی دەكاتەوە؟ هەڵبەت ئەوە بەپێی تێكستەكەی سۆفۆكلیس، چونكە كاوفمان باس لەوە دەكات جگە لەو نووسەرە دوانزە شاعیری تر ژیانی ئۆدیبیان وەك شانۆ نووسیوەتەوە، لەوانە "یۆرپیدس و ئەسخیلۆس و كۆرنی و ڤۆڵتێر و ژۆن درایدن و ناتانیل لی و هیگۆفۆن هۆڤمنتال" بۆیە ئەگەر لەلای سۆفۆكلیس ئۆدیب چاوەكانی خۆی هەڵدەكۆڵێت، بەڵام لە تێكستەكەی یۆرپیدس كوێربوونی ئۆدیب لەڕێگەی لایۆسی خزمەتكارەوەیە.



ئێمە ئەو دەمەی بمانەوێت ئەو جۆرە پرسیارە بكەین، ئەوە لەخۆمان ناكەینە دەرەوە، بۆ وەڵام بە پرسیاری لەم چەشنە پێویستە ئۆدیب بێنینەوە ناو تێكستەوە، نەوەكو وەك پاڵەوانێك لەدەرەوەی تێكست سەیری بكەین، وەك ئەوەی ئەو بتوانێ هەموو شتەكان بەتەنیا لەخۆی دەربكەوێت.

گەڕانەوەی ئۆدیب بۆ ناو تێكست.. نووسینەوەی سەر لەنوێی تراژیدیایە لەناو ئەفسانەدا، چونكە چ سۆفۆكلیس و چ ئەوانیتر سەرچاوەی نووسینە تراژیدیەكانیان سەرەنجام لە ئەفسانەوە وەرگرتووە، بۆیە ئەوە پەیوەندیی نێوان ئەفسانە و تراژیدیایە كە ڕووبەڕێكی فەلسەفی بە شانۆی كلاسیكی دەبەخشێت، كە گفتوگۆی جیاوازی فەیلەسووفانی لەبارەوە بێتە كایەوە، گفتوگۆیەك لەئاستی چەمكێك ناوەستێت بەقەد ئەوەی پرسیار لەبارەی ستراتیژیی پەیوەندیی نێوان شانۆ و فەلسەفە دێنێتە كایەوە، ئەوە ئەگەر ئەرستۆ پێچەوانەی ئەفلاتونی مامۆستای ڕوانینەكانی لەبارەی ئەو پەیوەندییە بخاتە ڕوو، مانای وا نییە ڕوانینە فەلسەفییەكانی ئەرستۆ بێ خەوشن، كە پێشتریش لەو بارەیەوە كەمبوونەوەی بایەخەكەیمان خستە ڕوو، چونكە هەندێك لە تێڕوانینەكانی ئەو گرنگییەیان بۆ ئێستای شانۆ لەدەستداوە، ئەوە لەدەرەوەی ڕەخنەی فەلسەفە خۆی لە ئەرستۆ، لەو بارەیە جگە لە شانۆكاران فەیلەسوفەكانیش زۆرجار خوێندنەوەی ڕەخنەیی جیاواز بۆ ئەرستۆ دەخەنە ڕوو، بۆیە لێرەدا ئاماژە بۆ ڕەخنەی هیگل دەكەین، كە ئاراستەی ئەرستۆی دەكات، هەرچەندە ڕەخنەی هیگل لەڕوانگەی كارەكتەری ئەنتیگۆنایە، لەكاتێكدا ئەرستۆ زیاتر جەختی لەسەر كارەكتەری ئۆدیب

دەکردەوە، لێرەوە فەلسەفە ململانێ لەنێوان ئۆدیب و ئەنتیگۆنا دەخاتە ڕوو.

## چارەسەری هیگل وەك گرێی ئەلیکترا

هیگل ڕەخنە ئاراستەی ئەرستۆ دەکات و لەهەمان کاتدا گرنگی ئەویش فەرامۆش ناکات، بۆیە "هیگل دان بە دەسەڵاتی ئەرستۆدا دەنێت لە تێگەیشتنی بۆ پاکژبوونەوە، بەڵام جەخت لەوەش دەکات گرنگ لە کاری هونەری بڕوات بەرەو عەقڵ و ڕۆح" (٥)

لێرەدا عەقڵ و ڕۆح بەواتای پرۆسەی بیرکردنەوە و هەستی ڕۆحانییەت، تاوەکو ئێمە لە هونەرێکەوە بدوێین چەندە لەگەڵ ڕۆحمان دەکەوێتە زمان، لەهەمان کاتدا هونەرێکی عەقڵانی بێت، عەقڵانی بوونیش لەکاری شانۆییدا بەواتای تەسلیمی زەمەنی غەیبیانی ونادیاری نەکەین، بەڵکو ڕووبەرووی پرسیار و گومانی بکەینەوە، هەڵبەت ئەوەیان لە هونەری شیعریی ئەرستۆ بوونی نییە.

ڕەخنەی هیگلی لەسەر ئەو بنەمایە ئەرستۆ ڕووبەرووی ڕەخنە دەکاتەوە، چونکە ترس و بەزەیی وەك دوو چەمکی شانۆی گریکی کاری لەسەر دەکرد و جێگەی بایەخی ئەرستۆیە، بەڵام بە بڕوای هیگل ئەو دوانە نابێت هەستەکان چڕ بکەنەوە، چونکە سەرەنجام دەبێت ئەو ترسە بەگومان بگۆڕین تاوەکو بمانگەیەنێتە سەر پرسیارەکان، بەزەییش چەندە شانۆی کلاسیکی وەك بنەمایەك بۆ چەمکی پاکژبوونەوە لەگەڵ بینەر دەیکاتە یەکەیەکی هارمۆنی



کردەی وەرگرتن، بەڵام وەرگر لەبڕی بەزەیی هاتەوە بە کارەکتەرە کلاسیکیەکان، پێویستی بە خوڵقاندنەوەی پەیوەندیەکی ڕۆحی هەیە لەگەڵ کارەکتەر.

لێرەدا ڕووبەرووی خوێندنەوەی هیگلی دەبینەوە بۆ خوێندنەوەی تراژیدیای یۆنانی، کە ئاخۆ لەچ گۆشەنیگایەکەوە دەڕوانێتە ژیاری یۆنانی و دەیەوێت بیکاتە ئەو دەروازەیەی کە تیایدا بڕواتە ژوورەوە؟

کاتێك پرسیارێکی لەم چەشنەمان لەخۆمان کرد.. ئەو دەمە خەیاڵمان دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی "فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح" چونکە هیگل لەو کتێبەدا گەڕاوەتەوە سەر شانۆگەری ئەنتیگۆنا، لێرەدا ئاین وەك دوو وێنە لەناو ئەو ژیارە دەخاتە ڕوو، ئەوانیش هونەر و سرووشتە.

دەتوانین جیاکاری تێگەیشتنی هیگڵ و ئەرستۆ ناو بەرین بە جیاوازی تێگەیشتن، ئەگەر لەلای ئەرستۆ پاڵەوانی تراژیدیی ئۆدیب بێت، بەوەی بەدوای گەڕانەوە تاوانە بەدوا یەکەکان ئەنجام بدات، خۆی کوێر بکات، بەڵام ئەو ڕوانینە هیگلیە بۆ تراژیدیا، ڕووبەروو بوونەوەیەکی بە ئاگایانەی ئەنتیگۆنایە، بە ناشتنی تەرمێك هەڵدەستێت، بۆ ئەوەی بە ئاگاییەوە بچێتە ناو هەڕەشەی مەرگەوە، ئەنتیگۆنا کارەکتەرێکە یاخی دەبێت، ئەو یاخی بوونەی لوتکەی وەستانەوەیە بەرامبەر بە دەسەڵات، ئەو ململانێیە دەبێتە ڕەخنەگرتن لەناو تێکست، لەنێوان ئەرستۆ و هیگل، بەوەی ناوی ببەین بە ململانێی ئۆدیب و ئەنتیگۆنا.

بەو پێیەی ئەوان باوك و کچێکن، لەناو تراژیدیا یۆنانییەکان درێژ دەبنەوە، بەتایبەت لەلای سۆفۆکلیس

دەتوانین وەك سیانەیەك سەیری بکەین لە "ئۆدیب، ئۆدیب لە کۆلۆن، ئەنتیگۆنا" ئەوە مانای وایە چیرۆکی ئەوینی باوك و کچ چیرۆکی ململانێی فەلسەفی و پرسیارە لەبارەی یاخی بوون و پاڵەوان، ئەو هۆگربوونە فرۆید لە کارەکتەری ئەلیکترا دەیخاتە ڕوو، بە هاودژی ئۆدیب سەیری دەکات، بۆیە ئەگەر لە دەروونشیکاری لەکارەکتەری ئۆدیب بگات بە گرێی ئۆدیب و چەمکێکی فەلسەفی لێ بخوڵقێنێت، ئەوا لە کارەکتەری ئەلیکتراش چەمکی هاودژ بەناوی گرێی ئەلیکترا بنیات دەنێت.

بۆیە لەخوێندنەوەمان بۆ ڕەخنەی هیگلی لە ئەڕستۆ، دەتوانین بە چارەسەری گرێی ئەلیکترایی ناوی بەرین، بەهۆی ئەوەی ململانێ ڕەخنەییەکان لەنێوان ئۆدیب و ئەنتیگۆنا خراونەتە ڕوو. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ هیگل هونەر وەك حەقیقەت دەبینێت؟ ئاخۆ وەکو حەقیقەتی ئاینی و فەلسەفی سەیریان دەکات؟ ئاخۆ کاری هونەری وەك ئاین و سیاسەت نوێنەرایەتی ڕۆح دەکەن؟ لەو کاتەی ڕووبەرووی ئەو جۆرە پرسیارە دەبینەوە تێز و ڕوانینەکانی دەکەوێتەوە خەیاڵمان، چونکە جەختکردنەوەی هیگڵ لەسەر حەقیقەتی ئەوەی کە ناکرێت کاری هونەری وەك ئامادەبوونێکی واقعی ببینین، ئامادەبوونێك وەك ئەوەی تەواوی ژیان بێت، وەك چۆن سوور بوو لەسەر ئەوەش هونەر نابێت وێنەی کامل وسەراپاگیری بۆ جوانی وەربگرێت.

هەر ئەوەش سەرەنجام گەیاندی بە تێزی مەرگی هونەر، چونکە تیشك دەخاتە سەر ئەو باسەی هونەر لەسەردەمی تازەگەریدا ناتوانێت گوزارشت لە حەقیقەت بکات، ئەوەی



بەکاری هونەری دەکرا ئەوە لەسەردەمی کلاسیك و تراژیدیاکان بوو.

چەمکی هونەر لە ڕەخنەی هیگلی وەك شانۆ دێینە ناو باسەکەمان، چونکە هونەر (شانۆ) بۆ ئەو بەواتای پرۆسەیەکی عەقلانی و تێڕامانی بیرکردنەوە، هەر وەك فەلسەفە و ئاین کە دەچنە ناو هەمان پرۆسەوە.

ئەگەر کردەی تراژیدیی و دۆخی کۆمەڵایەتی پێکهاتی سەردەمی پاڵەوان بووبێت، وەك ئەڕستۆ لە ئۆدیب چڕی دەکاتەوە، ئەوا لەلای هیگڵ ئەو پاڵەوانە تووشی ئاستەنگ ولاوازی دێت، بەهۆی ئەوەی هێزی ڕەمزی شوێنی هێزی پاڵەوان دەگرێتەوە.

ئەوەش وێناکردنە بۆ ڕێساکانی ململانێ، بە پشت بەستن بە شانۆگەری ئەنتیگۆنا، هەڵبەت ئەویش وەك ئەڕستۆ متمانە دەکاتە سەر تێکستی سۆفۆکلیس، بەڵام تێکستێکی تری سۆفۆکلیسی هەڵبژاردووە، بەواتایەکیتر تەواوکاری سەفەری تاوانی ئۆدیب و کوێر بوون و ئۆدیب لە کۆلۆن، بەجێ دێلێت و دەچێتە سەر ئەنتیگۆنای کچی ئۆدیب، بەهۆی ئەوەی شانۆگەری ئەنتیگۆنا بۆ هیگل، وەك لوتکەی ئەدەبی تراژیدیی دەبینرێت، تراژیدیایەك تێکستەکانی تر بەم شێوەیە خۆیانی بۆ نیشان نادەن.

لەگەڵ دەستپێك ئەنتیگۆنا وئیسمێنەی خوشکی باس لەتراژیدیای کوشتنی براکانیان دەکەن، یەکتریان کوشتووەو ئەوانیان تەنیا کردووە، تەنیایی ئەنتیگۆنا تەسلیمبوون نییە بە بێدەسەڵاتی، چونکە دوای ئەوەی کریۆن بڕیار دەدات، یەك لەکوڕەکانی ئۆدیب بەڕێزەوە بنێژرێت و

ئەویتریشیان سوکایەتی پێ بکرێت، کەس بۆی نییە نە بینێژێت، نەبۆی بگرییێت، کەچی لەو کاتەدا ئەنتیگۆنا بە ئیسمێنەی خوشکی دەڵێت، کە هاوکاری بکات بۆ ناشتنی تەرمی براکەیان، بۆ ئەنتیگۆنا بڕیاری کریۆن هیچ مانایەکی نییە، مانا نەبوون وای کردووە هیگڵ بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت، چونکە ئەو پەیوەندییە ئەخلاقی و ڕۆحییە پڕۆسەی پتەو بوونی خۆشەویستی نێوان خانەوادەیەکە، زەبروزەنگی دەسەڵات ناتوانێت مل بە ئەنیتگۆنا کەچ بکات.

ئێمە پێشتر ڕەخنەی ئەوەمان بە پرسیار ئاراستەی ئەڕستۆ کرد، بۆچی تەنیا ئۆدیب وەردەگرێت، دایدەبڕێت لە کارەکتەرەکانیتر و تێکست لە پەیوەندیە ناو کۆییەکانیدا نامێنێتەوە؟

لێرەدا هیگل بەتەواوی تاك پاڵەوانی تێکدەشکێنێت، وەك ئەو ئەنتیگۆنا وەك تاکە پاڵەوان سەیر ناکات، بەڵکو کارەکتەری تریش لەپاڵ ئەنتیگۆنا بە پاڵەوانی شانۆگەریەکە ناو دەبات، بۆ ئەو کریۆن پەراوێزکراو نییە، کە هێمای دەسەڵاتی تۆقێنەرە، لەهەمان کاتدا وەك ئەنتیگۆنا نوێنەرایەتی پاڵەوان دەکات، بەواتای پاڵەوان سەر بە یەك ئایدیا و ئەخلاق و بیرکردنەوە نییە، هێندەی هەڵگری کۆمەڵێك سیفاتی ئەخلاقی و ڕەمزیی تایبەت بەخۆیەتی، وەك یەکێکیتر دەتوانێ بە پاڵەوان خۆی بە ئێمە بناسێنێت، ئەوە پاڵەوان بوونە لەشوێنی دەسەڵات وا لە کریۆن دەکات لەوەی ئەو تەرمە نەنێژرێت، وەك چۆن ئەوەش دیسان



وێنەی پاڵەوانێکیترە وا لە ئەنتیگۆنا دەکات دژی ئەو بڕیارە بێت و تەرمی براکەی بنێژێت.

بۆیە ڕەخنەی هیگڵ لە ئەڕستۆ، دەربازکردنی چەمکی پاڵەوانە لە تێگەیشتنێکی ڕابردووخوازانە بۆ پاڵەوان.. لە تاکگەرێتیەوە بەرەو فرە پاڵەوانی، ئەوەش لەناو تێکستیتر و لەتێگەیشتنی فراوانترەوە کە پەیوەستە بە فرە تەئویلی بۆ ناو تێکست و چڕ نەکردنەوەی لەناو بیرۆکەی تایبەتمەند.

ئەنتیگۆنا لەهەوڵی هیگڵی پەیوەستە بە ڕێزگرتن لەڕێسای ئاسمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خانەوادەکەی، بەهۆی ئەوەی تەرمی براکەی دەنێژێت، نەریتی ئاینی و ڕێزگرتن و شکۆ بۆ خانەوادەکەی لەو ڕێگەیەوە بەرجەستە دەکات.

ئەوە بۆخۆی ئەو خۆشەویستییە کە لە تێکستەکانی تری سۆفۆکلیس بۆ ئۆدیبی باوك بەرجەستەی کردووە، هەر لێرەشەوە گرنگی پەیوەندیی ئەو سێ تێکستە وەك سیانەی سۆفۆکلیسی گرنگی و بەهای خۆی دەبینرێت، کە سەر بە یەك سیستم و پەیوەندین، هەڵبەت ئەوە بەدوای تێکستی ئەنتیگۆنا لەگرنگی هەردوو تێکستی ئۆدیب و ئۆدیب لە کۆلۆن لەو نهێنییە زمانەوانی ودەلالی و سیستمی گوتاری کۆمەڵناسیانەی ئەو پەیوەندییە تێدەگەین.

## لێبوردەیی و کوشتنی دایك

زۆربەی توێژەرانی شانۆ لەسەر ئەوە کۆکن ئەسخیلۆس لەناو پڕۆسەی نووسینی شانۆنامەکانیدا وەك گەشبینکارێکی

تراژیدیی نووس دەردەکەوێت.. پێوانە بەوانەیتر، کاوفمان لە کتێبە گرنگەکەیدا بەناوی "تراژیدیا و فەلسەفە" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، سیانەی ئۆریستییا دیدی فەلسەفی تراژیدیای ئەسخیلۆس دەخاتە ڕوو، ئەو ڕوانینە ڕەنگە بتوانێت لەناو تێکستەوە دیدی فەلسەفی شانۆنامەکانی ئەو نووسەرەمان بۆ بخاتە ڕوو، چونکە سەرەنجام گرنگی ئەسخیلۆس و فەلسەفەی شانۆنامەکانی لەناو تێکستەکاندا بەرجەستە ببێت، ئەگەرچی ئەوە بەو مانایە نییە کە ئاماژە بە تێکستەکانیتری نەکرێت، بەڵام پێویست دەکات ئەوەشمان بیر نەچێت.. شەڕی یۆنانییەکان و فارسەکان ڕووبەری سەرەکی ناو دنیابینی شانۆنامەکانی داگیر کردووە، ئەوەش پەیوەندیی بە ساتەوەختی شەڕەوە هەیە، لەلایەك برایەکی بەهۆی ئەو شەڕەوە لەدەست دەدات و لەلایەکیتریش خۆی دوو جار بەشداری ئەو شەڕانەی کردووە.

بەهۆی ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە پەیوەست نییە بە کارکردن لەسەر پەیوەندیی نێوان نووسەر و تێکست، بۆیە واز لەو پەیوەندییە دێنین، کە بونیادەکانی دەرەوەی نووسین تاچەند هۆکاری پشت پرۆسەی نووسینن.

نووسینی شانۆنامە وەك ساتەوەختی پرۆسەی لەدایکبوونی تێکست سەیری دەکەین، ئەو دیدە بونیادگەریە بۆ نووسین، ڕەنگە پەیوەندیی بەکۆی توێژینەوەکەی ئێمەوە هەبێت، چونکە لەبنەڕەتدا مەبەستمان قسەکردنە لەسەر ئەو پەیوەندییەی کەوتۆتە نێوان فەلسەفە و شانۆ، کە سەرەنجام فەلسەفەی شانۆی لێ لەدایك بووە. بە بڕوای کاوفمان ئەسخیلۆس کۆتایی بە تراژیدیای گریکی دێنێت،



ئەگەرچی بەشێکی دیاری توێژەرانی شانۆ بۆچوونیان وایە کۆتایی هاتنی تراژیدیا لەگەڵ یۆرپیدس دەردەکەوێت. کاوفمان باس لەچەمکی لێبووردەیی دەکات لەشانۆنامەی ئێومێنیدەکانی ئەسخیلۆسدا، کە چەمکێکە لەگەڵ تراژیدیا نایەتەوەو ناگونجێت، تاڕادەی ئەوەی دەنووسێت "ئەگەر شانۆگەری ئێومێنیدەکان لەم سەردەمەمان دابنرایە بە تراژیدیا نەدەناسرا، هەروەها ئەسخیلۆس بەمانا نوێیەکەی ووشەکە زۆر تراژیدیای نەنووسیوە" (٦)

## کوژرانی تراژیدیای شانۆ بەدەستی ژنەکانەوە

ئەگەر تراژیدیا ڕووی ڕاستەقینەی فەلسەفەی شانۆ بێت، جێی خۆیەتی بپرسین: شوێنگەی ژن لەو تراژیدیایە دەکەوێتە کوێ؟ ئەو پرسیارە دەمانباتەوە سەر کۆی ئەو تێکستانەی بەدرێژایی ئەو نووسینە لەسەری وەستاوین، بەواتای ڕاستەوخۆ جۆکاستا و ئەنتیگۆنا و ئەلیکترا و ئەڤگینیا و تەواوی ژنەکانیترمان بیر دێنێتەوە، ئەوە وا دەکات لەسەر دیدی فەیلەسوفەکان لەو تەوەرە چڕ نەبینەوە، هێندەی دیدێکی شانۆیی بەو تەوەرە ببەخشین، ئەگەر ئەنتیگۆنا کارەکتەرێك بێت لەنێوان توێژینەوەی فەلسەفی فەیلەسووفێك.. لەهەمان کاتدا وەك کارەکتەری شانۆنامەیەك، ئەوا ئەو کارەکتەرە تاکە ژنی ناو تراژیدیا نییە، کە ڕووبەری فەلسەفەی شانۆی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵکو ژنانێك لە شانۆی کلاسیکی توانای ئەوەیان هەیە خەسڵەتە فەلسەفییەکان بە شانۆ ببەخشن.

ژن له تراژیدیادا زۆربەی کات وێنەی مرۆڤێکی قوربانی دەستی پیاوەکانە، یاخود لەجەنگدا دیل دەکرێن وهیوای مردن دەخوازن، نەوەك ژیانی دیلیەتی، مێژووی ستەمی نێرینە بەسەر ئەودا پیادە دەکرێت، یاخود وەك ئامێرێك سەیر دەکرێت، لەڕوویەك دەبێتە ڕووبەری غەریزەی پیاوەکان و لەڕوویەکیتردا وەك ڕێگە چارەیەك وەردەگیرێت لەڕێی خەڵەتاندنییەوە، سەرەنجام ئەوە بۆتە هۆی بێزار بوونی ژنەکان لەناو تراژیدیا، یاخود ژنەکان بەدوای تراژیدیا گریکیەکانەوە وێنەی تر بەخۆیان دەبەخشن، ئەوە بە ئاگاهاتنەوەیە لەناو تراژیدیادا.

ئەوە وای کردووە لەسەر شانۆ تراژیدیای ژن.. تراژیدیایەکی بەرجەستەکراوی واقیع بێت، بەهۆی ئەوەی ئاسانتر بتوانێ گوزارشت لەخەمە مرۆییەکانی خۆی بکات، تەنانەت لەدایکبوونی بیرۆکەی یاخی بوونی ژن و ئەوەی ئەمڕۆ بە شانۆی فێمێنیستی دەیناسین، هەر زادەی ئەو دۆخە تراژیدییەی ژنە، بەڵام ژنەکان دواتر دەبنە هۆکاری گۆڕانی تراژیدیا، ئەوەش لەڕێگەی تێکستەکانی یۆرپیدسەوە، بەواتای ئەلیکترا و ئەڤگینیا و میدیا، ئەو سێ ژنەن دەتوانین وەك بکوژی تراژیدیای شانۆی کلاسیکی سەیریان بکەین.

ڕەنگە لەئێستادا زوو بێت بچینە سەر ئەو باسەوە، بەڵام جارێ تەنیا ئەوە دەخەینە ڕوو، بەهۆی کاریگەری فەلسەفەی سوکرات بەسەر یۆرپیدس، دیدی عەقڵانییەتی فەلسەفی وادەکات دنیابینی فەلسەفی ئەو فەیلەسووفە کارەکتەری شانۆنامەکانی بجولێنێت، ئەوەش ژنەکان تەنیا وەك بانگەشە لەڕووی پاڵەوان دەهێڵێتەوە، دەنا چەندین سیفاتی



شەڕانگێزی وخراپەکاریان پێ دەدات، سەرباری ئەوەی دەبنە هۆکار بۆ لاوازکردنی تراژیدیا و لەدەست دانی وێنەی تراژیدیای شانۆیی، وێنەیەك ئەنتیگۆنا دەبێتە لوتکەی یاخی بوونی ژن لەناو تراژیدیا، بەڵام ژنانی یۆرپیدس کارەکتەرگەلێکن ڕەهەند و بیرکردنەوە و ئاسۆکانی بیرکردنەوەیان دەست نیشان کراوە و بەپێی ئەو دیدگا فەلسەفییەوە ڕەفتار دەکەن. ئەوەش ڕووبەڕوو بوونەوەمانە لەگەڵ ئەو پرسیارە، لەبەردەم تێکستە شانۆییەکانی یۆرپیدس: ئەوەی هەیە تراژیدیای ژنە؟ یاخود بوونی ژنە لەناو تراژیدیا؟ پەیوەندیی ژن و تراژیدیا پەیوەندیی ڕەگەزێکی مرۆییە بە تێکستە تراژیدیەکانەوە؟ یاخود ئەوە تراژیدیای ژنەکانە ئاراستەی تێکستەکان دەست نیشان دەکات؟ پەیوەندی تراژیدیا بە ژنەوە پەیوەندی ئاستی بیرکردنەوەی ژنە بە بیرکردنەوەی فەلسەفییەوە یاخود ئەوە فەرامۆشکردنی ژن و دەرکردنییەتی لەناو بیرکردنەوەوە؟

پەیوەندیی نێوان ژن و تراژیدیا.. پەیوەندیی نێوان شانۆ و مەرگە، ژنەکان لەڕێگەی ئەو تراژیدیایەوە کۆتایی بە تراژیدیا دێنن، ڕەنگە ئەوە هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی یۆرپیدس زۆربەی کات دووربخرێتەوە لەتراژیدیای گریکی، زۆربەی توێژەر و شانۆناسانی گریکی ئەمڕۆ باس لەو ڕاستییە دەکەن کە هەمیشە لەشانۆی گریکیدا ڕۆڵی ئەو نوسەرە و گرنگی لە شانۆی گریکی وەك ئەوانیتر نەخراوەتە ڕوو.

گرفتەکە لەڕۆڵی ئەو نییە، بەڵکو لەو هۆکارەیە کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی تراژیدیا، ئەوەش پەیوەستە بەوەڵامی ئەو پرسیارەی تراژیدیای ژنەکانی یۆرپیدس چۆن کۆتایی بە

تراژیدیای شانۆ دێنن؟ ئەو پرسیارەش ڕووبەرووی ئەو کۆمەڵە پرسیارەی پێشوومان دەکاتەوە، چونکە بە بڕوای کاوفمان ئەو ئەفسانەیەی باس لە مەرگی تراژیدیا دەکات لەسەر دەستی یۆرپیدس، بە ڕوویەکی نزیکی حەقیقەت سەیری دەکات.

لەو تێگەیشتنەوە تێدەگەین کاوفمانیش بڕوای بە بۆچوونە فەلسەفییەکانی نیتچەیە، دواتر تێزەکەی نیتچە وامان لێدەکات جارێکیتر بگەڕێینەوە سەر یۆرپیدس، حەقیقەت بریتییە لەوەی ژنەکانی یۆرپیدس کۆتایی بە تراژیدیا دێنن؟ یاخود کۆتایی هاتنە بە تراژیدیای ژنەکان؟ دەشێت ئەوەیان وەك گریمانەیەکی تراژیدیی بەرەو بیرکردنەوەی ترمان بەرێت، کە پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆ بباتە ئاقار و بیرکردنەوەیترەوە، چونکە ئەگەر ئەلیکترا و میدیا و ئەفگینیا کۆتاییان بە تراژیدیای ژنبوون لە شانۆدا هێنا، ئەوا دەکرێت وەك کۆتاییەك بۆ تراژیدیای شانۆی گریکی سەیری بکەین، نەوەکو وەکو کۆتایی تراژیدیی ببینین، چونکە دواتر ئێمە لەلای شکسپیر ڕووبەرووی لیدی ماکبێس و ژۆلێت و دەزدەمونە دەبینەوە، کە وێنەیەکیتری تری تراژیدیای ژنە لە شانۆدا، ڕەنگە گەڕانەوە بۆ ناو دنیابینی شانۆییەکانی شکسپیر بۆ خۆی دەرخەری ئەو حەقیقەتە بێت، ئەوەی لەلای شکسپیر سەرهەڵدەداتەوە، دڵنیابوونە لەوەی ئەوەی کۆتایی هات بە یۆرپیدس.. تراژیدیای گریکی بوو، یۆرپیدس ئەو وێنە تراژیدیە گریکیەی هێنا نزمە ئاست و تەسلیمی عەقڵانییەتی سوکراتی کرد.



لە ئاراستەیەکیتریشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بوونی نوسەرانی وەکو شکسپیر و دواتر چەندین نوسەری هاوچەرخ پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆ دەبەنە دۆخێکیترەوە، شانۆی کلاسیکی گەر توانی ئاراستەی فەلسەفەی شانۆ بدۆزێتەوە، ئەوا ئەو زەمینەیە توانای ئەوەشی هەیە ببێتە لەدایکبوونی شانۆی فەلسەفی، با ئەوەمان لەبیر بێت، ئەو زەمینە کلاسیکیە خاڵی نییە لە گرنگی پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆ.

یۆرپیدس ئەو نووسەرەیە ئومێد نابەخشێت، ئەو نووسەری نائومێدیە.. تاریککردنەوەی زیاتری ناو تراژیدیایە، گەڕانی مرۆڤە لەناو پنتێکی تاریکدا، ئومێدێك نامێنێت ئەوەی هەیە ئەو دنیابینی ئەو فەلسەفە بێماناییەی ژیانە.. ئێمە لەگەڵ یۆرپیدس هەست بەو بێبەها بوونەی خودی بوون خۆی دەکەین، ئەوەش شتێك نەبێت ڕاستەوخۆ لەشانۆنامەکانیدا دەربکەوێت، بەڵکو لەپلەی بەرزبوونەوەی نووسیندا سەردەکەوێت، ئەو ڕاستەوخۆ نەهاتۆتە ناو تاریکیەکەوە، بەڵکو لەگەڵ ڕامان و قووڵبونەوە لەناو کارەکتەرەکان دەڕواتە قوڵایی، ئەوەش پڕۆسەی بیرکردنەوەی فەلسەفییە لەناو شانۆی ئەودا، بەڕادەی ئەوەی هەندێك جار مردنی مرۆڤەکان، وەك پێویستییەکی ناو ئەو ژیانە ڕووبەرووی دەبینەوە.

پڕۆسەی نووسین بۆ یۆرپیدس بەتەنیا نووسینی شانۆنامە نییە، بەڵکو پڕۆسەی بیرکردنەوەی فەلسەفییە، ئەو لەڕێگەی شانۆنامەوە ڕوانینی عەقڵانیانە بەرجەستە دەکات، ڕوانینی عەقڵانی لەبەردەم گۆڕینی خۆشباوەڕی و ڕووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ بۆ پڕۆسەی گومان، گومانکردن لە خۆشباوەڕی

وایکردووە ئەو تاریکییەی لەشانۆنامەکانیدا ببینین، بەرەنجامی تێفکرین و ڕۆچوونە بەناو ناخی مرۆڤی ناو ژیاریێك، کە بەتەنیا گەڕانەوەی ڕابردوو نییە لە ئێستادا بەمەبەستی شانۆنامەیەك، بەڵکو چۆن ئەو ڕابردووە لەبڕی ستایشکردنی ژیار، پرسیارە دڕدۆنگییەکانی مرۆڤی ساتەوەختی نووسین دێنێتە کایەوە، هەر ئەوەش وایکردووە ئەو وەك عەقڵانییەك سەیر بکرێت، عەقڵانییەك کە زۆرجار لەشێوەی سوکرات دەبینرێت، کاتی خۆی لە ئەسینا بڕوایان وابوو سوکرات بەشداری لەبیرکردنەوەی تراژیدی شانۆنامەکانی کردووە.

هەرچۆنێك بێت یۆرپیدس لەڕێگەی ئەو پرۆسەی گومانکارییەوە، ئەو هەموو تاریکییەی بە ڕۆحی تراژیدیاکانی دەبەخشێت، تراژیدیای گریکی دەگەیەنێتە کۆتایی، ڕووبەرووی سەردەمی مەرگی تراژیدیامان دەکاتەوە، بەڵام ئەوە مەرگی تراژیدیا نییە لە شانۆدا، هێندەی دەتوانین وەك کۆتایی تراژیدیای گریکی ببینین، ئەگەرچی فەیلەسووفێکی وەکو نیتچە بە مەرگی تراژیدیا ناوی دەبات.

چونکە دواتر ئێمە لەدەرەوەی تراژیدیای گریکی تراژیدی نووسێکی دی وەك شکسپیر دەناسین، کە ڕووبەرێکی تایبەتی بۆ پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و تراژیدیا تەرخان دەکات.

## فەلسەفە و تراژیدیا لەشانۆنامەکانی شکسپیردا

ئەو دەمەی لەدەرەوەی ڕووبەری شانۆی یۆنانییەوە سەیری تراژیدیا دەکەین، ئەو ساتەوەختە شتێك نییە بیری لێ



بکەینەوە، جگە لەوەی ئێمە دەمانەوێت لە شانۆنووسێکی وەکو شکسپیر بدوێین، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵە تێکستێکی قۆناغی ژیانی بە لوتکەی ئەدەبی تراژیدیی لەشانۆ دادەنرێت، بۆیە بابەتێك نییە گرنگتر بێت لەشانۆگەرییەکانی شکسپیر، چونکە ئەو جگە لەئامادەبوونی تراژیدیا لەناو شانۆنامەکانی، لەهەمان کاتدا شانۆگەرییەکان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە فەلسەفەوە هەیە لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە، بەتایبەت لەلای هاملێت و شالیر و ماکبێس، یا ئەو پرسیارە ئەخلاقیەی عەشق دەگۆڕدرێت بە مەرگی عاشقەکان لە ڕۆمیۆ و ژۆلێت، ئەو تراژیدیایە چییە پیلانێکی یاگۆ دەتوانێ ئۆتێللۆ لە پاڵەوانێکەوە بکاتە مرۆڤێکی گوماناویی و تراژیدیا بێنێتە بوون؟

شکسپیر وەك شانۆنووسەکانی یۆنان ناگەڕێتەوە بۆ ناو ئەفسانە، بەڵام چیرۆکی شانۆنامەکانی لە ڕووداوە مێژووییەکانەوە وەردەگرێت، بەتایبەت ژیانی پاشاکان، بۆیە ململانێی کارەکتەر چینی خوارەوەی کۆمەڵگا نین، بەڵکو مرۆڤگەلێکن کە نەوەی پاشاکان و خانەدانەکانن، ئەوە وا دەکات تراژیدیا لەناو ئەو چینانە بخاتە ڕوو، لەوەدا تا ڕادەیەکی زۆر لە نووسەرانی یۆنانی نزیکە بەو پێیەی ئۆدیب و ئەنتیگۆنا و ئەلیکترا و ئەوانیتر چینی خوارەوەی کۆمەڵگا نین، بەڵکو کارەکتەرگەلێکی چینی پاشاکانن.

چیرۆکی کوشتن و مەرگ لە ڕیتشاردی سێیەم و دووەم و هاملێت زنجیرە تراژیدیایەکن کە لەناو کۆشك و تاوەرەکاندا ئەنجام دەدرێت، بەتایبەت لە هاملێتدا ئەوەی

دەبینین دەسپێکی چیرۆکێکە کە بەر لە ئاشنابوون بە ڕووداو ڕوویداوە کە کوشتنی پاشایە، کوشتنی پاشا ڕاکێشانی ئێمەیە بۆ تراژیدیایەك کە مردوو خۆی وەك تارمایی دێت و بەو مەرگە نائاساییە ئاشنامان دەکات، بۆ ئەوەی حەقیقەتی تاوانیش هەڵبدرێتەوە دەبێت هاملێتِ ببێت بە قوربانی، وەك چۆن بکوژەکانیش دەبێت بمرن، تەنانەت کەسێکی وەکو گرترودی دایکی هاملێت سەرباری ئەو هاوسۆزی بوونەمان لەکۆتاییدا بەهۆی ئەوەی هەست بەتاوان دەکات، بەڵام بەهەڵەیەك کە پیلانێك بۆ کوڕەکەیەتی ئەویشی تێ دەکەوێت، مەرگی ئۆفیلیاش هێندە مەرگێکی تراژیدیە هیچی لەمەرگ و کوشتنی پاشا کەمتر نییە.

بکوژەکانی ناو تراژیدیای شکسپیری ئەوانەن کە خەونی زەوتکردنی دنیا و لاقەکردنی عەرشیان هەیە، ئەوان دەیانەوێت کورسییەکان بکەن بە خوێن، بۆخۆشیان دواجار لەسەر ئەو خوێنە دابنیشن، بەواتای دەسەڵاتی زەبرو زەنگ ئەو دەسەڵاتە تۆقێنەرە، دەشێت هەر بەهەمان توندوتیژییەوە کۆتایی بەخۆشی بێنێت، لێرەدا شانۆگەری ماکبێس باشترین نمونەی ئەم حالەتەیە، لیدی کە هانی ماکبێس دەدات پاشا بکوژێت، وێنەیەکی جیاوازی ژن دەخاتە ڕوو، دەشێت ئەو وێنە تۆقێنەرەی لیدی وێنەیەکی دەگمەنی ژن بێت، بۆ ئارەزووکردن لە خوێن و دەسەڵات، تا ئاستی ئەوەی هەندێك تراژیدیای ئەم شانۆگەریە بە ئاستێك دەبینن، کە شکسپیر جگە لەم شانۆنامەیە هیچ شانۆگەرییەکی تراژیدیی تری نەنووسیوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئاخۆ شانۆگەری ماکبێس تاکە شانۆگەرییەکی تراژیدیی



شکسپیرە؟ ئەگەر وانییە ئەی بۆچی توێژەرانی وەکو لیۆنێل ئاپێل بۆچوونیان وایە "شکسپیر لەو جۆرە تراژیدیایانەی نەنووسیوە، جگە لە نوێنەرایەتییەك کە لە شانۆگەری ماکبێسە، شانۆگەرییەکانی یۆلیۆس قەیسەر و کۆریۆلانۆس و شانۆگەرییە زۆرەکانی دی دانانێت بە کارگەلێکی تراژیدیا"(٧)

دیارە ئەوەی بۆتە هۆکاری ئەو ڕوانینەی ئاپێل ئەو بنەما ئەرستۆییانەیە کە بەتەواوی لەشانۆگەری ماکبێس دەبینین، بەواتای ئەوەی ئەرستۆ وەك ڕێسای تراژیدی خستویەتیە ڕوو، بەتەواوی لەو تێکستەی شکسپیر بەرجەستە کراوە، لەکاتێکدا توێژەران و شکسپیرناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو نووسەرە ئەرستۆی نەخوێندۆتەوە، بەڵام ویستویەتی خەوش و هەڵەی تراژیدی نووسانی پێش خۆی دووبارە نەکاتەوە، بۆیە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە شانۆنامەی ماکبێس تاکە تراژیدیای شکسپیری نییە، هێندەی لوتکەی تراژیدیای شکسپیریی بێت.

سەرباری ئەوەی هەست بەنزیکییەکی زۆر دەکەین لەڕووی ئەتمۆسفێری خوێن وترس لەنێوان ئەو شانۆگەرییە و شانۆگەری ئەلیکترای یۆرپیدس، کە لیدی لەڕووی ڕەهەندی کارەکتەریشەوە لە ئەلیکترای یۆرپیدسەوە نزیکە. جیاوازی بۆچوون و ڕەخنەی بەردەوام لەو نووسەرە بۆتە هۆکاری گفتوگۆی هەمیشەیی بەهۆی ئەوەی نێوەندی فەلسەفی و شانۆیی شوێنگەی تایبەتی بۆ تەرخان بکەن، وەك چۆن دەرهێنەرانی شانۆ هەمیشە دەیانەوێ لەدنیابینی شکسپیرەوە سەردەم و قۆناغەکانی کۆمەڵگاکان بخوێننەوە.

ئەوەش ئەو ڕۆحە تراژیدییە فەلسەفییەی تیا دەبینینەوە وەکو لە "یۆلیۆس قەیسەر" دەبینین کە لوتکەی ئەو نمونە تراژیدییەی دەسەڵاتە کە کاتێك برۆتۆس خەنجەرەکە لەپشتەوە دەدات لە قەیسەر، مانای وایە دەسەڵاتداران دەبێت هەمیشە لەو گومانە بن کە ئەوانی نزیکی خۆیان کۆتاییان پێ بێنن، بۆیە قەیسەر ئیتر هەست دەکات مەرگی ئەو ڕەوایەتی هەیە مادام برۆتۆسی جێگەی متمانەی لەپشتەوە خەنجەری لێبدات.

شکسپیر لەشانۆنامەی "ئۆتێللۆ" پەیوەندیی کارەکتەر بە دیدی فەلسەفییەوە نابەستێتەوە بەو ڕووداوەی کە ڕوو دەدات، بەواتای ئەو وەك شانۆنامەی هاملێتیش ناکات، ئەوەی وا لە ئۆتێللۆ دەکات کە تاوانی کوشتنی دەزدەمونە ئەنجام بدات ئەو دەستەسڕە نییە کە بۆتە تەوەری ململانێ و تاوانی کوشتن، هێندەی ئەوە ئەو ڕۆحە خراپکارەی یاگۆیە کە شتەکان وەك خۆی نابینێت، بەڵکو ڕووی دووەمی شتەکان دەبینێت کە پەیوەستە بە واهیمە و دەروونی نەخۆشی خۆیەوە.

ئەو دەروونە نەخۆشە لەناو خودی یاگۆ نامێنێتەوە، یاگۆ وەك هاملێتە، بەڵام جیاوازە، بەهۆی ئەوەی لەدەروونەوە قسە دەکات، ئەگەر قسەکردنی هاملێت دەروون و نەستی مرۆڤێك بێت هەست بە تاوان دەکات، کە لەناو ئەو ساتەوەختەدا سەرەنجام هۆراشیۆ ئاگاداری دەکاتەوە.. ئەوان شەوی ڕابردوو تارمایی پاشای کوژراویان بینیووە، دواتر هاملێتیش دەیبینێت، بۆیە قسەکردن بۆ هاملێت گەڕانە بەدوای ئاشکراکردنی تاوان، ئەوا یاگۆ قسە لەدەروونی بیمار دەکات.. دەروونێك لەناو گرێ دەروونییەکانی ناخی خۆیەوە



گەشەی کردووە و سەرچاوەی گرتووە، بۆیە قسەکردنی یاگۆ هەوڵدانە بۆ خوڵقاندنی تراژیدیا.

هاملێت کارەکتەرێکە دەیەوێت بگاتە سەرچاوەی تێگەیشتن لەبنەچەی تراژیدیای کوشتن، ئەوەش لە مەنەلۆژە ناسراوەکەیدا دەردەکەوێت، لەنێوان بوون وابەستەی دەسەڵاتی تارماییە، نەبوونیش بەواتای ملکەچکردن بۆ تاوانێك کە پاشا و دایك ئەنجامیان داوە، بۆیە ئەو بەرەو تارمایی دەڕوات و پەردە لەسەر تارمایی کوژراو هەڵدەداتەوە.

کەچی یاگۆ کارەکتەرێکە بەدوای لەدایکبوونی تراژیدیا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی تراژیدیا لەدایك بێت پێویستە گومان بخاتە دڵی ئۆتێللۆ، سەرەنجامیش هەر وا دەکات بۆ ئەوەی ئاراستەی ڕووداوەکان بەدڵی ئەو بێت و تراژیدیا لەڕووداوەکان بخوڵقێنێت.

ئەگەر تراژیدیا بۆ شانۆنووسێکی وەکو شکسپیر ئەو دیدە هونەرییە بێت، کە شانۆی پێ بێنێتە بوون، بەدوای ئەو هاتنە بوونە، فەلسەفە قسە لەو پەیوەندییە شانۆییە دەکات، بەواتای تراژیدیا زەمینە شانۆییەکەی دەکاتە گوتاری شانۆنامە، کە قسەکردنی فەلسەفە لەبارەی تراژیدیای شکسپیریی دەبێتە هۆی لەدایکبوونی پەیوەندیی نێوان شکسپیر و فەیلەسووفەکان لەبارەی تراژیدیاوە، ئەوەش دەروازەیەکی گرنگی ناو فەلسەفەی شانۆیە، کە فەیلەسووفەکان چۆن سەیری شکسپیر دەکەن؟

هەڵبەت شکسپیر ئەو شانۆنووسەیە کە فەیلەسووفان بە گرنگییەوە لەسەر کارەکانی دەوەستن، بۆیە لێرەدا لەسەر دیدی فەیلەسووف بۆ شکسپیر دەوەستین، کە ئەوە دیدێکی

شانۆیی نییە هێندەی ڕوانینێکی فەلسەفی فەیلەسووفە بۆ شکسپیر.

## پۆرترێتی فەیلەسووفەکان بۆ شکسپیر

ئەو وێنەیەی بۆ تراژیدیای شکسپیری لەسەری وەستاین، وێنەیەکی شانۆییە بۆ شانۆنامەکانی، وێنەیەك بارگاوی نەکراوە بۆ فەلسەفە، بەڵام ئەو وێنەیەی کە فەیلەسووفان بە شکسپیری دەبەخشن، وێنەیەکە لە پۆرترێتێکی شانۆییەوە دەبێتە پۆرترێتی فەیلەسووف بۆ شکسپیر.

پۆرترێتی ئەرستۆ بۆ شکسپیر پۆرترێتێك نییە ئەرستۆ لەبەرەنجامی شانۆنامەکانی شکسپیر خولقاندبێتی، بەڵکو ئەوە شکسپیر بوو لەو تێگەیشتنە ئەرستۆییەوە بۆ تراژیدیا وێنای شانۆنامەکانی کردووە، بەتایبەت کاتێك هەندێك لەتوێژەران تەنیا ماکبێس وەك تراژیدیا دەبینن، هۆکارەکەی ئەوەیە شانۆنامەی ماکبێس هەمان ئەو وێنە ئەرستۆییە بەرجەستە دەکات بۆ تراژیدیا، کە دیارە ئەگەر بمانەوێ تێگەیشتنی ئەرستۆ بۆ تراژیدیا بخەینە ڕوو، دەتوانین لەکورترین مانادا ئەوە بڵێین کە تراژیدیا لەلای ئەرستۆ بەواتای لاساییکردنەوەی کردارێکی پاڵەوانێتی تەواوە، لەداکشان وبەرزو نزمیدایە، کردەی لاساییکاریش لەڕێگەی کارەکتەرەکان نیشان دەدرێت کە بە کردارەکان هەڵدەستن، هەڵبەت مەبەست لەوەیە کردەکە لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆك نییە.. هێندەی کارەکتەر



بەرجەستەی دەکات، ئەوەش هەردوو چەمکی بەزەیی و ترس بۆ بینەران بەرەو پرۆسەی پاکژبوونەوە دەبات.

لەو گۆشە نیگایەوە، ئەگەر سەیری تراژیدیاکانی ماکبێس و هاملێت و شالیر و ئۆتێللۆ بکەین ئەو وێنە ئەرستۆییە بۆ تراژیدیا پۆرترێتێکی شکسپیرییمان بۆ بەرجەستە دەکات.

ئەگەر ئۆتێللۆ ئەو مرۆڤە مەغریبییەی بەهۆی گومانی دەستەسڕێکەوە دەبێتە بکوژی خۆشەویستەکەی خۆی، وێنەی تۆقێنەری ئۆتێللۆ ئەو وێنەیەی بۆ بینەران ترس دەخوڵَقێنێت و بەزەیی بۆ دەزدەمونەی قوربانی بەرجەستە دەکرێت، قوربانییەك کە ناو دەبرێت بە "کەوتنی تراژیدیی" وەك چۆن باوك لە هاملێتدا بەهۆی کوشتنییەوە کەوتنێکی تراژیدیی کەوتووە، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەگەر زیاتر لەسەر شانۆنامەی ئۆتێللۆ هەڵوەستەیەك بکەین، پرسیار لەنێوان کەوتنی تراژیدیی و چەمکی ئەرستۆیی بکەین، خۆمان ڕووبەرووی پرسیاری ئەخلاقی ئەوە بکەینەوە، ئاخۆ ئەو چەمکی ئەرستۆییە بۆ مرۆڤی عەرەبی لەناویشیاندا بۆ مرۆڤگەلێك بەهۆی گوتاری دینییەوە بوونەتە هەڵگری یەك ئەخلاق، ڕووبەرووی پرۆسەی پاکژبوونەوەی ئەرستۆییمان ناکات؟ ئاخۆ ئەو دیدە شکسپیرییە بۆ تراژیدیا کە دیدێکی ئەرستۆییە هەستکردن نییە بەوەی چۆن ئەمرۆ لەژنکوژی مرۆڤی عەرەبی و کوردیی و دەوروبەرەکەی لێی ڕزگار دەبێت؟ ئاخۆ ئەوە شانۆ نییە مرۆڤەکان لەو گرێ وبرینە دینییە پاکدەکاتەوە؟

ئەو دەمە ئەو پرسیارانە ڕووبەرووی خۆمان دەکەینەوە، تێدەگەین ئەو وێنە ئەرستۆییە بۆ ئەو شانۆنامەیە لەڕاستیدا

نزیكبوونەوەمانە لە چۆنییەتی تێگەیشتن لەئێستامان نەوەك لە ڕابردوویەك ڕوویداوە، وەك چۆن ئەو دیدە ئەڕستۆییە بۆ شكسپیر لەو شانۆنامەیە دەكرێت وەك دید و چارەسەرێكی فێمێنیستیانەش ببینین.

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەو پرسیارەیە؛ ئاخۆ شكسپیر كتێبی هونەری شیعریی ئەڕستۆی خوێندۆتەوە؟ ئەگەر نەیخوێندۆتەوە چۆن ئەو وێنە ئەڕستۆییە بۆ تراژیدیای ئەڕستۆیی بەرجەستە دەكات؟

دیارە شكسپیر بەهیچ جۆرێك ئەو كتێبەی نەخوێندۆتەوە، بەڵام وێنای بۆ تراژیدیا ئەو وێنە ئەڕستۆییە بووە، بۆ دڵنیابوونیش كاوفمان دەنووسێت "تویژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی بەهیچ جۆرێك (هونەری شیعر) ی نەخوێندۆتەوە، هەرچەندە هەندێك لەخوێنەران لەو باوەڕەدان ئەگەر ئەو كتێبەی بخوێندبایەوە، دەكرا شانۆگەرییەكانی باشتر بنووسێت" (٨)

دیارە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە شكسپیر كتێبی هونەری شیعریی ئەڕستۆی نەخوێندۆتەوە، بەڵام ئەوەی شكسپیر دەیكات هەر بەتەنیا كاری شانۆنووسێك نییە، هێندەی تێگەیشتنە شیعرییەكانی وەك تێگەیشتنەكانییەتی بۆ دراما، هەموومان ئێستا ئەو دیمەنەمان لەیادە، ئەكتەرەكان لەشانۆنامەی هاملێت دەیانەوێت شانۆگەری لەكۆشك پێشكەش بكەن، كۆی دیمەنەكە بەتەنیا ئەوە نییە هاملێت خوازیاری ئەوە بێت، دیمەنێك نیشان بدرێت پاشا وشاژن هەست بەتاوان بكەن، بەڵكو هاملێت لەشوێنی شكسپیر ئامۆژگاری دەدات بە ئەكتەرەكان، پێویستە چیبكەن و



چۆن ڕەفتار بكەن، ئەوەش تێگەیشتنی وتراوی شكسپیرە بۆ تراژیدیا، وەك چۆن نەوتراوی تراژیدیاش، هەر لەو دیمەنە دەیەوێت بەرجەستە بكات، پاشا و شاژن لەنێوان ترس و بەزەیی لەو دیمەنەدا هەستی پاكژبوونەوەیان هەیە.

ئێمە كاتێك لە شانۆنامەی هاملێت خۆمان ڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەكەینەوە، ئیدراكی ئەوەش دەكەین شكسپیر وەك ئەڕستۆ تێگەیشتنی تیۆرییانەی هەیە بۆ تراژیدیا، بەڵام جیاوازییان لەیەكتری ئەوەیە، شكسپیر خوازیاریەتی لەناو شانۆنامەكانەوە تێگەیشتنەكانی بخاتە ڕوو، هەر ئەوەش وادەكات پۆرترێتێكی فەلسەفی بەخۆی ببەخشێت، كە ئێمە بە پۆرترێتی درامای ئەڕستۆیی ناسیومانە.

ئەگەر "كەوتنی تراژیدیی" لەدیدی فەلسەفی ئەڕستۆ.. دەزدەمونە وەك ئەو جۆرە كەوتنە ببینین، ئەوا ئەو كەوتنە لەلای هیگڵ دەگۆڕدرێت بە "بەركەوتنی تراژیدیی" واتە هیگڵ كەوتن لادەبات و بەركەوتن دەخاتە شوێنییەوە، لەو كاتەدا ئێمە ئەگەر لەناو هەمان شانۆنامەی شكسپیر، تەماشای ئەو چەمكە بكەین، هەرگیز دەزدەمونە وەرناگرین، چونكە ئەوە دەزدەمونە نییە بەر تراژیدیا دەكەوێت، هێندەی یاگۆیە، بۆیە لەنێوان دوو دیدی فەلسەفی لەشانۆنامەیەكدا، بەڵام ئێمە دەبێت لەگەڵ دوو كارەكتەر ڕەفتار بكەین.

وەك چۆن ئەگەر لە ماكبێس كارەكتەری دنكان، كەوتنێكی تراژیدیی بكەوێت، بەڵام ئەوەی بەر تراژیدیا دەكەوێت لیدیە، لە هاملێتدا كەوتنی تراژیدیی باوك و بەركەوتنەكەشی پاشا و گرتروده.

بەبڕوای هیگڵ کاتێک قسە بێتە سەر تراژیدیا، هیچ کەسێك لە شکسپیر بەداهێنەرتر نازانرێت، ئەوە لەکاتێکدا بڕواشی وایە ئینگلیزەکان لەهەموو کۆمەڵگاکانیتر باشتر سەرقافڵەی تراژیدیا نووسینن، نمونەی غەریزەی دەسەڵات لە ماکبێس و ئیرەیی لە ئۆتێللۆ بە دوو نمونەی گرنگی تراژیدیاکانی شکسپیر دەهێنێتەوە. هەڵبەت هیگڵ هەڵوەستە لەسەر شالیریش دەکات بەوەی چۆن گەمژەیی ئەو پیاوە پیرە بەرەو شێتی تەواو دەبێت، هەڵبەت گەمژەیی شالیر دەکرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ دیمەنی سەرەتای شانۆگەریەکە.. کاتێك میراتەکەی بەسەر کچەکان دابەش دەکات، هەر لەو شانۆنامەیەدا هیگڵ کوێری وەك دوو قۆناغی گرنگ سەیر دەکات، یەکەمیان لەلای گلۆستەر ڕۆحیە، دواتر دەگۆڕێتە سەر کوێری، وەك ئەندامگەریێتی جەستە، ئەو وێنە ڕۆحی و ئەندامگەریێتییە لە شالیردا بۆخۆی جۆرە پۆرتریێتێکی فەلسەفی هیگڵیزم بە شکسپیر دەبەخشێت، تاڕادەیەکی زۆر جیاواز بێت لە پۆرتریێتی فەیلەسووفانی دی.

لەلایەکی ترەوە فەیلەسووفێکی وەکو شۆپنهاوەر سەرباری ڕەخنەی زۆری لەدیدی فەلسەفی هیگڵ بۆ کارەکتەرەکانی شکسپیر، بەڵام ئەوە بەهیچ جۆرێك پەیوەست نییە بەگرنگی شکسپیر لەلای فەیلەسووفێکی وەکو شۆپنهاوەر، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەنگە بە دەگمەن فەیلەسووفێك هەبێت هێندەی شۆپنهاوەر ڕۆڵی شکسپیری وەك شاعیرێکی تراژیدیی نووسی گرنگ خستبێتە ڕوو، چونکە پێی وایە شکسپیر زۆر لەسەرووی تراژیدیی نووسەکانی



شانۆی گریکیە، کارەکتەرەکانیشی وێنەیەکی بەرزی بێزاربوون دەخەنە ڕوو، لەبەرامبەر بابەتەکانی بوون ومەرگدا.

زۆربەی فەیلەسوفەکان و توێژەرانی ئەو بوارە لەقسەکردنیان بۆ فەلسەفەی شانۆ، ئارگۆمێنتیان بوونی تراژیدیا شانۆییەکانە، ئەوە تراژیدیاکانن وێنای فەلسەفەی شانۆیان کردووە، ڕەنگە لێرەدا ڕەخنەی نیتچە بۆ شوینهاوەر گرنگی خۆی هەبێت، لەناسینی ئەو کۆمەڵگایەدا، شۆپنهاوەر تراژیدیای گریکی وەك دۆخی مەرگ بۆ کولتوری ئەو کۆمەڵگایە دەبینێت، نەك کرانەوەی بەسەر ژیان، مەبەستیەتی ئەوەمان بۆ بخاتە ڕوو، تراژیدیای گریکی نوقمە لەناو ڕەشبینی وسیمای گەشبینی ژیانی تیا نابینین، ڕەخنەی نیتچە لێرەدا لە شۆپنهاوەر لەو ڕەشبینییەی ناو تراژیدیایە، بە ڕەشبینی هێز ناوی دەبات، کەواتە "ئەگەر تراژیدیا گوزارشتێکی هونەری بێت بۆ ڕەشبینی وەك شۆپنهاوەر جەختی لێ دەکردەوە، ئەو ڕەشبینییە لەڕوانگەی ئەوەوە (مەبەست نیتچەیە) ڕەشبینی هێزە، نەك لەدایکبوونی لاوازی و ڕووخان بێت، مانای وایە بوونی تراژیدیا لای گریك گوزارشت لە بەختەوەری و هێزیان دەکات" (٩)

بەدوای تراژیدیاکانی شکسپیر دەکرێت کۆتاییەك ببینین بۆ سەردەمی تراژیدیا، ئەوە بەو مانایە نییە هەوڵی ئەوانی تر بەگرنگ نەبینین، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەما تیۆریانەی شانۆ و فەلسەفە، لەگەڵ دوا دێڕی شانۆگەری "زریان" کە دوا کاری شکسپیرە، دەکرێت بەکۆتایی هاتنی تراژیدیا ناوی بەرین، ناوبردنی بە پرۆژەیەکی تەواو.. بەواتای تراژیدیا ناتەواویەکی نییە.. وەك پرۆژە تا لەکاری ئەوانی دی بەدوایدا

بگەڕێین، ئەوەش وای لە فەیلەسووفێکی وەکو نیتچە کرد، بانگەشە بۆ مەرگی تراژیدیا بکات، هەڵبەت ئەو مەرگە لەڕوویەکدا کۆتایی هاتنی قۆناغی فەلسەفەی شانۆ، لەدایک بوونی شانۆی فەلسەفییە کە ئەوەیان دواتر بەدرێژی لەسەری دەوەستین.

## فەیلەسووفێك مەرگی تراژیدیا ڕادەگەیەنێت

ڕەنگە وەستان لەسەر پڕۆژەی مەرگی تراژیدیا بۆ خۆی وەستان بێت لەسەر دیدی فەلسەفی فرەدریك نیتچە، ئەوەش لەڕێگەی تەواوکردنی پڕۆژەی پێش خۆی و چۆنییەتی تێگەیشتنی ئەو فەیلەسووفە بۆ تراژیدیا و گوتارە فەلسەفییەکەی، بەتایبەت ئەو سەرەتا لەژێر کاریگەری شۆپنهاوەردا بووە، بەڕادەی ئەوەی "وێنەی شۆپنهاوەری لەسەر مێزەکەی دانابوو، هەرچی جارێکی ئازارێکی تووش بهاتایە بەتوانجەوە هاواری دەکرد و دەیووت: دەخیلتم شۆپنهاوەر فریام بکەوە" (١٠)

ئەو توانجەی ئاراستەی شۆپنهاوەری دەکات.. لە گاڵتەکردنەوە نییە، بەڵکو لە ئاماژەی مرۆڤەکانە بۆ مەسیحیەت، چۆن لە لێقەومان وشکستدا هاوار بۆ خودا و مەسیحیەت دەکەن، وەك ئەوەی ئەویش کەسێکی هەبێت بەهانایەوە بێت، بەڵام کاتێك بە توانج ئەوە دەخاتە ڕوو، مانای وایە شۆپنهاوەر گرنگە، بەڵام هەرگیز گرنگی لە فریاکەوتنی نییە، دواتر ئەگەر لەو توانجەی وورد ببینەوە وەك وێنەیەکی کۆمیدی خۆی دەخاتە ڕوو.



هەڵبەت کاریگەری شۆپنهاوەر بەسەر نیتچەوە ڕۆژگارێکی زۆری ویستووە تا لەو کاریگەرییە دەرباز بێت، گرنگی شۆپنهاوەریش بووە وای لێکردووە ببێتە هاوڕێ و دۆستی ڤاگنەر، چونکە هەر لەسەرەتای ناسینیانەوە هەردووکیان بە گرنگییەکی تایبەتەوە سەیری ئەو فەیلەسووفەیان کردووە، نیتچە لەبەرەنجامی ئەو کاریگەرییەش هەوڵ دەدات، لەڕێگەی قسەکردنی لە تراژیدیا.. خۆی لەو سێبەرە دەرباز بکات، مانای نەدۆزراوە بۆ تراژیدیا ئاشکرا بکات.

ئەوە سڕینەوەی شۆپنهاوەر نییە، بەڵکو ئیشکردنەوە لەسەر چەمك بۆ تراژیدیا، مانا نەدۆزراوەکانی بۆ کەشف دەکات، بۆیە زانست و هونەر ئەو دوو چەمکەی شۆپنهاوەر، لەبارەیانەوە هەڵوەستە دەکات.. بەوەی زانست کە هەڵبەت ئەوەیان فەلسەفەش دەگرێتەوە، درك بە جیهان ناکات، ئەوەی ئەو لەسەری دەوەستێت و لەبارەیەوە قسە دەکات، ڕووە هەڵخەڵەتێنەرەکانن، لەبەرامبەر ئەوەدا هونەر تەواو بەجیاواز لە زانست و فەلسەفە درکی ئەو بابەتە دەکات، ڕووە هەڵخەڵەتێنەرەکان وەك ئەوەی هەیە دەبینێت، بەدوای ڕاڤەی رووخساری درۆزنانە ناڕوات، ئەوەش مانای وایە "هونەر وامان لێدەکات ئەو ململانێیە ببینین کە ناتوانین تێیپەڕێنین، ئیرادە بە سرووشتی ململانێ و ناکۆکین، جەنگێکی هەمیشەیی نێوان ڕۆشنایی و تاریکیە" (١١)

بۆیە زانست و هونەر "فەلسەفە و شانۆ" دەچنە ناو جەنگێکی هەمیشەیی بەرەنجامی ململانێ و ناکۆکیەکانی ئەو دوانەیە، ئەو دیدە شۆپنهاوەرییە بۆ نیتچە، ڕووبەر و مەودایەکی فراوانتری پێ دەبەخشرێت، کە قسەکردن بێت لەسەر

سەرچاوە سەرەکییەکانی ناو ئەو ململانێیە، بۆ ئەوەش دوو چەمك لە ژیاری گریکی دەخولقێنێتەوە، زادەی کولتووری گریکین، ئەوانیش ئەپۆڵۆن و دیۆنزۆس، دیارە وەك دەزانین ئەپۆڵۆن لە ژیاری گریکی، کوڕە گەورەی زیۆسی خواوەندە، ئاماژەیە بۆ زانست و هونەر، وێنەی ئیستاتیکی بۆ ناو خەیاڵ بنیات دەنێت، هەرچی دیۆنزۆسە خواوەندی چێژ و بەزمەسات، خواوەندی شانۆیە.

نیتچە ئەو دوانە وەك چەمك سەر لەنوێ بنیات دەنێتەوە، دواتر لەسەر مانا نیتچەییەکان بەتەواوی قسە دەکەین، بنیاتنانەوەی ئەو دوو چەمکە وا لە ژیل دۆلۆزی یەکێك لە دیاترین فەیلەسووفەکانی سەدەی بیستەم دەکات، دوو کتێب بۆ نیتچە تەرخان بکات بەناوی "نیتچە" و "نیتچە و فەلسەفە".

هەڵبەت بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پڕۆژە دۆلۆزیە بۆ نیتچە وا باشترە بەتەنیا لەو دوو کتێبەوە سەیری خوێندنەوە فەلسەفییەکانی دۆلۆز نەکەین، بەڵکو لەسەر کۆی پڕۆژە فەلسەفییەکانییەوە بڕوانین، چونکە یەکێك لەو پرسە گرنگانەی قسەکردنە لەسەر چەمك، ئەوەش بابەتی گرنگی ئێمەیە بۆ نیتچە، ئەویش خولقاندنەوەی چەمکەکانی ناو تراژیدیای گریکە، زادەی پرسیارە گرنگەکەی دۆلۆزە، کاتێك لەگەڵ فیلیکس گوتاری کتێبێك دەنووسن بەناوی "فەلسەفە چییە؟" ئەو پرسیارە دەرگایەکی گرنگی تێگەیشتنمان بۆ دەکاتەوە تاوەکو لە دیدی نیتچەیی بۆ تراژیدیا تێبگەین.



## پرسیارکردن لە فەلسەفە

پرسیارکردن لە چییەتی فەلسەفە.. پرسیارێکە زۆر فەیلەسووف ئاراستەی خۆیانیان کردووە، بەر لە ژیل دۆلۆز، مارتن هایدگەر دەپرسێت: فەلسەفە چییە؟ هەڵبەت ئەو پرسیارە بۆ هەر فەیلەسووفێك وەڵامێکی ئامادەی نییە، بەڵکو لەبەرەنجامی تێفکرینە فەلسەفییەکانەوە دەیانگەیەنێت بە دەرەنجامەکان، بۆ ئەوەی وەك سەرەتای لێکۆڵینەوەکە ئەوەمان تیا خستە ڕوو کە مەبەستمان نییە توێژینەوەیەکی فەلسەفی پێشکەش بکەین، هێندەی بابەتە شانۆییەکەیە ئێمە دەگەڕێنێتەوە سەر تێکستە فەلسەفییەکان، بۆیە واز لەو پرسیارەی هایدگەر دێنین، چونکە وەستان لەسەر هایدگەر و ئەو پرسیارە بۆ خۆی ڕووبەرێکی تایبەتی دەوێت، بەهۆی ئەوەی پڕۆژەکەی ئێمەش گەیشتۆتە ئاستێك کە لەسەر پرسیارەکەی دۆلۆز وەستاوە، بۆیە خۆمان لە هایدگەر دەشارینەوە، ڕووخساری خۆمان بە دۆلۆز نیشان دەدەین، بۆ ئەوەی بیدوێنین، ئێمە ناونیشانی کتێبەکەی بۆ دەکەینەوە بە پرسیار: فەلسەفە چییە؟

فەلسەفە خولقاندنەوەی چەمکە، ئەو دەستەواژە دۆلۆزییە بەشێکی دیاری گوتارە فەلسەفییەکەی دەست نیشان دەکات، بەوەی چۆن سەر لەنوێ چەمك دەخولقێنێتەوە، خولقاندنەوە بۆ دۆلۆز وا دەکات گرێی ئۆدیب لە فرۆید وەربگرێت و لەخولقاندنەوە بیکات بە دژە ئۆدیب.

ئەگەر فرۆید گرێی ئۆدیب تیۆریزە بکاتە سەر کوشتنی باوك و مەیلی سێکسکردن بێت لەگەڵ دایك، وەك

ئاماژەیەك بۆ شانۆگەری "ئۆدیب پاشا" ی سۆفۆكلیس، ئەوا كاتێك دۆلۆز گرێی ئۆدیب وەك چەمكێك دەخوڵقێنێتەوە، ناوی دەبات بە "دژە ئۆدیب".

ئەو چەمكە دۆلۆزییە بۆ مانا فرۆیدییەكەی نییە، هێندەی وەك خۆی لەسەری دەوەستێت بۆ خوێندنەوەی فاشیزمی نوێی خۆرئاواییە، بۆیە لەپرسیاركردنەوە بۆ چییەتی فەلسەفە، دەیەوێت ناوی بەرێت بە خوڵقاندنەوەی چەمك، كەواتە لەڕوانگەی دۆلۆزەوە فەلسەفە خوڵقاندنەوەی چەمكە.

بەبڕوای دۆلۆز وەزیفەی سەرەكی فەلسەفە خوڵقاندنی چەمكە، ئەوەش كرانەوەیە بەسەر دەیالۆگدا، دەیالۆگیش كرانەوەی تێكستە، بەواتای خوڵقاندنەوەی چەمك دەیالۆگ كردنە لەتەك تێكست، ئەو دەمە پرۆسەی خوێندنەوەی تێكست ستراتیژی نووسین لەلای فەیلەسووف دەست نیشان دەكات، ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیاری ستراتیژییە لەبارەی گرنگی نووسینەوە، كە بەرهەمهێنانەوەی تێكستە، تێكستێك كە دەبێتە خوڵقاندنەوەی چەمكەكانی ناو پرۆسەی خوێندنەوە، بەواتایەكی تر ستراتیژی نووسین، ئەگەر بە زمانی دۆلۆز قسە بكەین دەبێت بڵێین، ئەوە دەركەوتنی ئامانجی نووسینە، ئەو ئامانجەش بەمانای ئەوەی كە "هەڵگرتنی ژیانە بۆ حاڵەتی هێزی ناكەسی، لێرەوە نووسین جیا دەبێتەوە لەهەموو نیشتمانێك و لەهەموو مەبەستێك كە لەئاستی خودی خۆی تەواو دەبێت" (١٢)

ئێمە لێرەدا لەنێوان خوڵقاندنەوەی چەمكە نیتچەییەكان و ماهیەتی پرسیاركردن لە فەلسەفە لەلای دۆلۆز تێدەگەین، كە تێكستی دۆلۆز خوڵقاندنەوەی چەمكە فەلسەفییەكانی



نیتچەیە، كە ئەویش بەرەنجامی خوێندنەوەی تێكستەكانی شانۆی گریكیە.

بۆیە پرسیاری فەلسەفە چییە؟ لەو كاتەدا لەناو پرۆسەی خوێندنەوە دەگۆڕێت بە پرسیاری چەمك چییە؟ هەڵبەت ئەوە جێگۆڕكێ كردن نییە بە فەلسەفە و چەمك، بەڵكو پرسیار پرۆسەی گومانكاری دێنێتە بوون، كە ئەویش بەرهەمی ئەو دۆخە فەلسەفییەیە، لەو ساتەی پرسیار لە چەمك دەكەین بەواتای چەمك دەچێتە ناو ڕووداو، بەواتایەكیتر لەدەرەوەی تێگەیشتنی تیۆرییەوە ئەوە خوێندنەوەی فەلسەفیانەیە بۆ ڕووداوەكانی ناو تراژیدیا، لێرەوە هەست بە گرنگی گوتاری فەلسەفی نیتچە دەكەین لەبەردەمی تێكستە كلاسیكییەكانی شانۆدا. نیتچە كە ڕەخنەی لەئاستی وەستان دەگرت، نابێ فەیلەسووف مەبەستی خۆی لەوەدا كۆبكاتەوە كەچەمكەكان ڕووی بریسكەداری خۆیان لەدەست نەدەن، بەڵكو دەبێت لەڕێگەی خوڵقاندنی چەمكەكانەوە وا لەخەڵكی بكەن بتوانن رازییان بكەن، بۆ ئەوەی بەرەو رووی بچن، دۆلۆز كاتێ پشت بەو قسەیەی نیتچە دەبەستێت، مەبەستی لەوە نییە بۆچوونێك دەست نیشان بكات بۆ پاڵپشتی قسەكانی خۆی، هێندەی دەرخستنی ئەو راستییە، كەخوڵقاندنی چەمكەكان لە رەخنەی نیتچەوە وەرگیراوە، خوێندنەوەیە بۆ دیدگای فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفەی، ڕوانینی وابوو بەبێ بوونی زەمینە و ئاستێك لەناو داهێنان توانای گەیشتن بەچەمكەكان ناگات بەمەعریفەی باڵا، كەبتوانێت خوڵقاندن بێنێتە كایەوە. (١٣)

ئەو دەمەی باس لە دیدگای فەلسەفی نیتچە دەکەین دەبێت بزانین کە ئەو مەبەستی خوڵقاندنەوەی چەمك و گەڕانەوەی بەها بوو، ئەوەش ڕەخنەگرتنی بوو لە تازەگەری خۆرئاوایی، بۆ ئەوەش ڕەخنەی ئاراستەی عەقلانییەتی خۆرئاوا دەکرد، کە بەپێی بڕوای هیگڵ عەقلانییەت و تازەگەری پێکهاتی گوتاری تازەگەری خۆرئاواییین.

هەرچەندە نیتچە لەو بوارە زیاتر ڕەخنەی ئاراستەی فەلسەفەی کانت دەکرد "کانت هەڵنەستا بەڕەخنەیەکی راستەقینە، لەبەر ئەوەی نەیزانی کێشەکەی خۆی بخاتە ڕوو بەگوزارشتەکانی بەها" (١٤)

## فەلسەفە و مەرگی تراژیدیا

دەرخستنی دیدی فەلسەفی نیتچە لەوێنە دۆڵۆزییەکەدا دەشێت نیشاندانی دنیابینی فەیلەسووفێك بێت کە ناکرێت چەمك و چۆنییەتی تێگەیشتنی گوتارە فەلسەفییەکەی نەخرێتە ڕوو، هەرچەندە ئەوەیان تاڕادەیەك لە بابەتە شانۆییەکە دووری خستینەوە، بەڵام لێرەوە بەپێی پێویست لەسەر تێگەیشتنە دۆڵۆزییەکە بۆ نیتچە ئاماژە دەدەین، بەو پێیەی لەدوو تەوەری پێشوودا هەوڵماندا گوتاری فەلسەفە لەلای نیتچە و دنیابینییەکانی لەڕێگەی فەیلەسووفێکی وەك دۆڵۆز ئاماژە پێبدەین.

ئەپۆلۆن و دیۆنزۆس چەندە لەململانێیەکی فەلسەفی ناو گوتاری شانۆن، هێندەش ئەو ململانێیە گوتارە شانۆییەکە بەرەو پێش دەبات، ئەو دوو چەمکەی کە نیتچە لە ژیاری



گریکی و تراژیدیاکانیانەوە وەری دەگرێتەوە، خوڵقاندنەوەی بەو دنیابینییە کە کۆتایی هاتنی تراژیدیاکانە، کۆتایی هاتنی تراژیدیاش بەواتای کامل بوونی فەلسەفەی شانۆ، ئەو دەمەی شانۆ فەلسەفەکەی لەڕێگەی تراژیدیاوە تەواو خستە ڕوو، واتە پێویستمان بەچوونە ناو قۆناغێکی نوێی پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆیە.

ئەوەیان بابەتێکی گرنگە بۆ قسەکردن، کە بوار نادات لێرەوە بابەتەکە بەرەو کۆتایی بڕوات، هێندەی ئاسۆکانی فەلسەفەی شانۆ باشتر دەخاتە بەردەم قسەکردن، بەوەی بمانگەڕێنێتەوە سەر پرسیارکردن لەناونیشانی توێژینەوەکە، بەڵام جارێ ئەوەیان کاتی زووە و پێویست ناکات پەلەی لێ بکەین، بەڵکو هێشتا پێویستمان بەقسەکردنە لە گوتاری فەلسەفە و مەرگی تراژیدیا.

ئەو دوو چەمکەی ناو تراژیدیای گریکی بۆ خۆی هەریەکەیان چەندە لەتێگەیشتن و خوڵقاندنە نیتچەییەکەش چەمکی سەربەخۆ و جیاوازن، بەڵام لەهەمان کاتدا هەڵگری مانای جوانیناسی و شانۆیین، بەواتای دوو چەمکی دژ بەیەکتر نین، ئەپۆلۆن کە سیمبولێکی هونەرییە بۆ هونەر و زانست، مانای وایە ئەپۆلۆن سیمبولێکی نێو پەیوەندیی نێوان شانۆ و فەلسەفەیە، مادام ڕەمزێکی هونەر و زانستە.

فەلسەفەش خاڵی نییە لە زانست، نیتچە لەخوڵقاندنەوەی ئەپۆلۆن ئەو چەمکە لەمانای فەرهەنگی وەك مانایەکی سیمبولی دەگوازێتەوە سەر مانای هێز، کە توانای هونەرمەندی بەسەر بشکێت بۆ پرۆسەی داهێنان، بەواتای ئەوە هێزی تراژیدیی نووس و شانۆکارانە کە دەتوانن داهێنان

لەناو خەون و وێنە خەیاڵییەکان بەرجەستە بکەن، لێرەدا دنیابینی نیتچە دابڕاو نییە لە تێگەیشتنی شۆپنهاوەر، بەڵکو سەر لەنوێ ئەو تێگەیشتنەمان بیر دێنێتەوە لە پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆ، کە پێشتر شۆپنهاوەر لەبارەیەوە جیاوازییەکانی نێوانیانی خستبووە ڕوو، ئەگەر شۆپنهاوەر باسی لەوە دەکرد کە زانست و فەلسەفە شتەکان وەك ئەوەی هەیە دەبینن ڕووە ساختەکارییەکان نابینن، بەڵکو ڕاڤەکردنیان بۆ ئەوەیە کە دەیبینن ئەوەش وێنەیەکی واقعیە بۆ خوێندنەوەی فەلسەفە، نیتچەش باس لەوە دەکات فەیلەسووف لەگەڵ واقعی بوون مامەڵە دەکات.

شۆپنهاوەر پێی وابوو هونەرمەند توانای بینینی ئەو ساختەکاریەی هەیە، چونکە لەگەڵ خەیاڵ مامەڵە دەکات و دەچێتە ناو دنیای خەونەوە، نیتچەش بڕوای وایە هونەرمەند لەجیهانی خەوندا دەژیێت، زیندەگی و بینینی پەیوەستە بە خەونەوە.

ئێمە لێرەدا ئیدراکی ئەوە دەکەین کە شتەکان لەدەرەوەی کاریگەری شۆپنهاوەر نەماونەتەوە، سەرباری ئەوەی کە هاتنە سەر تراژیدیا تاڕادەیەکی زۆر وەك تویژەران لەسەری دەوەستن دەرباز بوونییەتی لەو کاریگەریە، بەڵام سەرەنجام گرنگی گوتارە فەلسەفییەکەی نیتچە لەخولقاندنەوەی چەمکە، لەگەڕانەوەیە بۆ پرسیاری چییەتی فەلسەفە، کە بەمانا دۆلۆزییەکەی خولقاندنەوەیە، کە ئەپۆلۆن دەبێتە هێزی تاکگەرایی هونەرمەند.

هەرچی پەیوەندیی بە دیۆنزۆسەوە هەیە، کە چەمکی ئاهەنگی کۆمەڵییە، لەمانا نیتچەییەکەی دەبێتە هێزی



وێرانکاری تاك، ئەو هێزەی لە چەمکی ئەپۆلۆن خولقێنەرە، بەڵام لە دیۆنزۆس لەناو دەچێت، ئەوە هێزی گشتییە، هێزی کۆمەڵی مرۆڤەکانە، هێزێکی شەهوەتی و غەریزییە، کە لەچەمکە گریکییەکەی سەرەتا لەئاهەنگ و مۆسیقادا دەرکەوتووە، دواتر لەناو شانۆ بەرجەستە دەبێت، بەواتای پەیوەستە بەو حاڵەتە ئەفیونییەی ئاهەنگەوە، ئەوە دەبێتەوە هێزی وێرانکاری تراژیدیا، چونکە پاڵەوانەکان لەتاکەوە چیتر نمونەی باڵا نین، بەڵکو لەناو ئاهەنگی خەیاڵکردنەوە، ئەوە توانای خەونبینینی کۆمەڵییە، کە هێزی تاکەکان لەناو دەبات.

تراژیدیا بەبڕوای نیتچە پرۆسەی پاکژبوونەوە نییە، وەك ئەوەی گریکییەکان باسیان دەکرد، بەڵکو پرۆسەیەکی میتافیزیکییە، لێرەوە تەواوی تێگەیشتنە ئەرستۆییەکە وەلاوە دەنێت، لەوەی تراژیدیا دەبێتە هۆی ترس و بەزەیی لەلای بینەر، چونکە لەو کاتەدا دەیگۆڕێت بۆ جۆرە شەهوەتێکی کامەرانی، کە ناوی دەبات بە "شادی جوانیناسی".

ئەوەش بۆ خۆی مانای کۆتایی تراژیدیایە، بەهۆی ئەوەی تیۆرەکە تێدەپەڕێنێت، کە ترس و بەزەیی بچێتە دۆخی شەهوەت و بەزمەساتێك کە وێنەیەکی ئیستاتیکی بەرجەستە بکات، ئەو وێنەیەی پێشتر ئەرستۆ وەك لوتکەی تراژیدیا و پرۆسەی پاکژبوونەوە ناوی دەبرد، بەڵام کاتێك نیتچە دەیگۆڕێتە سەر شادی جوانیناسی، ئەوەش وا وەسف دەکات کە توانیومانە بەسەر ئەو هۆکارانە زاڵ بین کە دەبنە بەربەست لەبەردەم کامەرانی مرۆڤ، وەسفکردنیشی بۆ ئەو حاڵەتە لە پاکژبوونەوە بۆ شادییەکی ئیستاتیکی ناوی

نابات بە هۆکاری ژیان، بەڵکو وەك پرسیارکردن دەبینێت لە خودی ژیان، ئەگەرچی نیتچە بڕوای وایە لەدەرەوەی ئەو تێگەیشتنەشەوە شانۆنامەکانی یۆرپیدس بۆ خۆی کۆتایی هاتن بوو بە تراژیدیا، ئەوەش پەیوەست دەکاتەوە بە گوتاری عەقڵانییەتی سوکراتی، بەهۆی ئەوەی یۆرپیدس لەژێر کاریگەری فەلسەفەی سوکراتدا بووە، ئەو کاریگەرییە بەتەواوی بەسەر شانۆنامەکانی ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە یۆرپیدس بۆتە وێنەیەکی سوکراتی، نیتچە ڕەخنەی ئاراستەی ئەو وێنەیە دەکرد، هەڵبەت بۆ نزیکبوونەوە لە ڕەخنەکانی نیتچە لە سوکرات و یۆرپیدس، بەوەی ڕەخنەکانی چی بوو لەو عەقڵانییەتە سوکراتییە، پێویستمان بەوەیە سەرەتا بزانین عەقڵانییەتی سوکراتی خۆی چی بوو؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە پێویستمان بەوە دەبێت لەسەر تێگەیشتنی فەلسەفیانەی سوکرات بۆ چەمکی عەقڵ ڕووبەرێك تەرخان بکەین، ئەوەش نزیکبوونەوەیە لەو گوتارەی کە نیتچە ڕەخنەی ئاراستە دەکات، تاوەکو بەتەنیا ڕووی ڕەخنەکە نەبینین، هێندەی وێنە عەقڵانییەتەکەشمان لەبەر چاو بێت، تاوەکو بتوانین لەدیدی تایبەتمەندی خۆمانەوە بزانین خۆمان چۆن لەگەڵ ئەو گوتارە و ڕەخنەکانی ساغ دەکەینەوە.



## سوکرات و عەقڵانییەتی فەلسەفی

بۆ ئەوەی قسە لەسوکرات بکەین، پێویستە سەرەتا دیدێکی فەلسەفی لەبارەی مێژووی فەلسەفەی یۆنانییەوە بخەینە ڕوو، بەوەی فەلسەفەی یۆنانی ئەوەی یەکلا نەکردەوە یەکەم فەیلەسووف کێیە، بەڵکو ئەو باسە بۆچوونی جیاوازی بەرهەمهێناوە، یەکێك لەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاڤەکردنی زمان، زۆرجار زمان دەبێتە بەربەست لەبەردەم فەلسەفەدا، ئەوەش وا دەکات نەگەین بەمێژوویەکی ڕۆشن، ئەو دەمەی فەلسەفە زمانی فەلسەفی دەدۆڕێنێت زمان بەرەو ئاراستەیەکی دی دەڕوات، ئەگەرچی ئەرستۆ زۆرنهێنی ئەو مێژووەی خستۆتە ڕوو، تەنانەت بە قۆناغە فەلسەفییەکانیشدا چۆتەوە، بڕواشی وایە سەدەی شەشەمی پێش زاین کە بە قۆناغی هیلینییەت ناسراوە وەك سەرەتای فەلسەفە ناوی دەبات، ئەو قۆناغە لەگەڵ مردنی ئەسکەندەر لە ٣٢٣ پێش زاین کۆتایی دێت.

ئەگەرچی سانتهلێر ئەو مێژووە بۆ هەرسێ قوتابخانەی (ئایۆنی، ئیلیەت، فیساگۆرس) دەگەڕێنێتەوە، لە کاتێکدا ڤیکتۆر کۆڤان بڕوای وایە کە سوکرات یەکەم فەیلەسووفە، بەتایبەت کە زۆربەی توێژەران بڕوایان وایە کە ئەوە سوکرات بوو تەفسیری لۆگۆسیانەی بۆ دنیا دەکرد، لەگەڵ هاتنی سوکرات چیتر فەلسەفە بەوە خەریك نەبوو قسە لە هەڵوێستی زانستی بکات بۆ دنیا، بەڵکو سوکرات ئەو هەڵوێستەی گۆڕی بۆ تەفسیرکردنی دنیا.

بەوەش سوکرات توانی فەلسەفە لە ڕەوتی ماتریالزم دەربکات، چونکە بەر لەو تەواوی فەلسەفەی یۆنانی جگە لە ئینکساگۆراس بەتەواوی ڕوویان لە ماتریالزم کردبوو، بەو کارەش سوکرات توانی هێزی سرووشتی و هێزی ناسرووشتی لەیەکتری جیا بکاتەوە، زەمینەی بۆ عەقڵانییەتی فەلسەفی خوڵقاند، ئەوەش سەرەتایەك بوو بۆ لەدایکبوونی عەقڵانییەت، تەنها پەیوەندیی نەبوو بەجۆری بیرکردنەوەی عەقڵانییەت، بەڵکو پیاچوونەوە بوو بۆ شوناسی فەلسەفە، ناسینی فەلسەفە بوو لەناو چەمکێکی زانستیدا، کە فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی عەقڵانییە.

فەلسەفەی عەقڵانییەت لای سوکرات خوڵقاندنی پرسیارە لەڕێگەی تێڕامانە فەلسەفییەکانەوە، مەبەستیش لەوەیە عەقڵ بتوانێ حەقیقەت بدۆزێتەوە، دۆزینەوەی حەقیقەتیش بەندە بە گومانکردنی مرۆڤەوە، گومان لەو دەمامکانەی هەوڵی شێواندنی مانا ڕاستەقینەکانیان داوە، لەو ڕێگەیەشەوە بۆ گەیشتن بە دڵنیایی شتەکان دەمامکە ئەو وەزیفەیە دەبینێت.

سوکرات دەیویست لەڕێگەی تێڕامان لە شتەکان جارێکیتر پرسیاریان لەبارەوە بکرێت، پرسیارکردن وەزیفەیەکی عەقڵانییە، کاتێ مرۆڤ توانی بپرسێت: دادوەری چییە؟ چییەتی دادوەری بۆخۆی گەڕانە بەدوای ڕاستییەك کە ئەوەی هەمانە دادوەری نییە، دەبێ بگەڕێین بەدوای دادوەری، بەو گومانکردنەی دەوڵەت تاکە شتێك بیری لێ بکاتەوە مردنییەتی، ئەوەی خۆشی بیری لێ نەکاتەوە مردنە. قەبووڵکردنی مردن و ڕانەکردن لە زیندان پەیوەستە بە



جیابوونەوەی لە ژیان، جیابوونەوەیەك بە ئاسوودەیی تێی دەگات، چونکە لەسەر بڕواکانی دەمرێت، مردنێك توانای جیاکردنەوەی ئەوەی هەیە لە خواکان، بۆیە کاتێ پاسەوانەکە پەرداخە ژەهرەکەی بۆ دێنێت تابیخواتەوە، ئەو خۆ ئامادەکردنە بۆ مردن ئەو لە پرسیارکردن ناخات، لە پاسەوانەکە دەپرسێت: ڕات چییە بەو پەرداخە ژەهرەوە لەیەك لە خواکان نزیك بکەوینەوە، ئایا وابکەم یان نەیکەم؟

ئەو پرسیارە سووربوونە لەسەر بڕواکانی خۆی، بەوەی خواکان چەندە دەبێ خۆڕاگری ئەم فەیلەسووفە ببینن بۆ مردن، کە مردن ناتوانێ پرسیاری لێ بسەنێتەوە، هێندەش هەوڵێکە بۆ بەشداریکردن لە گۆڕینی ژەهر بۆ خواکان، ئەو پرسیارە لەدواجاردا هەڵگری مانایەکە بۆ کوشتنی خودا.

بۆیە ترس لە مردن خاڵێکە لای سوکرات بوونی نییە، ئەو کاتەش کە لە زیندان دایە ئەفریتۆنی هاوڕێی داوای لێ دەکات کە ڕابکات، بەڵام ئەوە کارێکە نایکات، یاخود بە پۆزشێك دەیتوانی خۆی لە فرمانی مردن ڕزگار بکات، بۆیە کاتێ نایەوێ مردن بگۆڕێتەوە بە ژیان، پەیوەندیی بە پرسیاری عەقڵەوە هەیە، پرسیارکردنەوە لە دامەزراوێکی وەکو دەوڵەت، چونکە مردن بۆخۆی پرسیارێکی ترە، بەوەی ئەو هۆکارەی لەپشت ئەو بڕیاری کوشتنە ئیش دەکات چییە؟ چونکە لای سوکرات پێویست بەوە ناکات ئەوانی دیکە وا لێ بکەیت کە خۆیان بناسن، بەڵکو پێویستە تەنیا بە ئاگایان بێنیتەوە بۆ پرسیار، ئەو کاتێ دەڵێت "خۆت خۆت بناسە" دەیەوێت مرۆڤ خۆی هەوڵی خۆناسین بدات، نەوەك

کەسی تر بەخۆی بناسێنێت، مادامەکی هەر کەسە و خاوەنی عەقڵێکە کە توانای بیرکردنەوەی هەیە، کەواتە پێویستە ئەو عەقڵە بتوانێ پرسیار لە سیستمی ئاکاریی و ئاینی و دەوڵەتیش بکات.

نەزانین لە میتۆدە فەلسەفییەکەیدا ئەو خاڵە بوو کاتێ قسەی لەگەڵ خەڵکانیتر دەکرد، سەرەتا وەك گەمژەیەك دەدوا کە هیچ لەبارەی ئەوەی دەئاخڤێ نازانێت، بەڵام کاتێ بەرامبەرەکەی وەڵامی قسەکانی دەدایەوە، ئەوسا هەوڵی پرسیارکردنی دەدا، پرسیارەکانیش دەبوونە جێگەی گومانی بڕواکانی پێشوو، بۆیە هەستکردن بە نەزانین خاڵێکی سەرەکی میتۆدە فەلسەفییەکەیەتی، بەوەی پرسیار لە نەزانینی مرۆڤ بکەین، گومان لەو زانینەی هەمانە، هەر ئەوەش بوو وای لە سوکرات کردبوو باس لەوە بکات تاکە زانستێك کە ئەو بیزانێت ئەوەیە کە ئەو هیچ نازانێت.

مەبەستیشی ئیدراککردنییەتی بەرامبەر بە نەزانین، ئەوانیتر هەست بە نەزانین ناکەن و سوکرات هەستی پێ دەکات، بۆیە جیاوازی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا لەسەر ئیدراککردن لەسەر نەزانین کۆ دەکاتەوە، ئەوەش فەلسەفە دەکات بە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوان مرۆڤەکاندا، دیالەکتیك لای سوکرات هەوڵدان نییە بۆ دەستکەوتنی وەڵامە نادیارەکان، بەڵکو نزیکبوونەوە و ئیدراککردنە بە نەزانین، کە بتوانن پرسیار بخوڵقێنن، گفتوگۆی سوکرات تیۆریزە کردن نییە بۆ فەلسەفە، بەڵکو گومانێکە لەو ناوەندگەرێتییەی کە بووە بە چاوگەی بڕواکان، بۆیە پرسیارکردن لەو ناوەندگەرێتییە پرسیارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناوەندە.

هەروەك چۆن دەیەوێت لەڕێگەی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئۆتیگرۆن لەبارەی چاکە و دادوەرییەوە، کۆمەڵێك پرسیار دروووست بکات، تەنانەت زۆرجار ئەو پرسیارانە بڕوا کۆنەکانی خۆی پێ ڕەتدەکاتەوە، بۆ ئەوەی لەهەر پرسیارێکدا بگاتە سەرەتای زانین.

وەك لە دیمەنی دادگاییکردنەکەدا دەیبینین، کە مەبەستی نییە لەبری بڕواکانی ئەوان ئەلتەرناتیف و چارەسەرێك بخاتە ڕوو، ملیتس چەندە هەوڵ دەدات بیخاتە نێو ئەو باسەوە، بەڵام سوکرات لە ستراتیژیی فەلسەفی خۆی دەرناچێت، بەڵکو لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لە بڕواکانی ملیتس هەوڵی خوڵقاندنی پرسیار دەدات، ئەوەش وادەکات سیسرۆن بگاتە ئەو باوەڕەی کە سوکرات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێنایە سەر زەوی، چونکە بەر لەو عەقڵ ئەو ڕۆڵەی نەبوو، ئاکاری مرۆڤ لەئاسمانەوە دەسەپێنرا بەسەر مرۆڤەکاندا، بەڵام سوکرات بەو کارەی ویستی مرۆڤ خۆی لەناوەوەی خۆیدا، لەئەنجامی بیرکردنەوەوە سیستمێك دابنێت لەسەر ویست و ئیرادەی خۆی، ئەوەش بە مانای ئەوە نایەت ئەو تواناکانی خۆی لە زانینەوە دەردەخات، بەڵکو لەدایکبوون تاکە هونەرێکە ئەو بیزانێت، هونەرێکە لە فیناریتای دایکییەوە بۆی مابۆوە، چونکە دایکی مامان بووە، وەك سوکرات ناسان ئاماژەی بۆ دەکەن دایکی منداڵ لە جەستەی ژن دێنێتە دەرەوە، بەڵام ئەو حەقیقەت لەناو دەروونی خەڵکەوە دێنێتە دەرەوە.

کاتێک باس لە سوکرات دەکەین پێویستە بەردەوام ئەوەمان لەبەر چاو بێت، ئێمە تێکستێکی ئامادەکراومان لەبەردەستدا نییە کە موڵکی ئەو فەیلەسووفە بێت، بەڵکو مێژوونوسان و پسپۆڕانی بواری فەلسەفە لەسەر گێڕانەوەی (ئەفلاتوون، ئیکسینۆفۆن، ئەرستۆ) وە دەدوێن، زیاتریش پشت بە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون دەبەسترێت، ئەگەرچی بەهۆی ئیکسینۆفۆنەوە ناکۆکیەکی زۆر دەکەوێتە بۆچونەکان و بەڕادەی ئەوەی گومان لە گێڕانەوەکان بکەین، بۆیە ناچار دەبین بڕوا بەو زانیاریانە بکەین کە لەلای هەرسێکیان زانیاری لێکچوون.

ئەگەرچی لەزۆر شوێن پێویست بە گومانیش ناکات، بەتایبەتی کاتێک ئیکسینۆفۆن دەیەوێت سوکرات بە فەیلەسووفێکی میللی ناو ببات، ئەو ناوبردنەی ناکۆک دەکەوێتەوە لەگەڵ ئەو وێنەیەی ئەرستۆ بۆ سوکرات نیشانمانی دەدات، بەوەی سوکرات خاوەن تەوژمێکی نوێیە لە فەلسەفەی یۆنانی.

بۆیە دەکرێ ئەرستۆ بەهەند وەربگرین لەناسینی بۆ سوکرات بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی کە لەگەڵ ئەفلاتووندا هاوڕان لەسەری، لەسەر مەسەلەی فەلسەفە، فەلسەفە لای سوکرات گەڕانە بەدوای مەعریفەدا، مەعریفەش لەهیچ کاتێکدا ڕێگایەکی نییە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ پێیبگەین، بەڵکو دەبێ هەموو ئەو ڕێگایانە ئەزموون بکەین کە بۆی دەچن، چونکە مەعریفەی ڕەها.. مەعریفەی نەزانینە، دەکرێ لە بنەماوە گوزارشت لە نەزانینێکی مەزن بکات، بۆ ئەوەی ببێ بە مەعریفە دەبێ هەموو شێوازو ڕێگاکان



تاقیبکەینەوە، تاقیکردنەوەی ڕێگاکانیش هەوڵێکی خاڵی نییە لە زانست، بەڵکو لەگەڵ زانستدا دەبێ ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەنرێت، ئەوەش دەبێتە خاڵی جیاوازی سوکرات لە فەیلەسووفانی پێش خۆی، چونکە بەر لەویش فەیلەسووفەکان ئەوەیان خستبووە ڕوو کە مەعریفەی هەستپێکراو ڕاستەقینە نییە، بەڵام ئەوان ئەوەیان نەدەزانی کە زانست لەسەریەتی هەڵبستێ بۆ بەخشینی ئاگایی لە درکردن بە چییەتی شتەکان.

بۆئەوەش سوکرات دەیویست لەڕێگەی پرسیارەوە وێنەی کەسایەتیەکی داهاتووخواز بکات، چونکە مەبەستی نەبوو ببێت بە پیاوێکی سیاسی، هێندەی دەیویست وەك هاوڵاتییەکی باش دەربکەوێت، هاوڵاتییەك بۆ مانەوەی خۆی بڕوای بە گەمەی سیاسی نییە، ئەو خەونی پیاوی سیاسی نەبوو، ئەگەر هەیبوایە ئەوا ڕێزی لە یاسای وڵات دەگرت، تەنانەت نەیویست لە زیندان ڕابکات، بەڵکو لەسەر بڕواکانی خۆی بەردەوام بوو.

وا سەیری خۆی دەکرد ئەو نێردراوێکە وپەیامی گۆڕانی پێیە، پەیامێك بۆ ئەوەی هەموویان هەست بکەن کە لە نەزانیندا دەژین، واش سەیری خۆی نەدەکرد ئەو کەسێکی پایە بەرزەو دەبێت دوای بکەون، بەڵکو خۆی بە مێشێکی پیس ناو برد کە یەزدان بۆ ئەوانی ناردووە، لەوەدا بۆمان دەردەکەوێت سوکرات وەك فەیلەسووفێك سەیری خۆی ناکات، بەڵکو ئەوە تێنەگەیشتنی ژنە لەناو نەزانین مرۆڤ دەکاتە فەیلەسووف، مەبەستی لە ژیانی هاوسەری بوو،

پەیوەندییە خێزانییەکان دەتوانن بەختەوەرت بکەن، وەك چۆن دەتگۆڕن بە فەیلەسووف.

قسەکردن لە جەوهەری (زانین/ نەزانین) بەهەمان ئاراستەی قسەکردن و پرسیارکردنە لە (دادوەری/ چەوسانەوە) و (حیکمەت/ شێتی)، (ئازایەتی/ ترسنۆکی) و (بڕوادار/ بێ بڕوا) و (چاکە/ خراپە)، پرسیارکردن لەهەریەك لەو چەمکانە ڕەخنەگرتنە لەو واتایەی کە لە پێشوودا پێیدرابوو، گومانکردنە لە ماناکان، وەك چۆن لە دادگاییکردنی سوکراتدا دەتوانین چەمکی زانین بە تەواوەتی بناسین، کاتێ ئەو فەیلەسووفە بەوە ناو دەبرێت کە شەڕانگێزێکە و هەوڵی دەسخەڕۆکردنی لاوانی داوە، ئەو خوایانەی دەوڵەت باوەڕی پێیانە ئەو دانی پیادا نانێت، لەبەرامبەر ئەوەدا سوکرات وەك نەریتێکی فەلسەفی خۆی دەپرسێت: ئەگەر من تێکدەدەم ئەدی کێ کوڕەکانی نیشتیمان چاکدەکاتەوە؟

لەو پرسیارەوە دەتوانین بە تەواوەتی گومان لە ناوەندگەرێتی ئەو زانینە بکەین، چونکە پێیان وایە بە گۆڕینی ئەو زانینە، سوکرات دەیەوێ لاوان عەقڵێکی جیاواز بن، عەقڵێك بن هەڵگری ئەو سەردەمە بن کە تێیدا دەژین، تاوەکو بتوانن دەوڵەت ووریا بکەنەوە لەو ئاینەی کە دەیپەرستن، بۆ ئەوەی نیشتیمان لەو نەزانینە بە ئاگا بێت، بەڵام دادگا دان بەوەدا نانێت، چونکە خۆیان بە نەخۆش نابینن تا هەوڵی چاکبوونەوە بدەن، ئەوەش قسەکەی سوکرات زیاتر دەسەپێنێت کە جیاوازی نێوانیان بەتەواوەتی دەردەکەوێت، ئەوان درك بە نەزانینی خۆیان ناکەن.



هەستکردن بە نەزانین بنەمایەکە بۆ ڕەخنەگرتن، بۆ ئەوەی گۆڕان لەو عەقڵە مردووەدا بێتە دی، عەقڵێك کە لەبری گۆڕان بووە کوشتنی فەیلەسووفەکەیان، ئەو مردنە نەك ڕێگەی لە بۆچونەکانی نەگرت، بەڵکو ژێرخانێکی بۆ عەقڵانییەتی فەلسەفی دامەزراند، کە ئەفلاتوون گەشەی پێدا، دوای ئەویش ئەرستۆ توانی زۆر نهێنی نێو ئەو گوتارە عەقڵانییە فەلسەفییە دەربخات، تەنانەت قۆناغە فەلسەفییەکانی بەر لە سوکراتیشی شرۆڤە کرد، تیشکی خستە سەر یەکەم فەیلەسووف، کاریگەری فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتیش لەسەر فەلسەفەی یۆنانی لە توندڕەوی گواستەوە بۆ دیدێکی لۆژیکیانەی فەلسەفی.

## ڕەخنەگرتن لە عەقڵانییەتی سوکراتی

ڕەخنەگرتنی نیتچە لە سوکرات پەیوەستە بەو ڕوانینەی کە بۆ ئەو هەیەتی، چونکە پێی وایە سوکرات وەك ئەوەی باسی دەکرێت حەقیقەت دەخاتە ڕوو، لەڕاستیدا نەك حەقیقەت دەرناخات، بەڵکو فەیلەسووفێکی پووچگەرایە، ئەوە سەرباری ئەو بۆچوونەی نیتچە کە شتێك نییە بەناوی حەقیقەت ئەوەی هەیە تەنیا ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی مانایە.

هەرچی پەیوەستە بە تێگەیشتنی سوکرات بۆ ژیان، نمونە بە مەرگی سوکرات دەهێنێتەوە، کاتێك لەسەرەمەرگدا ژیانی جگە لەنەخۆشیی ئیفلیجی بەشتێکیتر ناو نەبرد، ئەوەش نەخۆشییەکە لەتوانای فەیلەسووف نییە بەدوای چارەسەر بگەڕێت وببێت بە پزیشك، چونکە ئەگەر فەیلەسووف وەك

پزیشکێك لەو ژیانە خۆی بخاتە ڕوو، سەرەنجام ژیان "بەتەنیا مردنی ئەو پزیشکەیە، بەڵام سوکرات شتێ نەبوو تەنیا نەخۆشێك نەبێت بۆ زەمەنێکی درێژ" (١٥)

ئەگەر ئەوە تێگەیشتنی بێت بۆ ئەو فەیلەسووفە؟ ئەی چۆن سەیری شانۆنامەکانی یۆرپیدس دەکات؟ دیارە نیتچە بڕوای وایە یۆرپیدس نەك هەر کەوتۆتە ژێر کاریگەری عەقڵانییەتی سوکراتی، بەڵکو سوکرات کۆمەکی تەواوی پێکردووە بۆ نووسینی تراژیدیاکانی. ئێمە سەرەتا ئاماژەمان بۆ شانۆنامەیەکی ئەریستۆفانیس کرد، کە چۆن گاڵتە بە سوکرات دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی تووڕەکردنی ئەفلاتون، کە بووە هۆی داواکردنی دەرکردنی شاعیران لەکۆماردا، بەڵام نیتچە زیاد لەوەش دەردەبڕێت، بەوەی ئەریستۆفانیس هێرشی کردۆتە سەری "هەریەکە لە سوکرات و یۆرپیدس بەو پێیەی وێرانکارین بۆ تراژیدیا و بۆ بەها فیکری و ڕۆحی و ئەخلاقیەکانی یۆنانی" (١٦)

ئەو وێرانکاریەش پەیوەستە بە چەمکی دیۆنزۆسەوە، بەهۆی ئەوەی سوکرات دەبێتە ئەو هۆکارە بۆ یۆرپیدس، کە بەگژداچوونەوە بخوڵقێنێت لەتەك دیۆنزۆس، ئەویش بەهۆی "دەرکردنی مۆسیقا لە تراژیدیا، واتە وێرانکردنی کرۆکی تراژیدیا کە تێی ناگات، تەنیا ئەگەر دەرکەوتن و وێنەگرتنی سیمبولەکان بێت بۆ حالەتە دیۆنزییەکان، ئەوەش بەرجەستەکردنێکی بینراوە بۆ مۆسیقا، جیهانی زانست کە دەردەچێت لەبەزمی دیۆنزۆسی" (١٧)

بە بڕوای نیتچە سوکرات "مرۆڤی هونەرمەند" دەگۆڕێت و دەیکات بە "مرۆڤی تیۆریی" بۆیە شانۆنامەکانی یۆرپیدس ناو



دەبات بە "ماسکی سوکرات" ی، بەو پێیەی عەقڵانییەتی سوکراتی بەرجەستە دەکات، ئەگەر یۆرپیدس شانۆنامەنوسێك بێت دیدی فەلسەفی بە ڕوونی بەرجەستە بکات، ئەوە دیدگا سوکراتییەکان هێزی پشت کارەکتەرن، لەوەشدا نیتچە پێیوایە کارەکتەر گۆڕاوە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە.

ڕەنگە لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی دوو دیدی ناکۆك ببینەوە لەنێوان شانۆنامەی یۆرپیدس و فەلسەفەی نیتچەدا، چونکە ئەگەر وەك ئەوەی نیتچە باسی دەکات، کە ماسکی سوکراتییە، کەواتە شانۆنامەکان دەبێت عەقڵانییەتێکی فەلسەفی سوکراتییان بەرهەم هێنا بێت؟ جا کەوابێت بۆچی زمانی شانۆ ئاستی دادەبەزێت، ئەگەر بەزمانی نیتچە بدوێین دەبێت بڵێین ئەو زمانە "زمانی شانۆ بووە بە زمانی مرۆڤی ئاسایی ڕۆژانە" (١٨)

ئێمە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ناتوانین هەڕەمەکیانە خۆمان یەکلابکەینەوە، ئەوە پێویستی بە ئارگۆمێنتە، تاکە ئارگۆمێنتێکیش کە مافی هێنانەوەی هەبێت وەك بەڵگەیەك تا بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، خودی شانۆنامەکانی یۆرپیدس خۆیەتی، بۆ ئەوەش شانۆنامەی ئەلیکترا وەك ئارگۆمێنت وەردەگرین.

## شانۆنامەی ئەلیکترا

## لەنێوان تراژیدیای یۆرپیدس و عەقڵانییەتی سوکراتی

رەنگە ڕووبەرووی ئەو گریمانەیە ببینەوە کە بۆچی لەنێو تەواوی تێکستەکانی یۆرپیدسدا شانۆنامەی ئەلیکترا بەنموونە وەردەگرین؟ نەك هەر ئەوە، بەڵکو بەدوای هەڵبژاردنی ئەو تێکستە دەبێت خۆمان ڕووبەرووی کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ بکەینەوە، داخۆ ئێمە چۆن لەڕێگەی تێکستەوە عەقڵانییەتی فەلسەفی دەدۆزینەوە؟ ئایا گوتاری عەقڵانییەت لەتێکستدا میکانیزمی چۆنییەتی خوڵقاندنەوەی تراژیدیایە؟ وەك ئەوەی لە ئەلیکترا دەیبینین؟ یاخود بەپێچەوانەوە ئەوە تراژیدیایە ئەو عەقڵانییەتە سوکراتییە بنیات دەنێت؟ ئاخۆ لەو کاتەدا کە تێکست دەبێتە ڕووبەری تراژیدیای بابەت و فیکری عەقڵانی، زمان لە چ ئاستێکی دەلالیدایە؟

ئاخۆ زمان توانای ئەوەی هەیە بچێتە ناو ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان و کێشەکان لەڕووی زمانەوانییەوە دابەزێنێت بۆ زمانی مرۆڤی ئاسایی، وەك نیتچە ئاوا یۆرپیدسی پێ تاوانبار دەکات؟ یاخود شانۆنامەیەك کە هەڵگری گوتارێکی فەلسەفی بێت دەبێت زمانێکی باڵای بۆ بیرکردنەوە و چۆنییەتی دارشتنەوەی دیالۆگ هەبێت؟ ئێمە بەدرێژایی ئەم بەشە هەوڵ دەدەین لەناو شانۆنامەکەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزینەوە، سەرەتا بەر لەچوونە نێو شانۆنامەکەوە ئەوە دەخەینە ڕوو هەڵبژاردنی ئەلیکترا، وەك دیکۆمێنتێك پەیوەستە بەگرنگی ئەو کارەکتەرە لەناو تراژیدیادا، بەهۆی



ئەوەی بەر لە یۆرپیدس لەلای هۆمیرۆس و ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس ئەو کارەکتەرەیان کردۆتە پاڵەوانی تراژیدیی، لەشانۆی نوێشدا سەر لەنوێ ئەلیکترا وەك پاڵەوانێکی تراژیدیی لەلای نووسەرانی وەکو ڤۆلتێر و ڤیتۆریۆ ئەلفێری و یۆژین ئۆنێل و ژان پۆل سارتەر سەر لەنوێ نووسراوەتەوە، بەواتای ئەلیکترا کارەکتەرێکی تراژیدیی شانۆیە، بەدرێژایی زەمەنەکان زۆربەی جار ڕووبەرێکی بۆ تراژیدیای شانۆیی تیا تەرخان کراوە.

ساتەوەختی دەستپێك گێڕانەوەی چیرۆکێکە لەلایان جوتیارێکەوە، بەواتای مەعریفەی ئێمە بۆ تێکست بیستنی ئەوەیە کە جوتیارەکە لەبارەی ڕابردوو دەیگێڕێتەوە، زەمەنی ئێستا زەمەنی قسەکردنی جوتیارەکەیە، زەمەنی ڕابردووش ئەو زەمەنەیە کە دەیبیستین، بەدرێژایی قسەکردنی جوتیار ئێمە مەعریفەمان بەوەی قسە دەکات، ئەو تا قسە بکات باشتر دەیناسین، ئەوەش ئەو لۆژیکە عەقڵانییەی سوکراتی فەیلەسووفە کە دەڵێت "قسە بکە تا بتناسم" قسەکردن ئەو لۆژیکە سوکراتییەی کە کارەکتەرەکەی یۆرپیدس بەپێی ئەو دیدە فەلسەفییەوە دەیخاتە ڕوو، بەبێ تێگەیشتنی لە عەقڵانییەتی سوکراتی ئەو تێکستە دەبێتە کۆمەڵە وشەیەکی مەنەلۆژی، بەڵام کە لەعەقڵانییەتی سوکراتییەوە ئینتیمامان بۆ تێکست کرد، مانای وایە لەبەردەم مرۆڤێکداین نانووسێت، ئاگایی نووسینی نییە، ئاگای قسەکردنی هەیە.

جوتیارەکەمان سۆفستاییەکە قسە دەکات، قسەکردن ناسنامەی زاتی ئەومان بۆ دەخاتە ڕوو، تا ئاستی ئەوەی

تێدەگەین ئەو ژیانی هاوسەری لەتەك ئەلیکترا پێکهێناوە، قسەکردن بونیادی کەسێتی و ئەخلاقی کارەکتەر دەخاتە ڕوو، بۆیە مەعریفەی جوتیار مەعریفەیەکی ساکارە، ئەوەش پەیوستە بە ئاگایی کارەکتەرەوە، بەڵام مەعریفەی ئەلیکترا مەعریفەیەکی جیاوازە بەهۆی ئەوەی هەر لە سەرەتاوە دەیەوێت ترسەکانی کە بەنزا دەگۆڕێت، کەچی گوێڕایەڵی بۆ هاوسەرەکەی بە ئاستی گوێڕایەڵییەتی بۆ یەزدان "من لەخۆشەویستی و ڕێزم بۆت وات دادەنێم هاوشانی لەگەڵ خواکان، لەبەر ئەوەی سوکایەتیت پێنەکردم لەکاتی لێقەومانەکانم، لەبەخت باشی مرۆڤدایە کە پزیشکێکی لێهاتوو بدۆزێتەوە" (١٩)

ئەگەر سوکرات خۆی وەك پزیشکێك وێنا دەکات، نیتچە ڕەخنە لەو پزیشکە دەگرێت، بۆچوونی وایە کە سوکرات شتێك نییە جگە لە نەخۆشێك، بۆ یۆرپیدس جوتیارەکە هەمان پزیشکە کە سوکرات نوێنەرایەتی دەکات، بۆیە ئەلیکترا بۆچوونی وایە لەبەخت باشی ئەودایە کە پزیشکێکی لێهاتووی دۆزیوەتەوە.

ئەگەر جوتیار ئەو وێنەیە بێت بۆ کارەکتەرێکی سوکراتی، بەڵام لەئاستی تریشدا دەیەوێت فەلسەفەکەی بەڕوونی بخاتە ڕوو، ئەوە تەنیا جوتیار نییە دەیەوێت گێڕانەوە ببێتە هۆی ناسینی، بەڵکو پۆرپیدس بەهۆی کاریگەرییە فەلسەفییەکەی سوکرات دەیەوێت تەواوی فەزای تێکست لەژێر ئەو لۆژیکەوە بجولێنێت، ئەوە گێڕانەوەی جوتیار نییە تەواوی چیرۆکەکەمان بۆ دەگیرێتەوە، چونکە ئەو کاتە لە "خۆت بناسە" ی سوکراتی ئێمە تەنیا ئەو دەناسین، بەڵام بۆ



ئەوەی ئەلیکترایش بناسین، ئەویش ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کچی ئاگامەمنونە، دایکی خیانەتکارە.

لێرەدا ئەوە دەخەینە ڕوو ئەگەر جوتیار بەهۆی سادەبوونی وەکو مرۆڤێك قسە بکات، بۆچی تەواوی کارەکتەرەکانی تر لەجۆری ئەلیکترا و ئۆریستیس وەك ئەو قسە دەکەن؟

بیانوویەکمان نییە بۆ پۆرپیدسی بدۆزینەوە، جگە لەوەی کارەکتەر سیمای ونە، تەنیا کە قسە دەکات لەبارەی خۆیەوە دەتوانین بیناسین، بۆیە پاساوێك نییە بۆ ئەوەی ئەو وێنە نیتچەییە هاودژ بکەینەوە، کە ئەو ماسکی سوکراتی بۆ شانۆ لەسەری خۆی نەناوە، بەڵکو تێکستی ئەلیکترا لێرەدا لەکۆمەڵە مرۆڤێکی سوکراتی دەچن تەنیا ماسکی ناوی کارەکتەری جیاوازیان لەسەر ناوە، دەنا هەر هێندەی ماسکەکان لابەرین تەواوی کارەکتەرەکان سوکراتین، هەڵگری فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفەن.

ئاستی دەلالی زمان.. مەعریفەی گێڕانەوەیە، ڕەهەندی کەسێتی بۆ کارەکتەر نائامادەیە، ژیانی مرۆڤەکان لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان وێنەی دنیایەکە کە لەناو ڕابردوو دەگوازرێتەوە بۆ قسەکردن لەو ڕابردووە، ئەوە بێبایەخ کردنی شانۆنامەی یۆرپیدس نییە، بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەوە، یۆرپیدس نووسەرێکە دیدێکی فەلسەفی ڕوونی هەیە لەشانۆدا، ستراتیژی گوتار لەتێکستی ئەودا لەو مەعریفە سوکراتییەوە خۆی دەخاتە ڕوو، هەمووومان ئەو وێنەیەمان لەیادە کە پێشتر لەلای سوکرات باسمان کرد.

کاتێك ئەگەر ئەو پێکە ژەهرەی ئەدرێت بەو تا بیخواتەوە بمرێت، ئەو دەمەی باس لەوە دەکات بۆیان ئەگەر ئەو پێکە

بدات بەخواکان ئاخۆ دەمرن، سوکرات ئەو وێنەیە بەبێ هیچ قولاییەکی ئالۆز دەخاتە ڕوو، ڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێت خواکان بوونیان نییە، بەڵکو بوون لەعەقڵی ئیمەدایە، بۆیە ئەگەر ئەتوانین ئەو ژەهرە بدەین بەخواکان؟ ئەو گریمانەیە بۆ ئەوەیە کە ناتوانین، واتە لەبنەڕەتدا مردوون.

دیدی یۆریپیدسیش لە شانۆنامەکەدا هەر هەمان شتە، کاتێک کۆڕس داوا لە ئەلیکترا دەکات کەلەگەڵی بچن بۆ لای خواوەندەکان، کەچی ئەلیکترا ڕێك دەبێتە مرۆڤێکی سوکراتی بەوەی خواکان نەیانتوانیوە بەتەنگ هاوارەکانییەوە بچن، بۆیە ئەو لەوان ماندوو بووە.

لەلای نووسەر مەعریفەی سادە بۆ گەیاندنی کۆی ڕووداوگەلێکە کە لەڕێگەی گێڕانەوە دەیخاتە ڕوو، وەك ئەوەی ئەلیکترا پێمان بڵێت من ناوم ئەلیکترایە کچی ئاگامەمنون ئەوەی دایکی خیانەتکار و بکوژە. ئەو وێنە سوکراتییە شانۆنامەیەکی سادەی بەرهەم نەهێناوە، هێندەی شانۆنامەیەکی عەقڵانی بەپێی دید و فەلسەفەی سوکرات بنیاتناوە.

عەقڵانییەتی فەلسەفی تێکست لەڕێگەی گێڕانەوەی کارەکتەرەوەیە، نەوەك کارەکتەر هەڵگری عەقلانییەتێکی فەلسەفی بێت، گرفتێك لەوەدا نییە کە گێڕانەوە زمانی تراژیدیا بێت، بەڵکو لەنەبوونی ئەو دیالەکتیکییە کە گێڕانەوە زمان دەکات بە سێنتەری ڕووداو، کاتێك زمانی گێڕەرەوە بوو بە سێنتەری ڕووداو ئەو کاتە کارەکتەرەکانیش بەدەوری ئەو سێنتەرە دەسوڕێنەوە، بۆیە تاوانبارکردنی یۆریپیدس لەلایان نیتچەوە تۆمەتێکی



ئەخلاقی نووسین نییە، بەڵکو ماسکێکی سوکراتییە و دەیەوێت لەسەر ڕووی هەڵیبداتەوە، ئەوەی نیتچە ڕەخنەی لێگرتووە ئەو سادەییەی قسەکردنە کە شانۆنامەکە کەوتۆتە ناو ونکردنی زمانی باڵا بۆ پرۆسەی بیرکردنەوە، شتێکی خراپ و زیادەڕۆییمان نەکردووە گەر بڵێین بیرکردنەوە لەناو ئەو تێکستەدا بوونی نییە، بیرکردنەوە بەمانا شانۆییەکەی کە تێکستەکە لەلۆژیکی کارەکتەرەوە ڕووداوەکان بەرز بکاتەوە، نەوەك بەپێی لۆژیکی سوکراتی کارەکتەر ملکەچی ڕووداو بکات.

چەمکی بیرکردنەوە لێرەدا وابەستەی ئەو بوونەیە، کارەکتەر بەکردەیەك هەڵناستێت، بەڵکو چاوەڕوانی ئەوەیە کە دێت، ئەلیکترا چاوەڕوانی گەڕانەوەی براکەیەتی تا عەرشە لەدەست چووەکەیان بگەڕێنێتەوە، کەواتە بوون بۆ ئەلیکترا چ چەمکێکی بۆ پاڵەوانبوون هەیە؟ ئاخۆ ئەو بوونە وابەستەی ئەو پرۆسە عەقڵانییەتە نییە؟

ئەلیکترا ڕقێکی گەورەی لەدایك دەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی شووی بە پیاوێك کردووە و عەرشەکەیان داگیر کردووە، بۆ ئەو دایك خیانەتکار و بکوژە لەبەرامبەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و لەبەردەم دەسەڵاتیشدا، بەڵام ئەو ڕقە بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەو، چونکە ئەو دەبێت دواجار چاوەڕوانی برا بگۆڕێت بە کوشتنی دایك.

چاوەڕوانییەك دەردەکەوێت کۆتایی هاتووە، چونکە ئەوەی وا دەردەخات کە لەلای براکەیەوە هاتووە بۆخۆی ئۆریستیسی برایەتی، لێرەدا وێنەیەك کە نادیارە وێنەی ئاگامەمنونی باوکە، ئاخۆ ئەو پەیوەندییە بەر لەساتەوەختی کوشتن لە چ

ئاستێك بووە؟ ئەو هۆگر بوونەی ئەلیكترا بۆ عەرشە كە دایك بردی و لەگەڵ پیاوێكی غەریب زەوتی كرد، یا بەهۆی ئەوینی كچە بۆ باوكەوە؟

سۆفستاییەتی ئەلیكترا لەو شوێنەوەیە كە ئەو بانگەشە بۆ پرۆسەی ناونان دەكات، ئەوە پرسیاری ئێمەیە، چونكە پێویستی بە پەیوەندیی درامیانەی ڕووداوە، بۆیە وێنە تراژیدیاكە نابینین، تراژیدیا دەبردرێتە ئاستێك كە ئیدی بوار و ڕەهەندەكانی وون ببن، بەواتایەكی تر یۆرپیدس تراژیدیا لەدەست دەدات، سوكرات كۆمەكی ئەوەی پێدەكات كە ببێتە بكوژی تراژیدیا.

لێرەوە كوشتنی ئاگاممنون هاوشێوەیە لەگەڵ كوشتنی تراژیدیا، ئەگەر دایك بكوژە، یۆرپیدس و سوكراتیش بكوژی تراژیدیان، ڕەنگە ئەو ڕوانینە بۆ مەعریفەی باو وەك جۆرە كوفر و هەڵگەڕانەوە لەبڕواكان سەیر بكرێت، بەڵام ئەگەر ووردبینانەتر سەیری پەیوەندییەكانی تێكست بكەین لەئاستی فەلسەفە و تراژیدیادا، ئەو ساتە تێدەگەین لەوەی پیرۆزی تێكست لەمانەوەی نییە، مانەوەی پیرۆزی پەیوەستە بە ئاستی دەلالی خوێندنەوەمان، كاتێك بینیمان و خوێندمانەوە كە خەوشەكە لەكوێیە هەر بێدەنگییەك لەتێكست لەڕاستیدا بێدەسەڵاتی كردەی وەرگرتنی هەر وەرگرێك یا خوێنەرێكە، ئەگەر ئەوە پێویستی بە بوێری هەبێت، لەڕوویەكیتریشدا ناكرێت چیتر تیۆر لەڕوویەك ببینین و تێكست لەشوێنێكی دی بەهۆی ئەوەی نووسەرەكەی یۆرپیدسە، بەڵام پیرۆزمانەوە و نزیك نەبوونەوەی پێشتر نەك بۆ



ئێمە بۆ هەر كولتوورێك لەو شێوەیە سەیركردنەی بۆ تێكست.

پەیوەستە بە نزیك نەبوونەوە لەپەیوەندیی ڕەگناسیانەی تێكست، لەنێوان فەلسەفە و تراژیدیا، كە بەداخەوە ئێمە هەمیشە بەدرێژایی مێژووی كاركردنمان لەشانۆدا ئەو بابەتەمان فەرامۆش كردووە، لەشوێنی ئەودا تراژیدیامان وەك سەرچاوە و بنەچەكە بۆ شانۆ سەیر كردووە، ڕوانینمان بۆی وەك ڕوانینی كەسە دینییەكان بووە بۆ كتێبە ئاسمانییەكان، كاتێك ڕەخنەش لەو سەرچاوەیە گیرابێت زیاتر پەیوەست بووە بە بانگەشەكردنێك و نەچۆتە ئاستی توێژینەوە و ڕەخنەوە.

ململانێی ڕەگەزیی لەو تێكستەدا بەپێی ستراتیژیی گوتاری فەلسەفی سوكرات یەكلایی دەبێتەوە، بەوەی پیاوەكان مرۆڤە باش و قوربانییەكانن، ژنەكانیش بكوژ و خراپەكارن، ئێمە ئەگەر سەیری ئاگاممنون بكەین، لەم تیكستەدا كە كارەكتەرێكی نائامادەیە بەهۆی ئەوەی دەبیستین كە كوژراوە، واتە قوربانییە، بەڵام كێ كوشتی؟ بەدەستی كێ كوژرا، بەپیلان و خیانەتی هاوسەرەكەی، لەولاشەوە ئەلیكترا بۆ تۆڵەی دایكی سوورە لەسەر ئەوەی خۆی دایكی بكوژێت، لەكاتێكدا ئۆریستیسی برای ئیگستۆسی عاشقەكەی دایك دەكوژێت، بەهیچ جۆرێك ئامادە نییە ببێتە بكوژی دایك، چونكە كوشتنی دایك بۆ كوڕ كۆتایی هاتنە بە پاكیزەیی ئەو وەك مرۆڤ، لەكاتێكدا ئەلیكترا هەمیشە هانی دەدات بۆ ئەو كوشتنە،

بەوەی دەبێت ئەوان تۆڵەی باوك بكەنەوە، سەرەنجام ئەوەی دەكوژرێت پیاوەكانن، باوك و دۆستەكەی دایك.

جوتیارەكەی هاوسەری ئەلیكترا نمونەیەكی تری باڵابوونی پیاوە، ئامادەبووە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەلیكترا بكات بەبێ ئەوەی دەستی لێبدات، چونكە ئەو لەبنەماڵەی دەسەڵاتە، ئەوەش وەك دواتر خوشك و برا باسی دەكەن، جوتیارەكە لەسەر ئەو كارەی دەبێت خەڵات بكرێت، ئەوە ستراتیژی گوتاری یۆرپیدسە لەم تراژیدیایە، كە سوكرات پێویستە خەڵات بكریت.

لەبەرامبەر ئەوەدا دەبینین ژنەكان وەك بكوژ دەخرێنە ڕوو، بەرزكردنەوەی ڕەگەزی نێر لەناو تێكستەكەدا، گەڕانەوەیە بۆ عەقڵانییەتی سوكراتیانە بۆ ڕەگەزەكان، كە چۆن سەیری ژنی كردووە.

ئەگەر دیسان لەسەر چەمكی پاڵەوان بوون بووەستین ، ئاخۆ ئەلیكترا كە شانۆنامەكە بەناوی ئەو ناونراوە پاڵەوانە؟ كردەی پاڵەوان بوون چییە؟ ئێمە دەزانین بۆچی ئەنتیگۆنا پاڵەوانە، بەڵام نازانین پاڵەوان بوونی ئەلیكترا لەلای یۆرپیدس چییە؟ هیوام وایە ئەوە بەهەڵە وەرنەگیرێت، قسەمان لەسەر كۆی ڕۆڵی ئەلیكترا نییە لەشانۆی گریكی، بەڵكو قسەكە لەسەر ئەلیكترای یۆرپیدسە، كۆی پاڵەوان بوونی ئەلیكترا لەلای یۆرپیدس بریتییە لەوەی دەتوانێت پلان دابنێت بۆ كوشتنی دایك، لەكاتێكدا ئەو پاڵەوانێكی ڕەگەزی مرۆیی نییە، بەڵكو پاڵەوانێكی تیۆریی سوكراتییە، كە ستایشی جوانی دایك و پورەكەی دەكات، وەك دوو خوشك بەشێوەیەكی سەیر جوانن، بەڵام سرووشتی كارەكانیان وەك



شەرمەزاریی بۆ براكەیان دەبینێت، چونكە هەمیشە ڕەفتاری ژنەكان دەبێتە هۆی شەرمەزاری پیاوەكان، ئەوە وا دەكات سیمای پاڵەوان بوونی كارەكتەر پەیوەست بێت بەو دیدگا فەلسەفییە سوكراتییە نەوەك پەیوەست بێت بە بنەما تراژیدییەكانی ئەرستۆیی، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەوڵی سڕینەوەی بنەمای ئەرستۆییش دەدات كە پێشتر لەڕوانگەی نیتچەوە لەسەر ئەو خاڵەیان وەستاین.

بۆیە ئەوەی لێرەدا بمانەوێت تیشكی بخەینە سەر پەیوەندیی نێوان عەقڵانییەت و تراژیدیایە، ئاخۆ لەكۆی تێكستەكەدا تا كۆتایی كە خاڵی ئەلیكترا دێت و سەرەنجام خوشك و براكە دەبنە مەنفی و ئەوانیتر دەسەڵات دەگرنە دەست و كوشتن بكوژەكان ناكات بەحاكم، بەڵكو وەك سزایەك دەیانكات بە مەنفی، ئاخۆ ئەو عەقڵانییەتە میكانیزمی چۆنییەتی خولقاندنەوەی تراژیدیایە؟ یاخود بەپێچەوانەوە ئەوە تراژیدیایە ئەو عەقڵانییەتە سوكراتییە بنیات دەنێت؟

دیارە ئەوە تراژیدیا نییە ئەو عەقڵانییەتە سوكراتیە بنیات دەنێت، چونكە تراژیدیا لەدەستپێكەوە ڕووداوەكان لەو دیدە فەلسەفییە دەجولێنێت، مرۆڤەكان بەپێی دیدگایەكی ڕوون كە هەموویان سەر بەو سیستمەن، بۆیە ئەوە عەقڵانییەتی سوكراتییە وەك ئەوەی دەیەوێت ئاوا تراژیدیا درووست دەكات، دیدگای سوكراتی میكانیزمی تراژیدیای یۆرپیدسیە.

هەڵبەت ئەوەی ئێمە لێرەدا لەسەر دیدی سوكراتیانەی یۆرپیدس و بەتایبەت لەسەر جیهانبینی تێكستی ئەلیكترا خستومانەتە ڕوو، دەشێت دیدێكی زۆر تایبەتمەند بێت، بە

پاڵپشتی تێگەیشتنەکانی نیتچەوە زیاتر لەو بابەتە هەوڵمانداوە چڕ ببینەوە، ئەوە لەکاتێکدا کەسانی توێژەر و ئەکادیمی شانۆیی هەیە، تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی ئێمەی هەیە، کە یۆرپیدس هەرگیز کەسێکی عەقڵانی نەبووە، بەڵام دەرگایەك کە نیتچە کردیەوە، وای کرد بوار بۆ زۆر ڕوانینی داخراو بکاتەوە تا قسە لەپەیوەندیی ئەو شانۆنووس و فەیلەسووفە بکەن، هەرچەندە دەشێت ئێمە کاتێك خۆمان ڕووبەرووی پرسیاری تر بکەینەوە، کە ئاخۆ شانۆگەری "تەڕوادییەکان" ی یۆرپیدسیش هەر بەهەمان شێوە لەژێر ئەو کاریگەرییە نووسراوە؟

لێرەدا دیدێکی تر و بوارێکیتر دەردەکەوێت کە دەتوانین لەدەرەوەی شانۆنامەی "ئەلیکترا" وە ئەمجارە پشت بکەینە نیتچە، زیاتر هاوڕاین لەگەڵ ئەو بۆچوونەی تر، هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو یۆرپیدسەی ئێمە ڕەخنەی ئاراستە دەکەین، نیتچە ئەوەی نیشانداین کە ئەو ماسکێکی سوکراتییە، ئێمەش لەڕێگەی شانۆنامەی ئەلیکترا، هەوڵماندا پەردە لەسەر پەیوەندیەکانی کارەکتەر و پرۆسەی نووسین هەڵبدەینەوە ، بەڵام شانۆگەری "تەڕوادییەکان" بەبڕوای هەندێك توێژەر بۆ ماسکی سوکراتی نوسراوە، لەو تێکستەدا عەقڵانییەتی سوکراتیی لەناو پرۆسەی گوماندایە، ژنەکان ئەو پەراوێز و خراپەکارانە نین کە سوکرات دەیخستنە ڕوو، بەوەی ئەو تێکستە وێنەی دووەمی یۆرپیدسمان بۆ دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەو توێژەرانە لەو کاتەدا دوو خاڵی گرنگ فەرامۆش دەکەن، یەکێکیان ئەوەیە ئەگەر قسەکردن لە ژن وەك دیل لەکاتی جەنگەکاندا بایەخی یۆرپیدس بخاتە ڕوو، کە



جیاواز لەتراژیدیی نووسانی تر ئەو بابەتەی هێناوەتە ناو شانۆنامەکانی، ئەوا بەر لەویش ئەو بابەتە جێگەی بایەخی ئەسخیلۆس بووە لەشانۆنامەی "ئاگامەمنون" هەروەها لەلای هۆمیرۆس بابەتێکی گرنگی ناو ئەو جەنگەی تەڕوادییەکان بووە، کە لەژێر ئەو کاریگەرێتییەوە یۆرپیدس شانۆنامەکەی نووسیوە.

خاڵی دووەمیش کە گەڕانەوەیەکی ترە بۆ سوکرات لەناو خودی شانۆنامەکە دەردەکەوێت، ئەویش پەیڕەوکردنی شێوازی سۆفستاییەکانە بۆ کاتی قسەکردن، کە هەوڵ دەدەن بەڵگەی وتراو بێننەوە بۆ دانپیانان، ئەوەش چەمکێکی فەلسەفی سوکراتییە و یۆرپیدس لەم شانۆنامەیەشدا پەیڕەوی لێدەکات، کە گەواهی دیدگای فەلسەفی سوکراتە بەسەر ئەو کارەشیەوە.

ئەگەر ژنە تەڕوادییەکانی یۆرپیدس.. مردن لەژیان بە شایستەتر دەزانن، ئەوا ئەو بۆچوونە چەندە ڕووبەری فراوانی مەرگە لەبەرامبەر ژیان، بەڵام دیدی ڕوونی فەلسەفەی سوکراتە، سوکرات کە لەزنیداندایە بە پۆزشێك دەتوانێت ئازاد بێت و بگەڕێتەوە ناو ژیان، بەڵام ئەو مردن بە شایستەتر دەزانێت لەو ژیانەی کە هەیە، کەواتە ژنەکان هەڵگری عەقڵیەتی سوکراتین.

لێرەوە لەو ڕاستیە تێدەگەین کە مەرگی تراژیدیا پەیوەستە بە شانۆنامەکانی یۆرپیدس و کاریگەری سوکرات لەسەر تێکستەکانی، ئەوە سەرباری ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر تراژیدیای دێنێت لەشانۆدا، بەڵام تراژیدیا لەبەردەم مەرگی خۆیدا بەرەو فەنابوون ناڕوات، بەڵکو لەگەیشتنە لوتکەی و

کۆتاییەکەیدا دەرگا لە پەیوەندییەکی نوێی نێوان فەلسەفە و شانۆ دەکاتەوە ئەویش شانۆی فەلسەفییە، بەڵام ئاخۆ ئێمە پێویستمان بەوە نییە بەر لەوەی بمانەوێ قسە لەشانۆی فەلسەفی بکەین، بپرسینەوە کە فەلسەفەی شانۆ چییە؟
یاخود ئێمە لەڕێگەی نزیکبوونەوەمان لەتێکستە فەلسەفی و شانۆییەکان توانیمان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە؟ ئاخۆ ئێمە لەگەڵ مەرگی تراژیدیا شوناسێکی ڕوونمان هەیە بۆ فەلسەفەی شانۆ؟ ئەی تراژیدیا کە دەمرێت شوناس لەگەڵ خۆی ناکوژێت؟ کەوایە ئەو فەلسەفەیە چییە کە شانۆ هەڵگریەتی؟

## گەڕانەوە بۆ پرسیاری فەلسەفەی شانۆ چییە؟

ئێستا پاش ئەوەی بەناو پەیوەندیی نێوان شانۆ و فەلسەفەدا ڕۆچووین، دەگەڕێینەوە سەر پرسیاری سەرەتای ئەو توێژینەوەیە، ئەو کات ئێمە هێشتا باسمان لە پەیوەندیی نێوان شانۆ و فەلسەفە نەکردبوو.. قسەمان لە تراژیدیا و دیدی ناکۆکی فەیلەسووفەکان نەکردبوو بۆ تراژیدیا، هێشتا شتێکمان نەوتبوو لەبارەی بیرۆکەی مەرگی تراژیدیا لەلای نیتچە، کاتێک پرسیارێکمان ئاراستەی خۆمان کرد بۆ چوونە نێو بابەتەکە ئەو دەمەی پرسیمان: فەلسەفەی شانۆ چییە؟
ئەو پرسیارە ئێمەی ڕووبەڕووی پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆ کردەوە، لەگەڵ فەیلەسووفەکان ناکۆک دەبووین، ڕێک دەبووین.. ڕوانینی خۆمان دەخستە ڕوو، هەندێکجار لەشانۆنووسەکان دوور دەکەوتینەوە، لەگەڵ فەیلەسووفێك



تەبا دەبووین، بەڵام ئێستا کە هەموو ئەو شتانە دەزانین ولەسەری وەستاین و باسمانکرد، سەر لەنوێ پرسیارەکەمان دەکەینەوە و دەپرسین: فەلسەفەی شانۆ چییە؟
فەلسەفەی شانۆ بیرکردنەوەی عەقڵانییە لەگوتاری نمایشی شانۆیی، هەڵگری ئازار و خەون و پرسیارە، پاڵەوانەکان دەبنە سیمبولی فەلسەفی بۆ شانۆگەریەکان، ئەوان پرسیارەکانی مرۆڤ دەبەنە ناو زەمەنە بەسەرچووەکان، سەر لەنوێ لەگەڵ ئێستای ئێمەدا دەیهێننەوە، پەیوەندیی نێوان عەقڵ و خەیاڵ دەکەنە ڕووبەرێکی فانتازیا بۆ ئەوەی بتوانین تیۆرێکی تایبەتمان بۆ جوانیناسی هەبێت، فەلسەفەی شانۆ وێنەی شانۆیی لەبونیادێکی واقعیەوە دەگۆڕێت بۆ بونیادێکی هونەریی.
جیهان وەك ئەوەی هونەرمەند وێنای دەکات، ئاگایی جوانکاری و فەلسەفی لەکارەکەیدا بەشداری پێدەکات، لێرەدا شانۆکار و فەیلەسووف وەك دوو مرۆڤ بەشداری ناو ژیار و ئاگایی کۆمەڵایەتی توانای نوسینەوەی جیهانیان هەیە وەك ئەوەی ئارەزووی دەکەن، تەنانەت تراژیدیاکانیش لەڕێگەی فەلسەفەی شانۆوە دید و فەلسەفەکەی دەست نیشان دەکرێت، شانۆکاری بیرکەرەوە مرۆڤێکی فەیلەسووفە، هەڵگری پرسیار و گومانە، لەدەرەوەی کائینێکی بیرکەرەوە شانۆکار ئەو کائینەیە کە فەلسەفەی شانۆ لەدەست دەدات، شانۆ لەگوتارێکی فەلسەفییەوە دەگوازێتەوە بۆ گوتارێکی ئایدیۆلۆژی.
ئێستا ئەوەی بەبیرماندا دێت ئەوەیە، سەرباری ئەو هەموو ڕەخنانەی ئاراستەی یۆرپیدسمان کرد، ئاخۆ یۆرپیدس تراژیدیا کوژ بوو.. یان فەیلەسووف؟ لەڕاستیدا یۆرپیدس

بیرکەرەوەیەکی فەلسەفییە کە ویستی هەڵگری فەلسەفەی سوکرات بێت، بۆیە شانۆنامەکانی چەندە وەك کۆتایی بۆ تراژیدیا سەیر بکرێت، بەڵام سەرەنجام دەتوانین وەك تێکستێك بۆ ناسینی سوکرات وەری بگرین.

بۆیە فەلسەفەی شانۆ دنیابینی نێوان شانۆکار و فەیلەسووفە، بەڵام نەك بەمانا یۆرپیدسیەکەی کە ببێتە ماسکی فەیلەسووفێك، چونکە دەشێت لەماسك بوونی فەلسەفەیەکی ڕوون بابەتەکە لەدیدی هونەریەوە بگۆڕێتە سەر دیدی تیۆریی، لەو کاتەشدا شانۆ گرنگی خۆی لەدەست بدات، وەك گۆڕینی گوتار ببینین کە لەگوتاری فەلسەفییەوە بگۆڕێت بۆ گوتاری ئایدیۆلۆژی، بۆیە هەر کاتێك شانۆیەك ئاستی نزم بوو ئەوە پەیوەستە بە ئامادەنەبوونی ڕۆشنی گوتارە فەلسەفییەکەی، پێویستە گومان لە فەلسەفەی نمایش و تێکست بکەین، چونکە شانۆیەك بوونی نییە بەبێ بوونی فەلسەفە، وەك چۆن هیچ کاتێك فەلسەفە نەیتوانی و ناتوانێت دەستبەرداری شانۆ ببێت، ئەوەش گرنگی ئەو پەیوەندیە هاوبەشەی نێوان فەلسەفە و شانۆیە. لێرەدا ئەو پەیوەندیە کە فەلسەفەی شانۆ دادەمەزرێنێت، دەبێتە تەواوبوونی قۆناغێك و چوونە نێو قۆناغێکی نوێ ئەویش شانۆی فەلسەفییە، ئەمجارە فەیلەسووفەکان بۆ گوتارە فەلسەفییەکەیان ڕوو دەکەنە تێکستە شانۆییەکان و ڕووبەری نمایشە شانۆییەکان، بۆیە ئێستە گەیشتووین بە پرسیارو دۆخێکی نوێ ئەمجارە دەپرسین: شانۆی فەلسەفی چییە؟



## شانۆی فەلسەفی

گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕەچەڵەکی شانۆی فەلسەفی.. دەستپێکی قۆناغێکی نوێی شانۆییە.. ئەوە بەدوای مەرگی تراژیدیا دێتە بوون، بەواتای فەلسەفەی شانۆ کە لەشانۆی کلاسیکیەوە دەستی پێکرد و بە شکسپیر تێپەڕی توانی پەیوەندیەك لەنێوان شانۆ و فەلسەفە بخوڵقێنێت، ئەو پەیوەندیە هەر لەسەرەتاوە بەناکۆکی نێوان فەیلەسوفان و شاعیرانی شانۆ دەستی پێکرد، تا دەگەیشتە دەرکەوتنی سیماکانی ئەو پەیوەندیە کە چەندین شانۆنووس و فەیلەسوف ڕوانینی جیاوازیان لەو بارەیە هەبوو.

ئەوەش بوونی ئەو پەیوەندییەی دەکردە پێویستییەك کە پەیوەست بوو بە تراژیدیاوە، بەڵام ئەو دەمەی فەلسەفە بانگەشە بۆ مەرگی تراژیدیا دەکات، لەوێوە ئێمە دەکەوینە بەردەم تەواو بوونی فەلسەفەی شانۆ، تەواو بوون بەمانای کۆتایی نییە، بەڵکو بەواتای ئەوەی ئیدی سیماکانی فەلسەفەی شانۆ دەرکەوت، ئەو دەرکەوتەیەش پەیوەستە بەدنیابینی فەلسەفە بۆ شانۆ، کە مەرگی تراژیدیا کۆتایی شانۆ نییە، بەڵکو دەستنیشانکردنی گوتاری فەلسەفییە لەشانۆدا، ئەوەش بووە فەلسەفەی شانۆ.

کەوابێت ئێمە کاتێك باس لەشانۆی فەلسەفی دەکەین، بەواتای بەدوای کامل بوونی فەلسەفەی شانۆ دێینە سەر شانۆی فەلسەفی، ئەوە فەیلەسووفەکان نین کاریگەری لەسەر شانۆ بەجێ دێڵن، هەڵبەت لەقۆناغی فەلسەفەی شانۆدا فەیلەسووفەکان کاریگەریی دیاریان بەسەر شانۆ بەجێ

دەهێشت، بەڵام لە شانۆی فەلسەفیدا ئەوە شانۆکارانن کاریگەریی بەسەر فەیلەسوفەکان دەستنیشان دەکەن، ڕەنگە جارێ قسەکردن لەو باسە زوو بێت، بەڵام پێویستمان بە وروژاندنی ئەو پرسیارەیە: شانۆی فەلسەفی لەکوێوە دەست پێدەکات؟ چۆن ئەو شانۆیە فەلسەفەی کرد بە گوتارێکی هونەریی؟

هەڵبەت بمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، دەبێت بزانین شانۆی فەلسەفی چیکرد تاوەکو فەلسەفە ئاراستەی شانۆ دەستنیشان نەکات، بەڵکو شانۆ ئاراستە فەلسەفییەکە ببات بەڕێوە؟ ئەو کاتەی شانۆ دەیەوێت چەمکی گۆڕان لەسنورێکی دەستنیشانکراو ڕوو نەدات، بەڵکو ئەو چەمکە هاودژکردنەوەی دنیابینی شانۆییمان بێت، ئەوەش لەلای دوو شانۆکار دەردەکەوێت ، یەکێکیان برتۆڵد بریخت و ئەویتریشان ئەنتوان ئارتۆیە.

ئەو دوو ناوە لەشانۆدا کاریگەرییان بەسەر تەواوی گۆڕانکارییە شانۆییەکانی دوای خۆیان بەجێ دێلن، جگە لەوەی ناگەڕێنەوە سەر ئاراستەکانی فەلسەفەی شانۆ، بەڵکو شانۆی فەلسەفی بەدید و ڕوانینی جیاواز لەیەکتری بنیات دەنێن.

هونەری شیعریی ئەرستۆ و شانۆنامەکان وەك تێکستی نوسراو ئەو بنەما گرنگ و سەرەکییەی هونەری شانۆن کە بریخت و ئارتۆ بە تەواوی سەراوژێری دەکەن، وا لەفەیلەسووفەکانیش دەکەن بە گرنگی و بایەخەوە لەشانۆ بڕوانن، بەتایبەت شانۆی ئارتۆ کە چەندین فەیلەسووفی پاش تازەگەریی ناچاری ئەوە کرد بۆ ئەو قۆناغە



فەلسەفییەی کە تازەگەریی کۆتایی دێت، قۆناغێکی نوێ دێتە کایەوە ناکرێت بۆ شانۆی ئارتۆ نەگەڕێینەوە، هەوڵەکانی ژاك دیریدا و ژۆلیا کریستیفا دوو نمونەی دیاری گوتاری فەلسەفین لەناو شانۆ، هەر ئەوەش وای کرد کە دیریدا تەنانەت بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو تارماییەی مارکس لە کتێبی "بەیاننامەی کۆمۆنیزم" ئاماژەی بۆ دەکات، بگەڕێتەوە سەر شانۆنامەی هاملێتی شکسپیر، ئەوە لەپاڵ ئەوەی هەندێك فەیلەسوفی تر لەدەرەوەی تێکستی تیۆریی بۆ فەلسەفە، هەستیان بە گرنگی هونەری شانۆ کرد، ڕاستەوخۆ دەست دەکەن بە نوسینی شانۆنامە لەوانە سارتەر و کامۆ.

ئێمە هەوڵ دەدەین لەسەر تەواوی ئاسۆ و ڕەهەندەکانی شانۆی فەلسەفی بدوێین، هەروەها لەبارەی ئەو کاریگەرییەی شانۆ لەسەر گوتاری فەلسەفی بەجێی دێڵێت، ئەوەش پەیوەندییەکی تری نێوان شانۆ و فەلسەفەیە، بەڵام ئەمجارە زاڵبوونی شانۆیە بەسەر فەلسەفەدا، ئەوە فەلسەفە نییە کۆتایی بۆ شانۆ دەستنیشان بکات، بەڵکو ئەوە شانۆیە دێت ئاراستە فەلسەفییەکان دەخوێنێتەوە، دەیباتە ناو پرسیاری زەمەنی بۆ خوێندنەوەی مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە، خوێندنەوەیەك لەدایکبوونێکی نوێی ئەو پەیوەندییە بێت، کە دواتر گۆڕانکاری بەسەر چەندین چەمکی گرنگداهێناوە لەوانە چەمکی گێڕانەوە، هەروەها پەیوەندیی نێوان پێرفۆرمانس وشانۆ پشکنینێکی تری ناو شانۆی فەلسەفییە.

وەك چۆن چەندین چەمکی فەلسەفی کە هەڵێنجراوی ناو گوتارە شانۆییەکەن، لەوانە چەمکی پەناهەندەیی ئەو

چەمکەی کە فەیلەسووفەکان لەبارەی نیشتیمانەوە بۆی دەگەڕێنەوە لەناو شانۆی برێختەوە لە پەیوەندییەکانی دەکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی بەتەواوی ئەو وێنەیەی شانۆی فەلسەفی نیشان بدەین، پێویستمان بە ئارامگرییەکە تاوەکو لەگەڵ دید و گوتارە جیاوازەکاندا هەنگاو بنێین، چونکە نەمانویستووە ڕوانینی خێرا ببەخشین، لەدەرەوەی وێنەی شانۆی فەلسەفییەوە نزیک بکەوینەوە، بەڵکو مەبەستمان بەخشینی ئەو وێنەیەی نێو شانۆی فەلسەفییە، کە دەشێت بۆ داهاتووی گوتارە شانۆییەکەمان بتوانین خوێندنەوەی جیاواز ببەخشین، چی تر خەونمان دەستنیشان کردنی فەلسەفەی شانۆکە نەبێت، هێندەی ئیشکردن بێت لەناو شانۆی فەلسەفیدا، بۆ ئەوەش لەئێستادا بە برێخت دەست پێدەکەین، بەو پێیەی شانۆکەی هاودژکردنەوەی ڕێسا ئەرستۆییەکە بوو.
لێرەدا تێبینییەک دەخەینە ڕوو بەر لەوەی بچینە ناو بابەتەکەوە ئەویش ئەوەیە ئەو دوو ناوە دیارەی شانۆ کە شانۆی فەلسەفیان هێنایە بوون، لەدوو دید و ڕوانینی جیاواز کاریان کرد هەر لەبەر شێوازی چارەسەریان بۆ شانۆ نەبوو، بەڵکو لەبایەخدانیان بۆ هونەری شانۆش تەواو جیاواز کاریان کرد، برێخت لەڕێگەی نووسین بۆ شانۆ، دواتر کارکردن لەشانۆنامەکان بەواتای دەیویست هەر لەو ڕێسایەی نووسینی شانۆنامە گۆڕان بخوڵقێنێت، دواتر وەک دەرهێنەرێک کار لەو گۆڕانکاریانەی شانۆکەی بکات.
هەرچی ئارتۆ بوو بایەخی بە وشە و تێکستی نوسراو نەدەدا، بەمانای ئەوەی دەیویست هونەری شانۆ لەناو شانۆ بنیات بنێت، سەرباری ئەوەی تێکستی شانۆیی ڕەتەکردەوە، بەڵکو



بەشێوازێکی تر خوێندییەوە، ئەوەش وای لێدەکات بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو تێکستانەی کە شیعریەتی شوێن نەک شیعری وتراو بالا دەستە، کە لەو نێوەندەشدا بایەخ بە شانۆنامەکانی ئەلفرید گاری دەدات. شانۆنامەکانی گاری ئاسۆیەکی گرنگ بەڕووی شانۆی فەلسەفی دەکەنەوە، ئەگەر برێخت خۆی شانۆنامە دەنووسێت، بەڵام ئارتۆ لەڕێگەی شانۆنامەی گاری ئەو شانۆ فەلسەفییە دێنێتە بوون.
بۆیە شانۆنامەکانی گاری کۆمەکی زۆری ئارتۆ دەکات بۆ ئەو شانۆیە، وەک دەلاقەیەکی ناو شانۆی فەلسەفی سەیری دەکەین کە دەکرێت لەسەر تێکستەکانی هەڵوەستەیەک بکەین، جارێ با سەرەتا لەسەر شانۆی برێخت ئەو شانۆیەی بە داستانی ناسیمان، لێرەدا وەک شانۆی دیالەکتیکی ناوی دەبەین.

## شانۆی دیالەکتیک و مارکسی شانۆ

برتۆڵد برێخت ئەو شانۆنووس و دەرهێنەرەی بۆ نووسینی شانۆنامە و کردەی دەرهێنان بەگژ یاسای ئەرستۆیی دەچێتەوە، ئەو ڕێسایە تێکدەشکێنێت و لەیەکەیەکی فەلسەفی شانۆییدا ڕێسایەکی تر بنیات دەنێت، ئەوەش دەرکەوتنییەتی وەک درامایەکی نائەرستۆیی، ئەوە زەنگی دابڕانی قۆناغێکە کە وەک دابڕانی ئەبستمۆلۆژی دەتوانین سەیری بکەین، بەو پێیەی کەلێنێک دەخاتە ناو پەیوەندیی شانۆ، چونکە بینەر و ئەکتەر لەپەیوەندییەکی هاوبەشی دیالەکتیکیدا دەردەکەون، بەبێ خۆ ونکردن لەناو ڕێسای

ئەرستۆیی، ئەوەش بەشداریکردنی ئاگایی مرۆڤە لەناو شانۆدا، ئەو ئاگاییە گەڕانەوەیە بۆ ناو فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالەکتیکی کارل مارکس، بۆیە بریخت لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ چەمکە فەلسەفییەکانی مارکس، ئەو فەیلەسووفە ناباتە ناو شانۆ، بەقەد ئەوەی دیدی فەلسەفی مارکس دەکاتە دەروازەی چوونە نێو هەندێك تێگەیشتن بۆ ئاگایی مرۆیی.

بریخت لەچەندین ئاستدا گۆڕانکاری دەکات، لەلایەك دابڕان دەخوڵقێنێت لەتەك فەلسەفەی شانۆ، بەو پێیەی شانۆکەی سەرەتایەکی گرنگی شانۆی فەلسەفییە، لەلایەکیتریش پاڵەوان بریتی نییە لەو کارەکتەرە شانۆییانەی کە گوزارشت لەچینی باڵاکانی وەك پاشا و دەسەڵاتدار و خانەوادەکان دەکات، بەڵکو پاڵەوان مرۆڤی چینی خوارەوەی کۆمەڵگایە، ئەو چینە فەرامۆشکراوە دەکاتە ڕووبەری پرسیاری نێوان ئەکتەر و بینەر.

ئەوەش وایکردووە شانۆکەی بەچەندین قۆناغ و پرۆسەی ناونان تێپەڕێت لەوانە شانۆی داستان و شانۆی فێرکاری، بەڵام ئەو ناونانە بۆ تەواوی شانۆی بریخت کردەیەك نییە بتوانێ شانۆکەی لەخۆ بگرێت، چونکە شانۆیەکە سەرەنجام وەك ڕووبەرێکی کراوەی فەلسەفی توانای خوڵقاندنەوەی هەیە، کە دواتر لەسەر ئەوەیان دەوەستین. شانۆی سونەتی کە لەڕێگەی تراژیدیاوە ڕێسای تایبەتی خوڵقاندبوو، دەرگای لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی بینەر داخست و هەموو ڕەوتی ژیانی سەر شانۆ وابەستەی ئەو هێڵە درامیە کردبوو، کە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرەکان پیادەیان دەکرد، ئەوەش



جۆرە سەرگەرمکردنێکی خوڵقاند کە بینەر نەتوانێت ئاگایی کولتووریی و مێژوویی و گریمانەکانی لەناو ڕووداوەکان بەشداری پێبکات، بۆیە بریخت ویستی بینەر بکاتە بەشێکی ناو ڕووداوەکان، ئەوەش لەڕێگەی فەلسەفەی مارکسەوە دەچێتە ناو ئەو تێگەیشتنە فیکرییە، کە سەرەنجام نمایشی شانۆیی وەك تێکستێکی فەلسەفی خۆی دەخاتە ڕوو.

لێرەدا ستراتیژی گوتاری بریختی گوتارێکی مارکسییە، کە لەناو نمایشی شانۆیی دەبێتە گوتارێکی بریختی-مارکسی، بەو پێیەی مارکس لەنێوان دوالیزمی "ڕاڤەکردن/گۆڕانکاری" دەیویست سەیری جیهان بکات، بەوەی ئاخۆ جیهان ڕاڤە دەکەین یان هەوڵی گۆڕانکاری تیا دەدەین، شانۆی بریخت چیتر شانۆیەکی ڕاڤەکاری جیهان نەبوو، بەڵکو شانۆیەك بوو دەیویست گۆڕانکاری بێنێتە بوون، بریخت لەتەك فەلسەفەی مارکس بە ئاراستەی هاودژ کاری نەکرد، بەڵکو هەوڵیدا ئەو فەلسەفەیە بەشێوەیەك بەکار بێنێت کە وەك میکانیزمی پرۆسەی بەرهەمهێنان و خوڵقاندنەوە توانای بەشداریکردنی تیۆریانەی هەبێت لەشانۆدا.

ئەوەش وایکردووە شانۆکەی دژی شانۆی بۆرژوازی بێت، کە شانۆیەکی کلاسیکی بوو، کە لە شانۆی فەرەنسی و شانۆی یۆنانی، وێنە کلاسیکیەکانی تری شانۆ ئەو شانۆ بۆرژوازیە دەبینین، بریخت وەك ئاماژەمان بۆ کرد شانۆکەی لەناو چینی بۆرژواو باڵاکان بنیاتنەنا، بەڵکو گوتاری فەلسەفی مارکسیزم کۆمەکی ئەوەی پێکرد وەك

فەیلەسووفێکی دیالەکتیکی شانۆیی لەناو چینی خوارەوە، پرۆلیتاریاوە کارەکتەرەکانی هەڵبژێریت، کە نمایشی شانۆیی کەرنەڤاڵێکی هاوبەشی نێوان ئەکتەر و بینەر بێت، لەپێناو ئازارەکانی ئەو مرۆڤە، لێرەوە کە ناو لەشانۆکەی دەنێت شانۆی داستان، داستان بریتی نییە لەگەڕانەوە بەرەو یادەوەرییەکی بەجێهێڵدراو، لەڕاستیدا ژیانی مرۆڤی مۆدێرن بۆ خۆی مرۆڤ ڕووبەرووی ئەو هەموو ئازارە دەکاتەوە، مرۆڤی پەراوێز کراوی ناو شانۆنامەکانی "دەستور و دەرهاویشتن، پۆنتیلا و ماتی، دایکە ئازاکە" چینی خوارەوەی کۆمەڵگان کە دەبنەوە داستانی مرۆڤی مۆدێرن لەسەردەمی وێرانکاریەکانی سەرمایەداریدا.

لەبنەڕەتدا بینەر دەبێت بزانێت ئەو مرۆڤانەی سەر شانۆ گوزارشت لەوێنەیەکی ناو واقیع ناکەن، بەڵکو ئەوان ئەکتەری سەر شانۆن، ئەو کردەیە بە نامۆبوون ناوی برد، کردەیەك بە ئاگاهاتنەوەی بینەرە لەڕووداوەکان، لەهەمان کاتدا دابڕانە لەتەك شانۆی ئەرستۆیی، چونکە کار لەسەر پاکژکردنەوەی بینەر و هەست و لایەنگیریی و بەزەیی لەبەرامبەر کارەکتەر ناخوڵقێنێت، لەدیدی فەلسەفەی مارکسەوە دەتوانین شانۆی ئەرستۆیی ناو بەرین بەشانۆیەکی بۆرژوازی کە دنیامان بۆ ڕاڤە دەکات، بەبێ ئەوەی ڕێگەبدات بەشداری تێدا بکەین.

بەشداری نەکردن لەڕاڤەکردنی دنیا نایەڵێت هیچ شتێك بگۆڕێت، شتەکان ئەوەن کە هەن، نەك ئەوەی کە دەبێت وەك خۆی نەمێنێتەوە، برێخت ئەو دیدە بۆرژوازیە لەشانۆدا تێك دەشکێنێت، وەك مارکسێکی شانۆیی دیالەکتیك دەکاتە



ڕووبەری تێگەیشتن لە مرۆڤەکان، تاوەکو بتوانین گۆڕانکاری بکەین، مرۆڤەکان بەشدار بن لەو ساتەوەختە مێژووییە.

لێرەدا چەمکی داستانی بوون دابڕاو نییە لەشانۆیەکی فێرکاری، ئەگەرچی شانۆی فێرکاری پەیوەست بێت بەدۆخ و قۆناغێکیش بۆ برٍشت، بەڵام ئەو شانۆ داستانییە بۆ خۆی هەڵگری شانۆیەکی فێرکاریشە، بەهۆی ئەوەی ڕووبەرێکی فراوانی هەیە، ئەوە دیالەکتیکی مارکسیانەیە، کە لەشانۆدا کاری پێدەکرێتەوە، بەڵام ئەو چەمکە فەلسەفییە لەشانۆدا لەڕووی زاراوەییەوە چەمکێکی مارکسیە، دەنا لەڕووە فەرهەنگیەکەی چەمکێکی برێختیە، بەو واتایەی برێخت ئەو زاراوە مارکسیە لەهێنانی بۆ شانۆ وەك دیدێکی تایبەتمەند لەخوێندنەوەی بۆ شانۆی ئەرستۆیی بەکاری دێنێت.

نەك وەك زاراوەیەکی فەلسەفی ڕووت، بۆیە مانا زاراوەییەکەی دیالەکتیك کە فەلسەفییە و مارکس دەیخوڵقێنێت، مانا فەرهەنگیەکەی شانۆییە و برێخت بنیاتی دەنێت، تا ئاستی ئەوەی کە شوێنێك نەبێت بۆ کۆتایی، بەو پێیەی پرسیارەکانی مرۆڤ لەگەڕان و گومان و پشکنینی بەردەوامدایە، ئەوە چ لەئاستی فیکریی یاخود لە ئاستی شانۆیی، بۆیە شانۆ بۆ برێخت "لەسنورێك و کۆتایی نمایش تەواو نابێت، بەو پێوەرەی کە پانتایی نمایش پانتاییە بۆ چێژ و خۆشیبردنە سەر وەهاناسەدان، لەکۆکردنەوەی نێوان خۆشیبردنە سەری کاتی نمایش لەلایەك و لەلایەکی تر لەنێوان پرسیار و تێڕامانی فەلسەفی دوای نمایش" (٢٠)

بەواتای چێژ و فێرکارییە، چەمکی چێژ وەك کردەیەکی هونەری کە بینەر هەستی پێدەکات و بەشداریشی تیا دەکات، لەهەمان کاتدا ئەو لەناو شانۆیەکە خاڵی نییە لەپرسیارەکانی هێندەی بەرهەمهێنەری مەعریفەیە، لێرەوە هەردوو ناونانی داستانی و فێرکاری بۆ ئەو شانۆیە لەبنەڕەتدا کوشتنی ڕەهەندە فراوانەکانی شانۆکەیەتی.

مارتن ئەسلن لەبارەی چەمکی شانۆی دیالەکتیکی ئەوە دەخاتە ڕوو کە "برێخت لەقۆناغێکی درەنگ بەدوای نووسینی (ئۆرگانۆنی بچووك) ساڵی 1948 زاراوەی شانۆی دیالەکتیکی بەکار هێنا" (٢١) ئەسلن تیشك دەخاتە سەر ئەوەش ئەو زاراوەیە زیاتر چەمکێکی سیاسیانەیە، مەبەست لە سیاسی بوونی ئەو چەمکە قسەکردنە لەو ململانێ ئایدیۆلۆژییەی نێوان چینەکان، کە ئەگەر برێخت بۆ خۆشی ئەوەی بەو ڕوونییە نەخستبێتە ڕوو، هەوڵە شانۆییەکانی دواتر ویستویانە ئەو چەمکە بەناو ئاقارێکی سیاسی ڕووندا ببەن. (٢٢)

هۆکارێکی تر بۆ چەمکی دیالەکتیك بەتەنیا هەر ئەو ناوهێنانە نییە کە ئەسڵن ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵکو برێخت لەدیدێکی فیکرییەوە نەگیرساوەتەوە، بەڵکو ئەو لەپشت دیالەکتیکەوە درکی ئەو ڕاستیە دەکات کە کێشەی چینەکان پەیوەستە بە دۆخی ئابوورییەوە، ئەوە ڕاستە کە لە مارکس وەریدەگرێت، بەڵام ئەو وێنە مارکسیە بۆ ململانێی ئابوری دەگوازێتەوە بۆ ململانێی چینایەتی نێوان مرۆڤەکان، ئەو دابەشکارییەی کە ئەو لەسەر شانۆ ئەنجامی دەدات لەڕێگەی شانۆنامەی "پۆنتیللا وماتی".



ئەوەش پێمان دەڵێت مرۆڤەکان لەبنەڕەتدا خراپ نین، بەڵکو ئاگایی کۆمەڵایەتی لەدابەشکردنی چینەکان هۆکارێکی گرنگن، بۆیە بۆ باش بوون دەبێت مرۆڤەکانی ئەو چینە لە دۆخی نائاگاییدا بن، بۆ ئەوەش دەبێت پۆنتیللا مەست و سەرخۆش بێت تا ڕووە باشەکەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەو تەنیا لە نائاگاییدا دەتوانێت ڕووی دووەمی خۆی وەك مرۆڤ نیشان بدات.

ئینژێلکا هۆرڤێتس یەکێك لە ئەکتەرەکانی برێخت، دوای هێلینا ڤایکل بەدووەم ژنە ئەکتەری ناو شانۆنامەکانی دادەنرێت، لەو بارەیەوە دەڵێت "پۆنتیللا دەیەوێت لەسەر سەرخۆشیەکەی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە باشی خۆی بکات، تا ئەوەی هەیەتی بیبەخشێت بەوانی تر، بەڵام بەهۆی واقیعە ئابورییەکەی و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی ناتوانێت ئەو کارە بکات" (٢٣)

ئەو دەمەی هەندێك بۆچوون باس لەوە دەکەن برێخت بەر لەشانۆنامەی " ئۆرگانۆنی بچووك" هەستی بەوە کردووە کە ناکرێت شانۆکەی لەناو شانۆیەکی داستانی بخنکێنێت، بەو پێیەی شانۆی دیالەکتیکی ڕووبەرێکی فراوانتری هەیە، ئەوە بەلای هۆرڤێتس برێخت بۆیە باس لە شانۆی دیالەکتیکی دەکات.

بۆ ئەوەی بینەر شتێکی تەواو جیاواز ببینێت، ئەوەش دەبەستێتەوە بە چەمکی گۆڕان و دەڵێت "بۆ ئەوەی بینەر تێ بگات کە توانای ئەوەی هەیە کە بیگۆڕێت، بەواتای لایەکی تری هەیە کە نەبینراوە، نیشانیش نەدراوە، بەڵام بینەر هەستی پێدەکات" (٢٤).

ئەو گۆڕانكاریانە بۆ نمایشێكی شانۆیی نەبووە، بەقەد ئەوەی بۆ گوتارە شانۆییەكە بووە تاوەكو بتوانێت، شانۆ لەوە دەربكات بەتەنیا خاوەنی فەلسەفەیەك بێت، ئەگەر تراژیدیا فەلسەفەی شانۆی دەست نیشان كردووە، ئەوا برێخت لەو سەرەتایەوە دركی ئەوە دەكات، لەدەرەوەی تراژیدیا وقەدەری دینی و ئەفسانەیی كارەكتەرەكانن مرۆڤ توانای خوڵقاندنی شانۆی فەلسەفی هەیە، بەو مانایەی شانۆ بۆ خۆی وەك ئەبستیمێكی فەلسەفی دەردەكەوێت.

ئەوەی دەبێتە كەناڵی پەیوەندیی نێوان ژیار وكۆمەڵگا ئەوە فەلسەفە نییە، بەڵكو شانۆیە، فەلسەفەش لەناو شانۆدا ئامادەبوونی هەیە، بۆیە ئەوە ساتەوەختێك نییە ئەو لەبۆشاییەوە بێت و یادەوەری شانۆ ڕەتبكاتەوە، بەڵكو ئەو یادەوەرییە دەبێتە زەمینەیەكی پتەو بۆ لەدایكبوونی شانۆكەی، لەلایەك شانۆی چینی و كارەكانی چارلی چاپلن و لەلایەكیتریش كاركردنی لەتەك ڕاینهارت و بسكاتور بۆتە زەمینەی بیركردنەوە لەشانۆیەكی جیاواز، شانۆیەك كە دابڕان لەتەك ئەو عەقڵیەتە شانۆیە بخوڵقێنێت، ئەوەش زادەی كاركردنی بووە لەڕووبەری شانۆنامە و نمایشەكانیدا.

لێرەدا ڕووبەرووی بەراوودێكی میتۆدی دەبینەوە، لەنێوان ئەوەی برێخت ئەنجامی دەدات، لەتەك هەڵوێستی بینەر بەرامبەر كارەكتەر، ئاخۆ بینەر لەبەرامبەر كارەكتەرێكی وەكو دایكە ئازاكە تەنیا لەبەردەمی پرۆسەی بیركردنەوەدایە وەك ئەوەی برێخت ئەیەوێت؟ یاخود بەمانا ئەرستۆییەكەی ڕقی لەو دایكە دەبێتەوە؟ چونكە نەك بۆ دەرهێنەرێكی شانۆیی كە نمایشەكە ئەنجام دەدات، توانای خۆدەربازكردنی لەو



بەراووردكاریە نابێت، تەنانەت لەدەرهێنانی برێخت خۆشی ڕووبەرووی ئەو حالەتە بۆتەوە، ئەوەتا كاوفمان لەكتێبەكە ناوازەكەیدا بەناوی "تراژیدیا وفەلسەفە" باس لەشانۆنامەی دایكە ئازاكە دەكات كاتێك برێخت خۆی دەریهێناوە ولەو بارەیەوە دەنووسێت "وەك زانراوە كاتێك برێخت خۆشی ئەو شانۆگەریەی دەرهێناو هاوسەرەكەی هێلینا ڤایكل ڕۆڵی دایكە ئازاكەی بینی، نەیتوانی قەناعەت بە ڕەخنەگران وبینەران بینێت كە ڕقیان لە پاڵەوانەكە نەبێتەوە" (٢٥)

ئەو بەراووردكاریە ڕەخنەی ئێمە نییە لە برێخت، هێندەی حەقیقەتی ئەكتەرە لەگەڵ كارەكتەر، چونكە ئەگەر ئەكتەر لەدەرەوەی كارەكتەری نووسراویش ڕەفتار بكات، بەڵام خۆ لەو ساتەدا توانای ئەوەی نابێت خۆی لە خودی مرۆیی خاڵی بكاتەوە، بۆیە ئەوەی برێخت لەدرامای نائەرستۆیی ئەنجامی دەدات، پرۆسەیەك نییە بەتەواوی خاڵی بوویێتەوە لە پەیوەندیكردنی ڕاستەوخۆی ڕووداوەكان لەتەك بینەر.

هەرچەندە بیەوێت ئەو كاریگەریە بگۆڕێتە سەر بیركردنەوە، بەڵام سەرەنجام بیركردنەوە بەرەنجامی كاریگەریەكە دەبێت، هەرچەندە هەمیشە ئاگایی بینەر وەئاگا دێنێتەوە كە فریو نەخوات لەتەك ڕووداوەكان، بەڵكو ئەو تێبگات لەوەی دەیبینێت نەخەڵەتێت كە ئەوە شانۆیە.

ئەوە بەو مانایە نییە مادامەكی بینەر بە ئاگا دێتەوە، بەواتای پرۆسەی نواندن ببێتە هەستێكی خاڵی لە ڕۆح، چونكە ئەوە تەنیا گەڕانە بەدوای شێوازی دەربڕین، دەنا لەجەوهەردا قسەكردنە لەپرۆسەیەكی ڕۆحی لەو بارەیەوە

بریخت بڕوای وایە "وێنە و زمان و دیمەنە شانۆییەکان پێکهاتەی ڕۆحن، هونەریش ئامرازە" (٢٦) لێرەدا بریخت دەیەوێت لەدژی تەواوی ئەو بۆچوونانە بوەستێتەوە کە ئاماژە بۆ شانۆکەی دەکەن لەئاستی نواندن خاڵیە لەهەر هەستێکی ڕۆحی و ئەکتەر تەنیا گێڕەرەوەی ڕووداو بێت، بەڵکو ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو، ئەوە ئامرازی هونەریە وایکردووە گێڕانەوەی ڕووداو وەك زمانێکی شانۆیی تایبەتمەند بێت، دەنا دیمەن و زمان و وێنە بریتین لەهەستی ڕۆحی مرۆیی، ئەوەش خاڵی بەیەکگەیشتنەوەی نێوان بریخت و کاوفمانە کاتێك باس لە دایکە ئازاکە دەکات کە نواندن ناتوانێت ئەو هەستی ڕقلێبوونەوەیە لەلای بینەر درووست نەکات لەبەرامبەر دایکە ئازاکە.

بۆیە لێرەدا بوون و فیکر وەك ڕوویەکی شانۆی فەلسەفی لەلای بریخت خۆی دەخاتە ڕوو، ئەوەیان لە فەلسەفەی شانۆدا بوونی نییە، بەڵام بریخت لەشانۆی فەلسەفی دەیخوڵقێنێت، بەو پێیەی لە شانۆی ئەرستۆیی کە شانۆیەکە فەلسەفەی شانۆ لەڕێگەی تراژیدیاوە ڕاستەوخۆ پشتی پێ بەستووە تیایدا فیکر بوونی مرۆیی دەست نیشان دەکات، ئەوە ئامادەبوونی فیکرە دەبێتە دامەزراندنی گوتاری بوون، بەڵام لەلای بریخت ئەوە ئامادەبوونی فیکر نییە، چونکە پرۆسە شانۆییەکە لەڕێگەی پەیوەندی دیالەکتیکی کە بەندە لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی، ئەوەش قسەکردنەوەیە لەکێشە و گرفتەکانی مرۆڤی سەردەم وەك کێشەی کۆمەڵگەی مرۆیی، کە سەرەنجام ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە فیکر دەخوڵقێنێت، ئەوەش یەکێکە لەخاڵە جەوهەرییەکانی



شانۆی فەلسەفی، کە تەواو هاوکێشەکەی ناو فەلسەفەی شانۆی هاودژ کردەوە.

ئەگەر هەستکردن بەتاوان ئۆدیب بەرەو کوێریی دەبات، بەڵام لەلای بریخت هەست مانایەکی نییە لەبەردەم گرفتەکانی ئەو مرۆڤە، بۆیە پەنا دەباتە بەر عەقڵ، ئەگەرچی عەقڵ بۆخۆی کۆنترۆڵی سیستمی کۆمەڵایەتی کردبێت، بەوەی بیرکردنەوە وابەستە بێت بە گوتارە کۆمەڵایەتییەکەش وەك لە لای پۆنتیللا دەیبینین، بەڵام پۆنتیللا هەرگیز نایەت هەستەکانی جڵەوی ڕووداوەکە بکەن، بەڵکو ئەو تەنیا لەسەرخۆشی دەبێتە نەستی خود، سەرەنجام بەعەقڵی پایە کۆمەڵایەتییەکەی ڕەفتار دەکات، وەك چۆن دایکە ئازاکە هەستەکانی لە وێرانی جەنگ و کوژرانی منداڵەکانی وای لێناکەن بیەوێت ئەو جەنگە بووەستێت، چونکە دەزانێت وەستانی جەنگ بەواتای نەبوونی ژیان بۆ ئەو، ئەو چەندە ڕۆحێکی وێرانکاریانەی هەبێت، بەڵام عەقڵی بەسەر هەستەکانیدا زاڵ دەکات.

بۆیە شانۆ بۆ بریخت لەوە دەردەچێت بەتەنیا هونەرێك بێت، بەڵکو ڕووبەری ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤە، ئەو ڕووبەرە دەبێتە شوێنی بایەخی فەلسەفە، چونکە شانۆیەکە لەبنەڕەتدا شانۆیەکی فەلسەفییە، کە بوو بە فەلسەفە بەواتای چیتر ئەوە شانۆ نییە بیەوێت لەپاڵ فەلسەفە بۆ ژیار ڕێبکات، وەك ئەوەی لە ژیاری یۆنانیدا شانۆ دەیەوێت لەتەك فەلسەفە هەنگاو بنێت، فەیلەسوفێکی وەکو سوکرات دەیەوێت بەپێی لۆژیکە سۆفستاییەکەی خۆیەوە کاریگەری لەسەر

یۆرپیدس دابنێت، ئەفلاتونیش ڕۆڵی شانۆ لەو ژیارە بە بێبایەخ دەبینێت.

بۆیە کە ئیتر شانۆ لەپەیوەندیی کردنی بەفەلسەفە گرفتی ناسینی نییە، تائاستی ئەوەی بیەوێت شوناسێك بۆ فەلسەفەی شانۆ بخاتە ڕوو، بەڵکو شانۆ بۆخۆی دەبێتە فەلسەفە و فەیلەسووفەکانیش بە بایەخەوە لەشانۆ دەڕوانن و هەنگاوی بەرەو ڕوو دێنن، لەو بارەیەوە بریخت دەڵێت "شانۆ بووە بە کارێك بۆ فەیلەسووفەکان، بەڵام فەیلەسووفەکان خواستیان گۆڕانی جیهانە، نەوەك بەتەنیا ڕاڤەی بکەن" (٢٧)

کێشەی بریخت لەگەڵ فەیلەسووفەکان کێشەی نێوان گۆڕانکاری و ڕاڤەکارییە، کە ناکرێت فەیلەسووف تەنیا ڕاڤەی جیهان بکات، ئەوە بۆ خۆی ڕەخنەگرتنە لەدۆخی فەلسەفەی شانۆ کە ئاماژەمان بۆیکرد، چونکە شانۆ کە بوو بە شانۆیەکی فەلسەفی، پێویستە فەیلەسووفەکانیش ستراتیژی گوتاری فەلسەفی لەڕاڤەکردنەوە بەرەو گۆڕانی فەلسەفی بێنن.

لێرەدا لەو ڕاستیە تێدەگەین، کە بۆچی بریخت هەولیداوە لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی مارکس چەمکی وەکو دیالەکتیك بێنێتە ناو شانۆوە، چونکە مارکس فەیلەسووفێك نەبوو کێشەی لەڕاڤەکردن بێت، بەڵکو کێشەی ئەو لەگەڵ فەلسەفە پەیوەست بوو بە گۆڕانکارییەوە، تەنانەت ڕەخنەگرتنیشی لە فیورباخ پەیوەستە بە گۆڕانەوە، ئەوە وادەکات بریخت ببێە مارکسێکی شانۆ، بەڵام مارکسێك لەفۆڕمی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی خۆی نیشان نادات، هێندەی چەمکە فەلسەفییەکان دەباتە ناو بیرکردنەوەی



شانۆیی، تاوەکو بتوانێت پرۆسەیەکی نەزانراو بۆ دەرەوەی مانا ئەرستۆییەکان بکاتە زانراو.

ئەوەی لەئێستادا زهنی خوێنەر داگیر بکات ئەو پرسیارەیە: لەنمایشی شانۆییدا جیاوازی چییە لەنێوان ڕاڤەکردن و گۆڕاندا؟ هەڵبەت پرسیاری لەم چەشنە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، کە ناکرێت بەسەرماندا تێپەڕێت، هۆکارەکەش تێگەیشتنە لەوەی بریخت دەیویست چیتر ئەو شانۆیە وەك خۆی نەمێنێتەوە، چونکە لەڕاڤەکردندا ڕوانین لەبینەر بە کەم سەریرکردنی ئەو مرۆڤەیە، ئەوەی بوونی هەیە ئەوی بینەر نییە، بەڵکو ئەویتری سەر شانۆیە، ئەویتری سەر شانۆ مرۆڤێکە غەریزەکانی پاڵنەری کردارەکانین، بینەریش تەسلیمی ئەو غەریزانە دەبێت و تەنیا لەتوانایدایە ڕاڤەی غەریزەکانی ئەو مرۆڤە بکات، وەك ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیان، بەڵام بریخت ئەوەی خستە ناو ژیانی شانۆییمان، ئەوەی لەسەر شانۆ بوونی هەیە، ئاوێنەیەك نییە بۆ ژیانی ئێمە، چونکە مەرج نییە ئێمە لە ئەویتری سەر شانۆ خۆمان ببینینەوە، مرۆڤ لەبری ئەوەی ملکەچی ئارەزوو بێت، لەڕاستیدا پاڵنەرەکانی غەریزە هۆکارن، نەوەك خودی غەریزەکە خۆی.

بۆیە ئەگەر ئەو مرۆڤە لە درامای ئەرستۆیی شوێنێکی نییە تیایدا بگۆڕێت، بەو پێیەی وەك کارەکتەرێکی نەگۆڕ تەنیا ڕاڤەی دۆخەکە و ڕووداوەکان دەکات، ئەوا لە درامای نائەرستۆیی دەگۆڕێتە سەر ئاستی گۆڕانکاری، چونکە کارەکتەر لەوێنەیەکی نەگۆڕ ناخولقێنرێت، چونکە ئەو لەخودێکی نەگۆڕ، بەرەو گۆڕانی بابەتی هەنگاو دەنێت،

ئەوەش وێنەیەکی ڕوون و تایبەتی پێی بەخشی کە بۆ داهاتوو بتوانێت دەرگا لەچەندین فۆرم و شێوازی تری شانۆیی بکاتەوە.

## ئەنتوان ئارتۆ
## فەیلەسووفێك لەشانۆیەكی فەلسەفیدا

ئەو پەیوەندیە قوڵەی لەنێوان فەلسەفە وشانۆدا دەرکەوت، پەیوەندیەك بوو بە مەرگی تراژیدیا گەیشتە لووتکەی خۆی، ئێمە باسمان لەو دیدە نیتچەییە کرد بۆ تراژیدیا، دیارە دەرکەوتنی ئەنتوان ئارتۆ لەشانۆدا ڕووی دووەمی فەلسەفەی نیتچەییە، کە بەبڕوای فەیلەسوفی فەڕەنسی ژاك دیریدا ئەو ڕۆڵەی بە ئارتۆ دەبێت بدرێت لەشانۆدا هەمان ڕۆڵی نیتچەیە لەفەلسەفەدا، بەتایبەت کاتێك ئارتۆ پێی وایە بیرکردنەوە لەناو شانۆدا بوونی نەبووە، ئامادەنەبوونی بەو مانایەی کە لەدەرەوەی شانۆ بیر کراوەتەوە، ئەوەش لەو بڕواییەوە هاتووە کەوا "هەموو نووسەرە شانۆییە گەورەکان لەدەرەوەی شانۆدا بیریان کردۆتەوە" (٢٨)

لێرەدا لەسەر لایەنەکانی ئەزموونی شانۆی ئارتۆ قسە ناکەین، بەڵکو قسەکردنەکانمان وابەستەی ئەو ئاراستەییە کە پەیوەندی بە شانۆی فەلسەفییەوە هەیە کە تیایدا ئارتۆ وەك فەیلەسووفێك دەبینین (٢٩)

ئارتۆ، نیتچە ئاسا کۆتایی بە فەلسەفەی شانۆ وقۆناغی تراژیدیا دێنێت، بۆیە دەرکەوتنی لەشانۆدا پرۆسەی تێکشکان نییە، بەڵکو پڕۆژەی کۆتایی قۆناغێك و



سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێیە کە شانۆی فەلسەفییە، شانۆیەك بیرکردنەوە وابەستەی ناو شانۆیە لەڕێگەی سرووت و جوڵە و بیرکردنەوەی شانۆیی، ئەوەش لەلای یەکێك لەئارتۆناسان بەناوی مونیك بوری ئاماژە بۆ ئەو شانۆیە دەکات کە شانۆیەکە لەناو زانستە مرۆییەکانەوە دەخوڵقێت، ئیستاتیکایەکی تایبەتمەند دەخوڵقێنێت و شانۆ بەرەو ئەنترۆپۆلۆژیا "مرۆڤناسی" دەهێنێت، بەواتای ئارتۆ وەك ئەنترۆپۆلۆژیستێك لەناو ئەو شانۆ فەلسەفییەدا دەردەکەوێت.

فەیلەسوفی فەرەنسی ژاك دیریدا لەڕێی ڕەخنەگرتنی لەگراماتۆلۆژیا "زانستی نووسین" دەتوانێت ئەو دیدگا ئارتۆییە بەگرنگ وەربگرێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگ، نەك بۆ نووسین، ئەوەتا ئارتۆ لەیەکێك لەنووسینەکانیدا لەبارەی کولتووەرەوە دەنووسێت "کولتوور نووسراو نییە، وەك ئەفلاتون دەڵێت (فکر لەو ڕۆژەوە لە دەستدرا کە یەکەم وشەی نووسرایەوە) ئەگەر نووسیمان، مانای فیکر قەدەغە دەکەین لە جوڵە کردن لەناو فۆرمەکان، بەو پێیەی هەناسە دانێکی فراوانە" (٣٠)

ئەوە گرنگییەکی زیاتر بە ئارتۆ دەبەخشێت وەك فەیلەسووفێك، بۆیە دیریدا هەمیشە بەرەو لای دەگەڕێتەوە، چونکە لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو گرنگی ئارتۆ بۆ فەیلەسووفێکی وەك دیریدا زیاتر ئەو ڕوانینە فەلسەفییەتی لەشانۆدا کەهەمان ڕەخنەیە لەگراماتۆلۆژیا (زانستی نووسین) یاخود دەتوانین کۆمەکێکی گرنگ و ئارگۆمێنتێك بێت بۆ ڕەخنەگرتن لە نووسین، چونکە شانۆ

بۆ ئارتۆ هەمان وەزیفەی هەیە، شانۆ بەلایەوە نووسراو نییە، وەك كولتوور دەخوڵقێنرێت.

پرۆسەی خوڵقاندن لەناو ریتواڵدا ساتەوەختی ئامادە بوونی جەستەیە لە زەمەنی غەیبانی و دابڕانییەتی لە زەمەنی دەرەوەی سرووت، ئەوەش ئیشكردنەوەیەتی لەسەر چەمكی سرووت، خوڵقاندنی پەیوەندی جەستەكان بە یەكترییەوە، لە جەستەی تاكەوە بۆ جەستەی كۆ،لە جەستەی كۆ وە بۆ جەستەی تاك، لە جەستەی نێرەوە بۆ جەستەی مێ، لە جەستەی مێینەیشەوە بۆ جەستەی نێر، هەموو ئەو پەیوەندییە جەستەییانە ئامادە بوونی گوتاری ئەنترۆپۆلۆژی شانۆیە لەناو چەمكی سرووت لە رێگەی جەستەی ئەكتەرەوە چڕ دەكرێتەوە، مانای جیاواز و نوێ دەبەخشن، مانایەك پەیوەستە بە شانۆ وەك پرۆسەیەكی ئیبداعی و زانستی، ئەوەش گۆڕینی شانۆیە لە نووسینەوە بۆ خوڵقاندن. (٣١) دریدا جگە لەو گەڕانەوەیە بۆ شانۆی ئارتۆ لەڕێگەی توێژینەوەیەكدا كە لەكتێبی نووسین و جیاوازی بڵاوی كردۆتەوە، كتێبێكی تری بۆ ئارتۆ تەرخان دەكات "دریدا لەم كتێبەدا، ١٩٨٦(ئەنتۆنان ئارتۆ/هێڵكاری و پۆرترێت)، كە لە كارەكانی ئارتۆ: ئاوی، هێڵكاری جلوبەرگی شانۆیی، نەخشەی سینۆگرافیا، بەشێكی زۆر لە پۆترێتەكانی خۆی و پۆترێتی هاوڕێكانی، كە لە كات و شوێنی جیاوازدا كێشاونی، بەسەر دەكاتەوە. دریدا هەر لەم كتێبەدا، هەندێك لەو نامانەیش بڵاودەكاتەوە، كە ئارتۆ وەك تابلۆ و بە ئاگری جگەرەكەی دەستی سووتاندویەتی، وەك ئەوەی وێنەی خوێنی تیا كێشابێت. ئەم نامانە، كە لە نەخۆشخانە دەروونییەكانەوە بۆ هاوڕێكانی ناردووە،



بێگومان زەنگێكی پڕ مەترسی ئارتۆ بووە لەم نەخۆشخانانەدا و هاوارێك بووە بۆ یارمەتی و ڕزگاركردنی لەم شوێنانەدا" (٣٢)

فەلسەفەی شانۆ بەشانازییەوە وەك دەستكەوت سەیری "شاعیریەتی ڕووداو" ی كردووە، شانۆی كلاسیكی و تراژیدیای شانۆی لەسەر پێكهاتووە، بەڵام لەڕێی ئارتۆوە ئەو شاعیریەتە بەتەواوی دەكەوێت، لەشوێنیدا "شاعیریەتی شوێن" جێی دەگرێتەوە، ئەوەش گرنگترین ڕووداوی ناو شانۆی فەلسەفییە، لەو سەرەتایەوە ئارتۆ دەست پێشخەری بۆ دەكات، دەبێتە لەدایكبوونی ڕاستەقینەی شانۆی فەلسەفی، هەڵبەت شاعیریەتی شوێن بۆ ئارتۆ "زیاتر بیرە ڕووتەكەی (الفكرە المجردە) نزیك دەخاتەوە لە مێشك و هەست و سۆزی بینەرەوە، بەوەی شێوەیەكی بەڵگەداری پێ دەبەخشێت. نموونەیش بۆ ئەمە (مرۆڤێك) نەفرەت لە خواوەندێك دەكات، خێرا لەشێكی گەورەی زەبەلاح لەبەردەمیدا دەربكەوێت، كە وێنەیەك بێت لەو نەفرەتەی، كە لەدەمی هاتۆتە دەرەوە" (٣٣)

بۆ ئەوەی ئەو دیدە بەتەواوی وێنەیەكی ڕوون بدات بەدەستەوە، پێویستە لەوە تێبگەین كەوا ئەو شانۆ فەلسەفییە لەناو هونەری شانۆ خۆی بەرهەم دێت، نەك لەناو دەسەڵاتی ئەدەبی و شاكارە گەورەكانی ئەدەبی شانۆدا، لێرەدا كاتێك بۆ كتێبە گرنگەكەی ئارتۆ دەگەڕێینەوە دەبینین چۆن هەڵوەستە لەسەر ئەو تێگەیشتنە دەكات، چەندە بە بوێرییەوە داكۆكی لەتێگەیشتنە شانۆییەكانی دەكات (٣٤)

ئارتۆ بڕوای وایە ئێمە بەتەنیا لەدەرەوەی وتراوەكانەوە نایەین، بەڵكو دەگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتانەش كە پێشتر ئەدەبی

شانۆ باسیکردووە، بەڵام ئێستا دەکرێت لەدەرەوەی شاکارەکانەوە سەر لەنوێ لەسەریان بووەستینەوە، ئەوە لەپاڵ هەموو ئەو باسانەی کە ئەدەبی شانۆ خۆی لێی نەداوە، هەردووکی لەیەك خاڵدا چڕ دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە بۆ ئەوەی پابەند بێت بە ئێمەوە. (٣٥)

ئەوە وا دەکات کێشەی بینەر لەڕوانگەی ئارتۆدا کێشەیەك نەبێت وابەستەی بینەر بێت، هێندەی وابەستەی خودی تێکستەکەیە، لێرەدا ئەوە دابڕانی زەمەنییە دەکەوێتە نێوان شانۆنامە و بینەر، بۆ ئەوەی ئەو دابڕانە چارەسەر بکرێت، پێویستە بە ئارایشتکردنی تێکستەکان ناکات بەناوی ئامادەکردن، بەڵکو دەبێت لەناو شانۆدا دیدی زەمەنی لەڕێگەی دۆزینەوەی پەیوەندی ونهێنییەکانی بدۆزرێتەوە.

ئەوەش ئەو ئەفسونەیە کە شانۆ دەکاتە ڕووبەری فەلسەفی بۆ بیرکردنەوە. گرنگی شانۆش لێرەدا وەك گرنگی فەلسەفە دەبێت، کە پردێك بەیەکیان دەگەیەنێت ئەویش بیرکردنەوەیە. پێشنیارێك ئارتۆ لەرۆژگاری کتێبەکەیدا دەیخاتە ڕوو بەمەبەستی جیاکردنەوە لەوەهمی وێنەی شیعریی، ئارتۆ وەك ئەوەی پێشنیار دەکات کە دەستبەرداری ئەزموونگەریی وێنەگەرایی ببینین، ئەزموونێك کە لەدەرەوەی مانا دەبینێت، مەبەستی لەو وێنانەیە کە لەنەستدا وابەستەی بیرکردنەوە نین، هێندەی بەرهەمی ساتەوەختێکی هەڕەمەکین. (٣٦)

ئەو پێشنیارە بەتەنیا بۆ ساتەوەختێکی زەمەنی نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی ئایندەگەریە تا بتوانین وەهم و ڕاستی لەیەکتری جیا بکەینەوە، وێنەی شیعریی و شیعری پانتایی وەك



لەیەکچوون نەبینین، بەڵکو وەك چەمکی جیاوازبوون سەیری بکەین (٣٧) وێنەی شیعریی هەڕەمەکیەت شانۆیەکی وێنەیی دەخوڵقێنێت، بەڵام شیعری پانتایی دەروازەیە بۆ چوونە نێو شانۆیەکی فەلسەفی، کەوابەستەی ئامادەبوونی زەمەنی بێت.

## کارەکتەر و شانۆکار لەململانێی شانۆ و فەلسەفەدا

فەیلەسووفانی پاش تازەگەریی گرنگی ڕۆڵی هونەری شانۆ پشت گوێ ناخەن و بە بایەخەوە لەناو تێکستە فەلسەفییەکانەوە شانۆ وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ فەلسەفە سەیر دەکەن، ئەوەش وای کردووە فەیلەسووفانی پاش تازەگەریی لەقسەکردنەوەیان بۆ فەلسەفە و ڕەخنەگرتنیان لە تازەگەریی شانۆ فەرامۆش نەکەن، هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە فەیلەسووفانی تازەگەریی ئەو هونەرەیان پەراوێز خستووە، چونکە ئەوەتا هیگڵ کە یەکێکە لە ڕۆڵەی شەرعی تازەگەریی هەمیشە دەگەڕێتەوە ناو هونەری شانۆ و بەتایبەت شانۆی کلاسیکی.

جیاوازیی فەیلەسووفانی پاش تازەگەریی لەتازەگەرەکان لەوەدا دەردەکەوێت ئەوان بەتەنیا کارەکتەرە شانۆییەکان وەرناگرن بۆ قسەکردن لەچەمکی مرۆڤ، بەڵکو ئەو مرۆڤە وەك بوونێکی ڕاستەقینە نەك وەك کارەکتەری سەر شانۆ، ئەوان لەبری ئەوەی ئەنتیگۆنا و ئەلیکترا و ئۆدیب وەربگرن، ڕاستەوخۆ دێن شانۆکارێکی وەکو ئارتۆ وەردەگرن، هەڵبەت لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ژاك دریدا

بکەین کە چۆن ئارتۆ وەردەگرێت، ئاواش ڕۆڵی کارەکتەری شانۆیی فەرامۆش ناکات لەقسەکردنەوە لەتارمایی مارکس پشت دەبەستێت بە تارمایی هاملێت.

هەڵبەت هێنانەوەی هاملێت وەك کارەکتەرێکی شانۆیی گرنگی تایبەتی هەیە لەلای پاش تازەگەرەکانی فەلسەفە تەنانەت ژۆلیا کریستیفا بۆ دیاردەیەکی دەروونی وەکو زهان(سایکۆسس) پشت دەبەستێتەوە بە هاملێت. (٣٨)

ئێمە ئەگەر لێرەدا لەسەر ئەو دوو فەیلەسووفە بووەستین کە دوو ناوی سەردەمێك و دۆخێکی فەلسەفین، هەردووکیان لەسەر ئارتۆ وەك شانۆکارێك و هاملێت وەك کارەکتەرێکی شانۆیی وەستاون، گرنگی ئەو گوتارە فەلسەفییە و کاریگەریەکانی هونەری شانۆ بەسەر فەلسەفەوە بەڕوونی دەبینین، ئەوەش ئامادەبوونی شانۆیە وەك فەلسەفە، کە لێرەدا شکسپیر لەڕێگەی هاملێتەوە دەرگایەك بۆ فەیلەسووفەکان دەکاتەوە تاوەکو بتوانن لەوێیەی شانۆکارێکی وەکو ئارتۆ بنەما فەلسەفییەکانی ئەو شانۆیە بخوێننەوە.

تاوانی کوشتنی باوك لە شانۆنامەی هاملێت و دەرکەوتنی کوژراو وەك تارمایی تاوەکو حەقیقەتی تاوانمان پێ بلێت ڕووبەرێکی بەتاڵ لە نووسینەوەی مانا بۆ هەردوو کارەکتەری کوڕ و باوك "هاملێت/ تارمایی" دەخاتە ڕوو، ئەو دوو کارەکتەرە لەخوێندنەوەی فەلسەفیانەی دریدا و کریستیفا خوێندنەوەی هەنووکەییە بۆ مرۆڤی پاش تازەگەریی، ئەو مرۆڤەی بەدوای بیرۆکەی مەرگی یەزدان لەلای نیتچە، فۆکۆ ئەو پێشنیارەی خستە ڕوو کە بە



کوشتنی یەزدان مرۆڤ تواناکانی خۆی لەدەستدا، بەواتای لەسەردەمی مەرگی مرۆڤی فۆکۆیی هاملێت چی بە ئێمە دەبەخشێت؟ ئاخۆ ئەوە شانۆیەکی فەلسەفی دێنێتە کایەوە؟ یاخود دەروازەی تێگەیشتنی فەلسەفەیە لەشانۆ؟

ئەگەر کریستیفا هاملێتی کوڕ وەردەگرێت، ئەوا دریدا تارمایی وەردەگرێتەوە، لێرەدا ئێمە بەدوو خوێندنەوەی فەلسەفی ڕووبەری بەتاڵی تێکست بە دوو مانای فەلسەفی پڕ دەکەینەوە، پڕکردنەوە بەمانای تێکست لەڕووبەری نمایشدا وەك ڕووبەری فەلسەفییە بۆ تێگەیشتن لەساتەوەختی زەمەنیمان. کۆژیتۆکەی هاملێت لەبارەی بوون و نەبوون "من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم" بەبڕوای کریستیفا کە تێکستە فەلسەفییە دەروونشیکارییەکەی لەسەر بنیاتناوە بریتییە لە ململانێی پرۆسەی ناونان لەنێوان ژیان و مەرگ، بوون ئەو چەمکەیە کە ماناکانی ژیان دەبەخشێت، وەك چۆن نەبوون ڕووبەری مەرگە بۆ کارەکتەر، ئەوەش وا دەکات هاملێت وەك دیاردەیەکی دەروونی بەناوی زهانییەت ناو بەرێت، تیایدا زهانییەت ئەوانەی لەنەستیدایە لەڕێگەی زمانەوە دەیخاتە ڕوو، فەیەلەسووفێکی وەکو کریستیفا بۆ ئەوەی چارەسەری کێشە فەلسەفییەکەی بەرامبەر بە فرۆید و ڕەخنەگرتنی لە ژاك لاکان بخاتە ڕوو، ڕاستەوخۆ پشت دەبەستێت بە شانۆگەری هاملێت و بەتایبەت بەو دیمەنەی کە هاملێت سەرپەرشتی دیمەنی نواندنی گروپە شانۆییەکە دەکات، ئەوەش بەسێ ڕەهەند ناو دەبات "ڕەهەندی هاملێتی، ڕەهەندی کارەکتەرەکان، ڕەهەندی وەهم"*.

بەبڕوای کریستیفا هاملێت لەڕێگەی ئاخاوتنەوە توانای دەستنیشان کردنی چارەنووسی خۆی هەیە، ئەو دیمەنی نواندنە ئاراستەی کۆتایی بۆ تێکستەکە دەستنیشان دەکات، ئەوەی لەکۆژیتۆکەی هاملێت دەردەبڕدرێت لەڕاستیدا بۆ ئەو فەیلەسووفە پرۆسەی میتازمانە، ئەوەش تیۆرێکی تایبەتی کریستیفایە.

زهانییەتی هاملێت وێنەی نەستی مرۆڤێکە کە پێویستە بکوژ ئەو وێنە نەستییەی هاملێت ببینێت، هاملێت بەلایەوە مەبەستە بکوژ کە پاشای نوێیە و برای باوکیەتی و لەپاڵ دایک ئەو وێنە نەستیەی ئەو ببینن، دیمەنی نواندنە شانۆییەکە وینەی ناو نەستی هاملێتە، ئەوە نمایشکردنی نەستی کارەکتەرە وەك ئاگایی گشتی شانۆ دەخرێتە ڕوو، لێرەوە شکسپیر دیمەنێکی نووسیوەتەوە کە بلیمەتی ئەو دەخاتە ڕوو بۆ داهاتووخوازیی تاوەکو گوتاری فەلسەفی شانۆ بە ئۆرگانێك و کەناڵێك لەخۆی سەیری بکات، ئەوە گرنگی شکسپیرە وای کردووە ئەو دنیابینییە فەلسەفییە بەرەو خوێندنەوەی نوێ بڕوات، بۆیە بەلای کریستیفاوە ئەو گواستنەوەیە کاردانەوەی بە ئاگاهاتنەوەی زهانییەتی بکوژە، ئەوە میتازمانە توانای گەیشتنە ماناکانی نەستی هەیە، ئەو دەمەی تارمایی حەقیقەت بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، پرسیار لەوەی ئەو کێیە؟ ئەوا تارمایی دەڵێت "من باوکە مردووەکەم"

ئەو دەیالۆگە بەسە بۆ ئەوەی دۆخی پاش تازەگەریی بەڕوونی لەلای شکسپیر ببینین، حەقیقەت وەك نیتچە باسی کرد مردووە، ئەگەر باوك خاوەنی شەرعی حەقیقەتە، بەڵام



ساتەوەختی ڕووداو باوك مردووە، بەواتای ئێمە بەدوای مەرگی حەقیقەتەوە بیر لەناسینی بکوژ دەکەینەوە، هەر شتێك کە ڕوو دەدات یان دەمانەوێت ئەنجامی بدەین لەو دۆخەدایە شتێکمان نەماوە پێی بووترێت حەقیقەت، چونکە حەقیقەت کۆتایی پێهاتووە، ئێمە بەدوای گوناهبارانی بکوژی حەقیقەتەوەین.

لێرەدا هاملێت لەنەستدا ئەو زهانییە کە مردن و حەقیقەت وەك یەك دەبینێت، ئەوەش وەڵامدانەوەیە بە پرسیاری مەرگ "حەقیقەت" بۆیە لەخۆڕا نییە کریستیفا بڕگەی "من باوکە مردووەکەم" وەك دەنگی باوك سەیر ناکات, بەڵکو وەك بەشێك لە دەنگی هاملێت وەریدەگرێت, ئەو دەنگە ڕوویەکی تری پرسیارەکەیەتی کە ئەو چەندە لە حەقیقەت بوونی هەیە, بەڵام کەهەست دەکات کەسێکی مردووە... بەواتا بوونی لەدەستداوە, ئەوەش مانای وایە کاتێك بوون و نەبوون، دەبن بەدڵەڕاوکەیەکی فەلسەفی ئەوە میتازمانە ئاشکرای دەکات.

ئەگەر کریستیفا ڕاستەوخۆ لەگوتارە فەلسەفییەکەیدا بەرەو کارەکتەری هاملێت بگەڕێتەوە، ئەوا ژاك دریدا بەرەو ئەو تارماییە دەگەڕێتەوە، کە باس لەمردنی خۆی دەکات، بەڵام ئاخۆ گەڕانەوەی تارمایی بەلای دریدا گەڕانەوەی مەرگە یان ووریاکردنەوەمانە لەحەقیقەتی تاوانی کوشتنی حەقیقەت؟

بۆ وەڵام بە تیزی مەرگی مێژوو لەلای فۆکۆ باما، دریدا کتێبێك دەنووسێت بەناوی "تارماییەکانی مارکس" (٣٩) ئەو

کتێبە سەرەتا وەك باسێکی ناو سیمینارێك دەخرێتە ڕوو، دواتر وەك یەکێك لەکتێبە فەلسەفییەکانی بڵاو دەکاتەوە.

لەو کتێبەدا تارمایی هاملیت وەردەگرێت و گەڕانەوەی تارمایی وەك گەڕانەوەی مارکس سەیر دەکات، لەوەشدا دوالیزمی مارکسی حزبی و مارکسی فەلسەفی دەخاتە ڕوو، دریدا بۆ ئەوەی وەڵام بەتێزی کۆتایی مێژوو بداتەوە، ئەو وەڵامدانەوەیە گەڕانەوەیە بۆ ناو شانۆگەریەکەی شکسپیر و تەنانەت بۆ ئەو دەیالۆگەی شانۆنامەکە، کە دەڵێت "بیدوێنە ئەی هۆراشیۆ".

لێرەدا دریدا دەیەوێت بەتەنیا لایەنگیری و پاڵپشتی لە تارمابییەکەی هاملێت وەرنەگرێت، ئەگەرچی دەزانێ وەڵامی تارمایی هاملێت و تارمایی مارکس یەك وەڵامە وەڵامی ئەوەی "من ڕۆحی باوکتم" بەلام دیریدا وەك هاملێت نالێت "لەوە دوورتر لەگەڵتا نایەم".

ئەو باس لەوە دەکات کە بۆچی لەوەش دوورتر لەگەڵی دەڕوات، بەهۆی ئەوەی تاوانی کوشتن هۆکاری سەرەکی دۆخی ئێستابوونە، هەڵبەت ئەوەش هەر لە دۆخی شانۆنامەکە وەرگیراوە، دەی کەوابێت دریدا بۆچی وەك هاملێت قسە ناکات؟ ئەو بڕوابوونە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەوەش زیاتر لەگەڵیدا دەڕوات؟

بڕوابوونی دریدا بە مارکس هەرگیز لەبڕوابوونی هاملێت بە باوك زیاتر نییە، بەڵام بیانوی دریدا تەنیا ئەوەیە کە ئەگەر هاملێت گومانی لە تارمایی هەبێت، بەڵام ئەو گومانی لە تارمایی نییە، با بیرمان نەچێت لێرەدا دریدا لەگەڵ کۆژیتۆکەی هاملێت خۆی تووشی بەرکەوتن دەکات،



چونکە دەبێت ئەوە بزانین ئاخۆ پرسیار لەهاتنی تارمایی پرسیارە لەگەڕان بەدوای شوناس, لەوەی تەنها سێبەرێکە یان حەقیقەتێکە بۆ ئاشکراکردنی تاوان؟

چونکە لەو کاتەدا دەبێت ئەو دڵنیاییە بدەینە خۆمان کە تارمایی بۆ هاتووە؟ ئاخۆ دەمانەوێ لەکوژرانی حەقیقەت دڵنیا بین یاخود مەبەستمان ئاشکراکردنی بکوژە؟ لێرەدا دەبینین دریدا دەیەوێ ئاراستەیەکیتر بدۆزیتەوە، کە جیاوازبوون بێت لەمانا شکسپیریەکەی، مانا دریداییەکە هەرچەندە بڕواپێکراویش نەبێت، سەرەنجام خوێندنەوەیەکی فەلسەفیانەیە بۆ هاملێت تا زەمەنی هەنووکەمانی پێ بخوێنێتەوە، ڕەنگە لەڕووی مانای شانۆییەوە خراپ بردنی ئەو کارەکتەرە بێت بۆ کونجێکی دووفاقی زمان، بەڵام لەڕووی مانای فەلسەفییەوە خوێندنەوەیەکی گوتاری فەلسەفییە لەبارەی ئێستامانەوە، ئەوەش جیابوونەوەی نێوان فەلسەفە و شانۆیە لەتێگەیشتنیان بۆ تارمایی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕەنگە پرسیارێك ڕووبەڕوومان بێتەوە کە ئاخۆ هۆکاری گەڕانەوەی تارمایی مارکس لەڕێگەی تارمایی هاملێتەوە بەو هۆکارەوەیە کە مارکس ئەوینداری نوسینەکانی شکسپیر بووە، تەنانەت ئەگەر بیر لەکتێبی "مانیفێستی کۆمۆنیزم" ی مارکس بکەینەوە دەبینین باس لەتارمایی دەکات، کۆمۆنیزم بەو تارماییە ناو دەبات کە بە ئاسماندا دێت و دەچێت، بەڵام گەڕانەوەی تارمایی شکسپیری بەو هۆکارەوە نییە، بەقەد ئەوەی هەستکردن بە نزیکی نێوان باوکی هاملێت و مارکسە لەیەکتری، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ئەو دەستەواژەیەی

"کەسێك دێتە پێشەوە، من یان تۆ، دەڵێ: دەمەوێ فێر ببم کە زیندوو بم" **

شانۆی ئارتۆ شانۆی فەیلەسووفێك بوو، کە شانۆی وەك کایەی فەلسەفە سەیر دەکرد، تیایدا جەستە و شێتی ئەو دوو گوتارەن کە شانۆکەی بنیات دەنێن، بەلای هەردوو فەیلەسووف کریستیفا و دیریدا ئەو شانۆیە گرنگییەکی ناوازەی لەگوتاری فەلسەفیدا هەیە.

بۆ کریستیفا ڕوانین لەشانۆ ڕوانینە لەدەروونشیکاریی کە ئەگەر هاملێت ئەو کارەکتەر زهانییە بێت، ئەوا ئارتۆش وەك جۆرە زهانییەکی تر دەبینێت، ڕەنگە لەدنیای شانۆدا دوو وێنەی تەواوکەری یەکتریمان نەبێت کە یەکێکیان کارەکتەری شانۆنامە و ئەویتر شانۆکارێك بێت وەك هاملێت و ئارتۆ کە هێندە بنە ئەزموونی شێتی، کە کریستیفا بۆ خۆشی توێژینەوەیەکی بەو ناونیشانە هەیە بەناوی "ئەزموونی شێتی لە شانۆی ئارتۆ".

هەڵبەت شێتی ئەو دنیابینییە فەلسەفییەی لەشانۆی ئارتۆدا کردەوە، ئارتۆ ئەو شانۆکارەیە کە ئەزموونی شێتی و جەستە لەنمایشدا وەك دوو گوتاری گرنگ بەرووی شانۆ فەلسەفییەکەی دەکاتەوە، شوناس وەك کریستیفا لەشانۆی ئارتۆ لەسەری دەوەستێت پەیوەست نییە بە شوناسی جێگیر، سەرباری ئەوەی ئەو وێنەیە دەخاتە ڕوو کە زمان لەلای ئارتۆ قوڵاییەکی مۆسیقی هەیە، هەڵبەت ئەو زمانە بە دەگمەن لەشانۆدا بەدی دەکرێت، ئەوەش ئەو وێنە نەستییەی ئارتۆی زهانییە تیایدا وێنەیەك بەشانۆ دەبەخشێت، کە جێگیر نییە لەگەڵ شوناسی شانۆ خۆشی، بۆیە سەرەنجام ئارتۆ وەك



مەنفیەکی عەقڵ سەیر دەکرێت کە دەبێت لەبەردەم ئەو گوتارە عەقڵانییە بەرەو شێتخانە ڕاپێچ بکرێت.

با تێبینی ئەو خاڵە گرنگە بکەین، ئەوەی تراژیدیای لەشانۆدا کوشت عەقڵانییەتی سوکراتی بوو لەڕێگەی شانۆنامەکانی یۆریپیدسەوە، ئەوەی نەشیتوانی شانۆی فەلسەفی قەبووڵ بکات ئەوە ئەو گوتارە عەقڵانییە بوو، کە توانای تێگەیشتنی لەدەرەوەی عەقڵانییەت نەبوو، ئارتۆ شانۆکاری ڕۆژگاری خۆی نەبوو ئەو هێشتا ڕۆژگاری نەهاتووە، بیرکردنەوەی شانۆیی ئەو بیرکردنەوەی داهاتووخواز بوو، کە هێشتا بەتەواوی نەتوانراوە لەمانا فەلسەفییەکانی شانۆکەی تێبگەین.

بۆ ئەوەی ئەو شانۆیە لەمەرگ ڕزگاری بێت ئەوا وێنە نەستییەکانی ئارتۆ وێنای شانۆیەکی ڕاستەقینە بوو، کە تیایدا شانۆ وەك فەلسەفە خۆی دەخاتە ڕوو، شانۆیەك بۆ تێگەیشتن لێی ناکرێت لەساتەوەختی سەرهەڵدانی تێی بگەین دیسان ئەو مەعریفە شانۆییە کە لەو ئاستەدا نەبێت پێویستی بە تێگەیشتنی فەلسەفیانە هەیە بۆ شانۆکەی، لێرەوەیە شانۆی ئارتۆ وەك شانۆی شکسپیریی وایە تا زەمەن تێپەڕێت توانای کرانەوە وتێگەیشتنی زیاتر دەبێت.

ئارتۆ ناسێکی وەکو مۆنیك بوری توانای ئەوەی بەشانۆی ئارتۆ بەخشی بەتەنها فەیلەسووفێکی شانۆیی نییە، بەڵکو وەکو ئەنترۆپۆلۆژستێك دەیخاتە ڕوو، بەڵام ئەوەی گرنگی وێنەی ئارتۆ وەك فەیلەسووفێك نیشان دەدات، ئەوە ژاك دریدا بوو کاتێك بەشێك لەکتێبەکەی خۆی بەناوی "نوسین و جیاوازی" بۆ تەرخانکرد.

ئێمە لەوێنە دریدایەکەوە وێنای مرۆڤێک دەکەین کە شانۆ لەخواوەند وەردەگرێتەوە، دەرکردنی خواوەند لەشانۆدا بەمانای لەدایکبوونی شانۆی فەلسەفی، چونکە کاتێک خواوەند لەشانۆدا دەسەڵاتی بیرکردنەوە دەست نیشان دەکات و قەدەری کارەکتەرەکان لەناو تراژیدیادا یەزدان دای دەنێت، ئەوا کاتێک ئارتۆ بەدوای مەرگی تراژیدیا خواوەند لەشانۆ دەردەکات، ڕێک ئەو مانا نیتچەییەی مەرگی خواوەند دەگەیەنێت، شانۆ لەگەڵ ئارتۆ شانۆیەکی بێخودایە، لێرەدا گرنگی ئارتۆ بۆ شانۆ وەك گرنگی نیتچەیە لە فەلسەفەدا، ئەو دووانە دوو فەیلەسووفی گرنگی ناو دنیای مرۆڤایەتین کە هەردووکیان زادەی شێتییەکی بێسنوورن.

ئێمە لەبەردەم چەمکی بوونی هاملێتی لەلای کریستیفا و ژیان لەلای دریدا تێدەگەین کاتێک دریدا چەمکی توندوتیژیی ئارتۆ وەك ژیان دەخاتە ڕوو، ئەو دەمە پۆرترێتی فەلسەفی ئارتۆییەکی هاملێتی پڕ لە پرسیار، لەناو پڕۆەی گومانێکی تەواو لەبەرامبەر شانۆدا دەبینین، ئەو گومانە فەلسەفییە لەکۆی مێژووی شانۆ هیچ کاتێک نێوەندە سونەتیەکانی شانۆ و ئەکادیمیەکانی دڵخۆش نەکردووە، چونکە لەو خۆشباوەڕیەی داون، ئەوە بەئاگا هاتنەوەیانە لەوەی شانۆ دراوە بە خواوەند و خواوەندیش بەمانا ڕەمزییەکەی دەسەڵاتی لەدەستداوە.

ئایا قەدەری پاڵەوانی کلاسیکی ئەو دەرەنجامە تراژیدیەی دەبێت ئەگەر بێت و خواوەند داهاتووی کارەکتەر دەست نیشان نەکات؟



ئەگەر لەدیدگای فەلسەفیانەی ئارتۆ و دریدا دا سەیری ئەو پرسیارە بکەین دەبێت ئەوەمان لەلا ڕوون بێت کۆی مێژووی تراژیدیای شانۆ باڵادەستی خواوەندە لەکۆتایی و دەرەنجامەکاندا.

ئارتۆ ئەو فەیلەسووفەی شانۆیە کە وێنای تراژیدیا ناکات، بەڵکو مرۆڤ ڕووبەڕووی ناو ئەو مانا فکریەی ژیان دەکاتەوە، ئەو دەمەی دەیەوێت شانۆ لەو تاعونەی ناو خۆمان ڕزگارمان بکات، ئەو کاتە تێدەگەین بۆچی فەیلەسووفێکی وەکو کریستیفا بەلایەوە مەبەستە لەدەروونشیکاریدا بگەڕێتەوە بۆ ئارتۆ، چونکە هەر ئەوە نەبوو ئەزموونی شێتی ئارتۆ لەشانۆدا ئەو فەیلەسووفەی بەلای خۆی ڕاکێشا بێت، بەڵکو شانۆی ئارتۆ شانۆیەکی دەروونشیکاریشە لەساتی پەیوەندیی نێوان نمایش و وەرگر، واتە ئەو پەیوەندییەی جەستەی نمایشکار و جەستەی وەرگر لەساتی گوتارە شانۆییەکە ڕووبەڕووی دەبنەوە، نوسینەوەی تێکستێکی فەلسەفی بینینە.

نمایش دەبێتە ئەو تێکستە فەلسەفییەی هەوڵی ڕزگارکردنمان دەدات لەناو ئەو دۆخە دەروونییەی بەدرێژایی مێژوو شانۆ بۆی خەستتر کردبووینەوە، ئەگەر ئێمە لەڕووی تێکستەوە هاملێت وەك ئەو کارەکتەرە ببینین کە دۆخی دەروونی لەڕێگەی تارماییەوە حەقیقەت ئاشکرا دەکات، دەروونی هاملێت حەقیقەتی کوژراو دەخاتە ڕوو، ئەوا ئارتۆش ئەو شانۆکارەیە کە نەستی ئەو نەستی بەئاگاهاتنەوەی عەقڵی کوژراوی شانۆیە، ئارتۆ لەو عەقڵە کوژراوە ئاگادامان دەکاتەوە، حەقیقەتی هاملێتی و عەقڵیەتی ئارتۆیی

دوو چەمكن یەك گوتار بەرهەم دێنن ئەویش حەقیقەتی كوژراوە، چونكە سەرەنجام عەقڵیش لەدنیای فەلسەفی تازەگەریی وەك حەقیقەت ناسراوە.

كەوایە ئەو دوو فەیلەسووفە تەواو دركی ئەوەیان كردووە كە بۆچی هاملێت و ئارتۆ ئەو دوو نمونەیەی ناو شانۆن كەلەسەری دەوەستن، وەستانێك وای كردووە كاریگەری لەسەر گوتاری فەلسەفی ئەوان جێبێلێت، چ بۆ كریستیفا لەڕەخنەگرتنی لە خوێندنەوەی لاكانی بۆ فرۆید، چ لەتەئویلی دریدا بۆ چەمكی كۆتایی مێژووی فۆكۆیاما و قسەكردنەوە لە فەلسەفەی هیگڵ.

بۆیە ئەگەر لەشانۆی كلاسیك و قۆناغی فەلسەفەی شانۆ، شانۆ پێویستییەكی زۆری بەگەڕانەوە بوو بۆ ناو تێكستە فەلسەفییەكان، هەوڵی دەدا لەڕێسایەك كار بكات كە ئەرستۆ بۆی داناوە، تێگەیشتنی فەلسەفی بە شانۆ دەبەخشێ تاوەكو فەلسەفەی شانۆ بێنێتە بوون.

ئەوا لەشانۆیەك كە ئارتۆ وەك فەیلەسووفێكی شانۆیی تیا دەردەكەوێت، ئیدی ئەوە فەلسەفەیە بەرەو شانۆ دەگەڕێتەوە، چونكە بۆ نووسینەوەی تێكست وخوێندنەوە فەلسەفییەكان پێویستی بە شانۆیە تاوەكو دەرەنجامە فەلسەفییەكانی بەشوێنێك بگەیەنێت كە وەك ڕووبەری نووسینی تێكستی فەلسەفە بێتە خولقاندن.

ئێمە لێرەدا نەمانوویستوە لەسەر فەیلەسووفەكانی تریش قسە بكەین كە كاریگەری شانۆ بەسەر تێكستە فەلسەفییەكانیانەوە دەركەوتووە، چونكە مەبەستمان لەم باسە درووستكردنی دیكۆمێنت نییە، هێندەی دوو ناوی



گرنگی فەلسەفی سەدەی بیستەم وەربگرین كە كاریگەریان لەسەر خوێندنەوە فەلسەفییەكان هەبووە، دەنا گەڕانەوە بۆ تیری ئیگڵتۆن و ڕۆلان بارت و ژیل دۆلۆز بابەتی گرنگی ناو پەیوەندیی نێوان شانۆ و فەلسەفەیە كە چۆن ئەو كاریگەریە شانۆییە بەسەر فەیلەسووفەكانەوە لەناو تێكست دەبینین، بەلام گەڕانەوە بۆ دریدا و كریستیفا تەنها دەست نیشان كردنی كاریگەرییەكە نییە، بەقەد ئەوەی ئەو دەرەنجامە گرنگەی ئەوان بەشانۆی دەبەخشن، كە وا دەكات خوێندنەوە بۆ شانۆش خاڵی نەبێت لەخوێندنەوەی فەلسەفی، چونكە شانۆی فەلسەفی شانۆیەكە دابڕاو نییە لە فەلسەفە بەڵكو لەپەیوەندییەكی ئۆرگانی هەمیشەییە لەگەڵ فەلسەفەدا، ئەوەش وادەكات شانۆ و فەلسەفە بێ یەكتری ئەوی تر وێنەیەكی ناتەواو ببەخشێت، نە شانۆ توانای ئەوەی هەیە لەدەرەوەی خوێندنەوە و تێگەیشتنی فەلسەفییەوە كار بكات، مەگەر ئەو شانۆیەی قەدەری پاڵەوانەكانی بداتە دەست یەزدان، نە فەلسەفەش دەتوانێ بیركردنەوە و پرۆسەی گومانكاری لە مەعریفە بەبێ شانۆ ئەنجام بدات، ئەوەش بەو مانایەی بەدەركردنی شانۆی فەلسەفی لەخۆی، فەلسەفە جومگەیەكی سەرەكی خۆی دەردەكات و جەستەیەكی ناتەواو بۆ خۆی وێنا دەكات.

بۆیە پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆ پەیوەندییەكی هاوبەشە بەتایبەت لەبوونی شانۆیەكی فەلسەفی ئەو پەیوەندییە دەچێتە ئاستی وێنەی باڵای گوتاری فەلسەفی و گوتاری شانۆیی، هەر ئەوەش وای لە بەشێك لە فەیلەسووفەكان كردووە پەنا بەرنە بەر نووسینی شانۆنامە، شانۆگەرییەكانی سارتەر و

کامۆ دوو نمونەی گرنگی تێکستی شانۆیین کە فەیلەسووف نووسیویەتی.

## تێکستی فەلسەفیی لەناو تێکستی شانۆدا

لەدایکبوونی شانۆی فەلسەفی، سەپاندنی گوتاری شانۆییە وەك ژیار و فەلسەفە، ئەوە فەیلەسووفەکانی ناچار کرد بەتەنیا بۆ ئارگۆمێنت و توێژینەوە بەرەو هونەری شانۆ نەگەڕێنەوە، بەڵکو خۆشیان ڕوو بکەنە نووسینی شانۆنامە ولەو ڕێگەیەوە دنیای فەلسەفی خۆیان بەرجەستە بکەن، چونکە ڕۆژگارێك نەما فەیلەسووفەکان دژایەتی شانۆ بکەن و ڕەخنەی ئاراستە بکەن، بەڵکو بۆ ئەوان یەکلا بۆوە کە نەیانتوانی گۆڕەپانەکە بەشانۆ چۆڵ بکەن، بۆیە تێگەیشتن لەگرنگی شانۆ و پەیوەندیکردنی ئەو هونەرە لەتەك فەلسەفە وایکرد بۆ دەرخستنی دید و گوتاری فەلسەفیان بکەونە نووسینی شانۆنامە، کە گرنگترینیان شانۆنامەکانی هەردوو فەیلەسووف ئەلبێر کامۆ و ژان پۆل سارتەرە، کە وەك دوو فەیلەسووفی ناو شانۆی فەلسەفی دەرکەوتوون.

بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندییە فەلسەفییە شانۆییە شانۆگەری کالیگۆلای ئەلبێر کامۆ و شانۆگەری مێشی سارتەر وەردەگرین، ئەوەش بەو مەبەستەی وەك دوو تێکستی فەلسەفی شانۆیی کە دوو فەیلەسووف نووسیویانە، لەم بەشەدا لەسەر شانۆنامەی کالیگۆلای کامۆ دەوەستین و لەبەشی داهاتووش دەگەڕێینەوە سەر شانۆنامەی مێشی



سارتەر کە وەك شانۆیەکی فەلسەفی تایبەتمەند دەیخوێنینەوە.

ئەوەی جارێ لێرەدا بەلامانەوە گرنگ بێت هەڵوەستە کردنە لەسەر گوتاری فەلسەفی کامۆ لەشانۆگەری کالیگۆلادا، تێکست وەك فۆرم تێکستێکی شانۆییە، بەڵام لەبنەڕەتدا تێکستێکی فەلسەفی وجودییە لەبارەی بیرۆکەی مەرگ و ئامادەبوونی مرۆڤ کە دوای مردن پرسیاری ئەو مرۆڤە چی دەبێت کاتێك مردن ئازیزترین کەسی پێ لەدەست دەدات؟

ئەوە بەتەنیا پرسیارێك نییە، کە ڕووبەرووی مرۆڤی هاوچەرخی بکاتەوە، چونکە ئەو مرۆڤە دەکرێت لەم دنیایەدا بەدوای لەدایکبوونی فەرد بۆخۆی هەست بەتەنیاییەکی زۆر بکات، بۆیە کامۆ وەك شانۆنووسانی تراژیدیی یۆنانی و شانۆنامەکانی شکسپیر لەناو توێژی دەسەڵاتەوە ئەو کێشەیە دەخاتە ڕوو، بۆ ئەوەش پاڵەوان کە تەواوی دیدگا و گوتارە فەلسەفییەکەی لەسەر دەخرێتە ڕوو ئیمبراتۆرێکە کە کالیگۆلایە.

شانۆنامەکە لەگەڵ دەست پێکردنی شتێك نەماوە ڕووبەرووی تراژیدیامان بکاتەوە، چونکە هەموو شتێك وێرانە، ئێمە بەدوای وێرانەکان دێینە دنیاوە، ئەو دەستپێکە دیدێکی فەلسەفی ڕوونی کامۆیە کە چی تر بەرەو تراژیدیا ناڕۆین، ئێمە بەدوای تراژیدیاکانەوە هێشتا قوربانی تراژیدیاین، کالیگۆلا لەململانێی کارەکتەرو ڕووداو ڕووبەرووی تراژیدیا ومەرگی درۆزێلای خوشك و خۆشەویستی نابێتەوە، بەڵکو لەگەڵ دەستپێك ئێمە لەوە تێدەگەین درۆزێلا مردووە، بیر لەوەش ناکەینەوە کە ئیمبراتۆر بەهۆی ئەو

مەرگەوە شێت بێت، چونکە کالیگۆلای ئیمبراتۆر شێت بووە، مەرگی درۆزێللا و شێتبوونی کالیگۆلا دوو چەمکی فەلسەفی گرنگی ناو ئەم شانۆنامەیەن، یەکێکیان نادیار و ئەویتریان دیار، پرۆسەی نووسین درۆزێللای وەك کارەکتەری نائامادە خستۆتە ڕوو کە بەر لەپرۆسەی نووسینی کامۆ مردووە، کارەکتەری دیار کالیگۆلایە کە بونیادی نەستی ئیمبراتۆر وێنای گوتارە فەلسەفییەکە و قسەکردنەوەیە لەبارەی چەمکی مەرگ ونەمریی.

ئەو دیدە فەلسەفییە وا دەکات شانۆ بۆ کامۆ بەتەنیا نەبێتە ڕووبەرێك بۆ خستنە ڕووی فەلسەفە، بەڵکو پەیوەندیی نێوان کامۆی شانۆنووس و کامۆی فەیلەسووف دوو وێنەی ڕوونن کە ئەوانە هانی دەدەن ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی گروپێکی شانۆیی بکات، بۆ ئەوەی شانۆ وێنەیەکی فەلسەفی ببەخشێت، بەواتایەکی تر شانۆ وەك هونەرێك پێویستی بەدەرهێنەر وئەکتەر و کردە هونەرییەکانە، بەڵام لەڕووی بیرکردنەوە وئاستی باڵای ئەو شانۆیە دەکرێت پەیوەندیی نێوان شانۆ وفەلسەفە خولقاندنی گوتاری باڵا بێت لەڕووی شانۆیەکی فەلسەفی، ئەوەش وادەکات شانۆکار وەك فەیلەسووف دەربکەوێت، کامۆش لەو ڕێگایەوە وەك فەیلەسووفێك نایەتە دەرەوەی شانۆ، بەڵکو دڵنیایە شوێنی فەیلەسووف ناو شانۆیە، ئەوەش وای لە فەیلەسووفێکی فێمێنیستی وەکو سیمۆن دی بۆڤوار کردووە لەبارەی شانۆنامەکانییەوە بنووسێت "تێکستە شانۆییەکانی کامۆ، دەرخەری کەسێتی ڕاستەقینەی کامۆ وبەها ئەخلاقی و فیکریەکانییەتی" (٤٠)



بۆ ئێمەش شوێنێك کە ئەو فەیلەسووفەی تیا بناسین، بونیادی دەرەوەی شانۆ نییە، بەڵکو بونیادی ناو زمانی کارەکتەرە شانۆییەکانییەتی، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ناو تێکستە شانۆییە فەلسەفییەکانی، کە کالیگۆلا دیارترین تێکستی فەلسەفی کامۆیە، مەرگ وشێتی دوو چەمکی فەلسەفی ناو ئەو شانۆنامەیەن، ئەو دوو چەمکە لەڕێگەی کارەکتەری دیار ونادیار دەردەکەون، مەرگ چەمکێکی نادیارە ولەڕێگەی مردنی درۆزیللا وە پێی ئاشنا دەبین، ئەوە چەمکی نادیاری ناو تێکستە، بەڵام ڕووبەرێکی زمانەوانی گرنگی بە گوتارە فەلسەفییەکەی تێکست داوە، چەمکی دووەمیش کە شێتییە، چەمکێکی دیارە، لەڕێگەی کالیگۆلاوە دەردەکەوێت، ئەو دوو چەمکە فەلسەفییە تەواوکەری یەکترین، لەبەر ئەوەی هاتنی مەرگ دەبێتە هۆی لەدایکبوونی شێتی، لێرەوە شێتی داوای ئەفسووسێك دەکات کە وەدەست کەوتنی مانگە، ئەو ئەفسووسە کۆتایی هاتنە بە مردن، بۆ ئەوەی درۆزیللا بگەڕێتەوە، نەگەڕانەوەشی بەواتای وەدەست کەوتنی مانگ بەتەنیا وەهمێکی شێتییە و لەناو نەستی ئیمبراتۆردا دەمێنێتەوە.

لێرەدا بیرکردنەوەی فەلسەفی پەردەی ئەخلاقی بەڕووی کارەکتەرێکی نائاسایی هەڵدەداتەوە، کە کالیگۆلایە، ئەو کێیە؟ ڕەنگە کامۆ مەبەستی بێت وێنەیەکی ترمان لە تراژیدیا پێ نیشان بدات، ئەگەر لەلای تراژیدیا نووسانی گریکی و تراژیدیاکانی شکسپیر ئەوانەی تراژیدیا دەخولقێنن لەناو عەرشی دەسەڵاتدان، کامۆ بەتەنیا لەسەر

خوڵقاندنی تراژیدیا ناوەستێت، هێندەی پەردەی ئەخلاقی بەڕووی ئیمبراتۆرییەت هەڵدەداتەوە، ڕاستە گوتارە فەلسەفییە شانۆییەکەمان لەڕێگەی ئیمبراتۆرەوەیە، بەڵام بیرمان نەچێت ئێمە بەرەو پرۆسەی پاکژبوونەوە و بەزەیی و چەمکە ئەرستۆییەکان ناڕۆین بەرەو ڕووی تراژیدیا، هێندەی ئەو فەیلەسووفە بەرەو بیرکردنەوەی فەلسەفیمان دەبات، بۆیە کالیگۆلا وەك لەلای ئەندامێکی ئەنجومەنی دەسەڵاتەوە دەبیستین "بەڵێ درۆزیللای خۆش ئەویست، بەڵام لەکۆتایی وێستگەکەدا ئەو خوشکی بوو، ئەوەندە بەسە کە ئەو سواری دەبوو" هەمان سەرچاوە، لا 16.

ئێمە نە بەزەیی و نە بەرەو پاکبوونەوە هەنگاو دەنێین، وەك چۆن ئەوە ترس و بەزەیی نییە لەگەڵ کارەکتەر ڕێمان پێدەکات، بەڵکو ئێمە بەرەو بیرکردنەوەی فەلسەفی هەنگاو دەنێین، کە پەیوەندییە ناسرووشتییەکانی کارەکتەر بۆ خۆی جۆرە شێتییەکە، کە شێتی خوێن وغەریزە پێکهاتی عەقڵییەتی دەسەڵاتە، دەسەڵات لەناوەوە بەرەو شێتبوون نەڕۆیشتووە، هێندەی دەسەڵاتدار بونیادی ئەخلاقی تیایدا دەمرێت و بونیادی نائەخلاقی نوێ تیایدا لەدایك دەبێت، ئەوەش لەساتی مەرگدا ڕووبەرووی ئەو ئەفسووسە دەبێتەوە تاوەکو درێژە بەدەسەڵاتەکەی بدات، لەڕاستیدا وەدەست کەوتنی مانگ چەندە ئەفسووس بێت لەبنەڕەتدا داواکردنە بۆ بەردەوامی دەسەڵات لەڕێگەی غەریزە نائەخلاقیەکانی، بەئەفسووس بوونیشی بەواتای ئێمە لەبەردەم گوتارێکی شێتیداین، کە بونیادە نائەخلاقیەکانی گەیاندویەتیە ئەو شوێنە، لێرەوە کامۆ دەیەوێت شانۆ



هەڵدانەوەی دەمامکە ئەخلاقییەکانی دەسەڵات بێت لەڕێگەی پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و شانۆ.

بۆیە کامۆ دەیەوێت لەڕێگەی کالیگۆلاوە دەمامکە ئەخلاقیەکانی ئەو پەیوەندیە بباتە ناو گوتارێکی فەلسەفی شانۆیی، ئەوە کالیگۆلایە پەردە لەڕووی ئەو پەیوەندییە هەڵدەداتەوە، بواری ئەوە ناهێڵێتەوە، بیرکردنەوە بەتەنیا لەئاستی قسەکردن بمێنێتەوە، بەڵکو بیرکردنەوە دەباتە ناو پرۆسەی گومانەوە، بەتایبەت لەگەڵ دەرکەوتنی کە هەموان عەودالی ئەو وونبونەی ئەون، ئەویش ماندوو و شەکەتە بەدوای مانگ گەڕاوە، بەڵام بڕوای وایە مەسەلەکە ئەوە نییە وەك ئەوان تێی گەیشتوون پەیوەست بێت بە مردنی ژنێکەوە کە ئەو خۆشی ویستووە، لێرەوە کالیگۆلای کامۆ دیدێکیترمان ڕووبەڕوو دەکاتەوەن کە کێشەکان بەتەنها پەیوەندییان بەو ڕووداوانەوە نییە کە ڕوو دەدەن، بەڵکو ڕووداوەکان دەرفەتێکن بۆ ئەوەی لەبارەی پرسی گرنگترەوە بگەڕێین وەك کالیگۆلا دەڵێت "من بیرم دێتەوە چەند ڕۆژێك پێش ئێستا ژنێك مرد، کە خۆشم ئەویست، بەڵام ئەوە بەچی ناو دەبەن خۆشەویستی؟ سخافە. مردن لێرەدا هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، بڕوا بەقسەکەت ئەکەم، ئەو ئاماژەیە مانای حەقیقەتە، ئەگەر ئەوە نەبوایە بیانوم بە مانگ نەدەگرت" لا 22

ڕەنگە ئەوەی لێرەدا ڕامانبگرێت وشەی حەقیقەت بێت، حەقیقەتی کامۆیی چییە؟ لەڕاستیدا حەقیقەت ئەوە نییە کە ڕوو دەدات، حەقیقەت ئەوەیە کە ڕوو نادات، حەقیقەت لە مەرگ نییە، بەڵکو لە دەستنەکەوتنی مانگدایە، بەڵام ئەوە

مەرگە ئەو بابەتەی حەقیقەتی هیناوەتە پێشەوە، ئەوەش بەو مانایەی مەرگی درۆزێللا ڕووبەرووی پرسی وەدەست کەوتنی مانگمان دەکاتەوە، لێرەوە بابەتی حەقیقەت وەك کردەیەکی نەستی ئیمبراتۆر ڕووبەرووی دەبینەوە.

ڕەنگە پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەینەوە گرنگی ئەو حەقیقەتە لەچیدایە؟ لەڕاستیدا ئەو پرسیارەی ئێمە پرسیارێکی نوێ نییە، دووبارەکردنەوەی پرسیارێکی کۆنی هیلیکۆنە کە لە کالیگۆلا دەپرسێت، بەڵام ئێمە شتێکی تر نادۆزینەوە گرنگتر لەوەی ئیمبراتۆر دەیخاتە ڕوو، بەبێ ئەوەی ئەوەمان بیر بچێت، ئێمە لێرەدا کالیگۆلا وەك هاملێت دەبینین، کە لەساتەوەختی شێتی وێنە ڕاستەقینەکانی بوونمان بۆ دەخاتە ڕوو، ئەگەر هاملێت کۆژیتۆی مردن و بوون بخاتە ڕوو، ئەوا کالیگۆلا لێرەدا ژیان ومەرگ وەك ئەو دیوی وێنەی حەقیقەت سەیر دەکات "خەڵکی دەمرن وبەختەوەریش نین" لا 22

ئەگەر فەیلەسووفێکی وەك ژۆلیا کریستیفا هاملێت بە نەخۆشێکی زەهانی ناو بەرێت، لەو ڕوانینە فەلسەفییەی کریستیفا دەتوانین ئەوە زیاد بکەین کە کالیگۆلاش وێنەی مرۆڤێکی زەهانییە وەك هاملێت زمان وێنای وێنە نەستییەکانی دەکات، کالیگۆلا لەڕێگەی پەیوەندییەکی نائەخلاقییەوە کە پەیوەندیی خۆشەویستیەتی بە خوشکەکەیەوە وێنەیەکی لادەری کۆمەڵایەتی و مرۆیی بخاتە ڕوو.

کە هەموومان وەك نەخۆشێك سەیری بکەین، سەرەنجام بۆ کایۆس تەواوی ژیان درۆیەکە و هەموو درۆزنن ئەو دەیەوێت



ڕاستی بوونی هەبێت و مرۆڤەکان ناچار بکات ڕاستگۆیانە و ئابڕوو مەندانە بژین، بەواتای ئەگەر وێنەی کالیگۆلا وینەیەکی ڕاستگۆیانەی خود بێت لەگەڵ خۆی کە وێنەیەکی قێزەونی کۆمەڵایەتییە، بەڵام وێنەی دووەم وێنەی کۆمەڵگا وێنەیەکی قبوولکراوە بەڵام وێنەیەکە پڕە لە درۆو ساختەکاریی. مرۆڤ کاتێك گەیشتە ساتەوەختی ڕوودانی شتەکان سەختە ئارامبوون قەبووڵ بکات، مەگەر تەواوی شۆڕشی مرۆڤەکان پەیوەست نەبووە بەو ساتەوەختەی کە ئیتر دەبێت شۆڕش ڕوو بدات، کالیگۆلا وێنەی دەسەڵاتێکی نەخۆشە، بەڵام دەسەڵاتێك لەنەخۆشی خۆیەوە سەیری نەخۆشی ئەوانی تر دەکات، بەواتای چ دەسەڵات و چ ئەوانیتر وەك یەك نەخۆشن، ئەگەر نەخۆش بوونی دەسەڵاتی ئیمبراتۆر پەیوەندیی ناسرووشتی بێت، بەڵام نەخۆشبوونی ئەوانی تر درۆکردن و ژیانی نامەردیانە، ئەوەش وای لێدەکات کە دەبێت شتەکان بگەنە کۆتایی و ئیتر ئەو ناتوانێت ئارام بێت "ئەگەر بڕۆم بخەوم، چۆن مانگ وەدەست بێنم؟" لا 22.

لەڕاستیدا کێشەکە دەست کەوتنی مانگە، بەڵام ئەو دەستکەوتنە وێنەیەکی مەجازی حەقیقەتە، ئەگەر مانگ هەرگیز وەدەست نایەت وخەیاڵێکی کالیگۆلایە، ڕاستر وایە دڵنیابین لەوەی حەقیقەتێك نییە وەدەستمان بکەوێت، حەقیقەت وەك ئەو وێنە فەلسەفییەی کامۆ لەشانۆدا دەیخاتە ڕوو، دەنا هەندێك وێنەی ڕووکەشی حەقیقەت دەبینن وەك ناوبردنی حەقیقەت بە درۆزێللا و یان خەزینەی دەوڵەت.

ئێمە لێرەدا تێبینی خاڵێکی گرنگ دەکەین، ئەگەر کامۆ لەنهێنی پەیوەندیی نێوان شانۆ وفەلسەفە تێدەگات ودەیەوێت دیدی فەلسەفی خۆی لەرێگەی هونەری شانۆوە بنووسێتەوە، بەڵام سەرەنجام ئەو دیدە ئەفلاتونییە بۆ تراژیدیا بەتەواوی دەکەوێت و شانۆ دەبێتە ڕووبەری ڕاستەقینەی فەلسەفە، ئەوە تراژیدیانووسەکان نین ئیتر دەبێت چاوەڕوانی فەلسەفە بکەن، بەڵکو ئەوە فەیلەسووفەکانن شوێن بۆ خۆیان لەناو شانۆ دەکەنەوە.

ئەوەش وایکرد گەشەسەندنێکی زیاتر بە شانۆی فەلسەفی ببەخشرێت، کەسەرەنجام فەلسەفە و شانۆ لەپەیوەندییەکی ترازاو نەبن بەیەکتر، بەڵکو لە پەیوەندییەکی ئۆرگانی هاوبەش بن بەیەکترییەوە، ئەگەر لەڕابردوودا لەناو ژیاری گریکی شانۆ دەهاتە ناو فەلسەفە و فەیلەسووفان نارەحەتیش دەبوون بەو هاتنە یاخود هەوڵیان دەدا شانۆنووسەکان لەبەرژەوەندی گوتارە فەلسەفییەکەی خۆیان بەکار بێنن وەك لەلای سوکرات و ڕەنگدانەوەی عەقڵانییەتەکەی لەناو شانۆنامەکانی یۆرپیدسدا دەبینین، بەڵام لەکۆتایی تراژیدیا ودەرکەوتنی شانۆی فەلسەفی، ئەوە فەیلەسووفەکانن دێنە ناو شانۆ، شانۆکارانیش نارەحەت نابن، چونکە بەگەشەسەندنی زیاتری هونەری شانۆی دەبینن.

"مەگەر شانۆکارانێکی وەك زۆرینەی لای خۆمان کە بەهۆی نەبوونی مەعریفەوە دەیانەوێت گومان لەکۆی ئەو پەیوەندییە بکەن، یاخود بیانەوێت ئەو بابەتە بەگرنگ نەبینن، بەڵام دیسان ئەوە مەبەستەکە نییە، ئەفلاتون کاتێك دەیویست لەکۆمار بیانکاتە دەرەوە هۆکارەکەی پەیوەست



بوو بە ڕەخنەگرتنی ئەریستۆفاینس لەناو یەکێك لەشانۆنامەکانی کە ڕەخنەی ئاراستەی سوکرات کردبوو ئەوەش پەیوەست بوو بەو دیدە ڕەخنەیی و ئاگاییەی هونەری شانۆوە.

گرفتی کالیگۆلا بە دوای ڕووداوەکان ئاگایی مرۆڤێکە زانیویەتی ئەوەی ئەنجامی داوە هەڵەیە، بەڵام هەرگیز لەهەڵەکردندا درۆی نەکردووە، گرفتی ئەو کێشەی ڕاستگۆیی ئینسانە، ڕەنگە هیچ کاتێك ئەو دیدە لەتەك کایۆس تەبا نەیەتەوە بەتایبەت لەدنیای تیۆریی شانۆدا کە هاودەنگی لەتەك جۆرە کارەکتەرێکی وابنوێترێت، بەڵام با کەمێك لەو تێکستە دوور بکەوینەوە بیر لە کارەکتەرە شکسپیرییەکان بکەینەوە، ئاخۆ هاملێت بێتاوانە یان گوناهبار؟ ئەگەر بێتاوانە کێ گوناهی شێتی بوونی ئۆڤیلیا دەگرێتە ئەستۆی خۆی؟ ئایا ژنەکانی وەکو گرترود و لیدی بکوژن و لەتەك پیاوەکان دەستیان بەخوێن سوورە؟

یان ئەوە حەزی دەسەڵاتە خەونەکانیان بەناو خوێندا دەیانبات؟ ئێمە بۆچی هاوسۆزی لەتەك هاملێت و گرترود دەنوێنین، بەتایبەت لەدوا دیمەنی شانۆنامەی هاملێتدا؟ ئاخۆ ئەو پرسیارەمان لەخۆمان کردووە؟ یان هەست دەکەین کۆی ڕووداوەکان توانای پاکژکردنەوەی مرۆڤەکانی هەیە لە گوناهێك کە پاکژبوونەوە ڕژانی ئەو ژەهرەی ناخیانە لەرێگەی خوێنەوە؟

هەڵبەت ئەو پرسیارە ڕەنگە تەواو بۆ لیدی ڕاست بێت، بەڵام کێ دەزدەمونە دەکات بە قوربانی ئاخۆ جوامێری وئازایەتی ئۆتێللۆ نییە وای لێدەکات عاشقی بێت و سەرەنجام ئەو

عەشقە دەیكوژێت؟ ئێمە نامانەوێت بگەڕێینەوە لای شكسپیر هێندەی ڕەوایەتییەك زۆربەی جار بەكارەكتەرە شكسپیرییەكانی دەبەخشین كەمتر لەگەڵ كارەكتەری تر بەو شێوەیە ڕەفتار دەكەین، بەڵام ئاخۆ كالیگۆلای گوناهبار مرۆڤێكە وەك گوناهەكانی سەیری بكەین، یاخود وەك كێشەی وجودی مرۆڤێكی بوونگەرا كە گرفتی لەنێوان ڕاستی و درۆدایە، بەڵام كێ لەو كێشە بوونگەراییەی كالیگۆلا تێدەگات؟ پرسیارە سەرەكی وفەلسەفییەكەمان لێرەدایە.

ئەی ئەوە نییە سیزۆنیا پێی وایە مەرگی درۆزیلا ئەوی بەو دۆخە گەیاندووە سەرسامی خۆشی دەخاتە ڕوو كە پێشتر لەگەڵ ئەودا پەیوەندیی هەبووە و پەیوەندیی تریشی هەبووە بۆچی ئەو مەرگەش تێناپەڕێنێت، بەڵام گرفتی كالیگۆلا ئەوە نییە كە مرۆڤێكە بەمەرگی خۆشەویستەكەی وای بەسەر دێت، بەڵكو كێشەی ئەو گرفتی بوونگەرایی ئینسانە، بۆیە ڕاشكاوانە پێی دەڵێت "ئەوەی من ئەمەوێت تۆ تێی ناگەیت، گرنگ نییە" لا 30.

لەڕاستیدا كایۆس ڕاست دەكات گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو خۆی دەزانێت كێشە بوونگەراییەكە لەكوێدایە، چونكە ئەگەر مەسەلە لە ووتراو بێت ئەو بۆیان دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەوان درۆكردن وەك حالەتێكی سرووشتی ساتەوەختێك سەیر دەكەن، لەكاتێكدا ئەوە دەبێتە هۆی شاردنەوەی ڕاستییەكان، ئەوەش بۆ كالیگۆلا كە ستراتیژی پشت فەلسەفەی كامۆیە پەیوەستە بە مرۆڤبوونەوە، هەر بۆیە پێی وایە سەختە خەڵكی بتوانن مرۆڤبن، مرۆڤبوونیش



لەئاوێنەیەكدا لەوێنەی خۆی دەبینێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ بێت دەبێت كالیگۆلا بێت، گرنگ نییە هەڵە بكەیت تاوانبار بیت پڕ بیت لەگوناهباری گرنگ ڕاستگۆ بیت لەگەڵ بوونی خۆت، ئەوە ئەو گوتارە گرنگە فەلسەفییەی نێو شانۆنامەكەیە كە لەگەڵ كۆتایی پەردەی یەكەم بانگەشەی بۆ دەكات.

زەمەن تێدەپەڕێت ئەوانی تر بەلایانەوە گرنگە كە سێ ساڵ بەسەر دۆخی دەروونی كالیگۆلادا ڕۆیشتووە بۆیە جەخت لەسەر ئەو ساڵانە دەكەنەوە، بەڵام ساڵەكان شتێك نین بۆ گەڕیدەیەكی عەودالی ڕاستی، لەو ساڵانە كە تێپەڕیوون دەسەڵات بەدەستی كایۆس خوێناویتر بووە، بەهۆی ئەوەی چەندین كەسی ناو دەسەڵاتی كوشتووە، ئێمە لەدیمەنی یەكەمی پەردەی دووەم كە دەبینین سێ ساڵ تێپەڕیووە و كالیگۆلا دەستی بە كوشتنی خانەوادەی ناو ئەنجومەنەكەی كردووە، دەزانین ئیتر ئەو دەسەڵاتە لەناو خۆیدا دەتەقێتەوە و ساتەوەختێك دێتە پێشەوە كە بەگژی كایۆس هەڵبستتەوە، ئەوە مەترسییەك نییە ئەوە شتێكە دەبێت ڕوو بدات، بەبڕوای كێ كالیگۆلاش لەڕوودانی ئەوە دڵنیا نییە، بەڵام گرفتی كالیگۆلا بەئاگاهاتنەوەی بوونی مرۆڤەكانە لەوەی لەسەر نائاگایی خۆیان نووستوون، لێرەدا كامۆی فەیلەسووف كێشەی دەسەڵات وكۆمەڵگا لەكێشەیەكی فەلسەفییەوە دەگۆڕێتە سەر ڕووداوێكی شانۆیی كە چارەسەری شانۆیی بۆ كێشەكان بكات، لەوەدا شانۆ بۆخۆی ڕووبەرێكی فەلسەفی لەناو گوتارەكەی دەخولقێنێت، ئەوەش بەیەكداچوونی نێوان فەلسەفە وشانۆیە،

تا لەگەڵ ڕووداوەکان دەڕۆینە پێشەوە ئەو پەیوەندییە چنراوەی نێوان فەلسەفە وشانۆ دەڕۆنە ئاستی گومان وپرسیارکردنەوە.

مەعریفەی باو دەکەوێتە ناو پرۆسەی گومانەوە، شانۆ لەعەقڵییەتی گشتییەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشە و تاك تیایدا گومانەکانی گەورە دەبن، نەك بەوەی ئەو فەردێکی گرنگی ناو ڕووداوەکانە، بە پێچەوانەوە ئەو وەك سوکرات خۆی بە بەشێك لەخەوشی ناو کێشەکە دەبینێت، ئەگەر سوکرات پێی وابوو جیاوازی ئەو لەگەڵ خەڵکی ئەسینا لەوەدا بێت ئەو دەزانێت هیچ نازانێت، بەڵام خەڵکی ئەسینا نازانن کە هیچ نازانن، لێرەدا فەردی ناو تێکست کە کالیگۆلایە مرۆڤێك نییە خۆی وەك پاکیزە وێنا بکات، ئەو دەزانێت خراپی و گوناهەکانی چین، بەڵام گرفتی ئەوانی ئەنجومە، درك بەو دەمامکە ساختە کارییە ناکەن کە لەناو خۆشیاندا بونەتە دیلی دەسەڵاتەکەیان، ڕاستی ئەوەیە کە لێیان شاردراوەتەوە.

کالیگۆلا کارەکتەرێکە ونبوونی حەقیقەت ڕووبەرووی زەبروزەنگی دەکات، بۆ ئەو خۆخافڵاندن بە سێکس وتوندوتیژیی جەستەیی وەکو یەك وایە، بەواتایەکی تر ئەو مرۆڤێکی سادیە، چێژ لەئازاردانی ئەوانی تر دەبینێت تاڕادەی مەست بوون و خۆ لەبیرکردن، سیستمیش پەیوەستە بەو توندوتیژییەوە، بەواتای ئەو خاوەنی دەسەڵاتێکی تۆتالیتارە، بەڵام هەرگیز بەرهەمی دۆخێکی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بەرەنجامی ئاگاییەکی نائەخلاقی سەردەمی مۆدێرنیتیە، بەبەڵگەی ئەوەی ئەشکەنجەدان وەك سڕینەوەی دەزگاکانی سەرکوتکردنی مۆدێرنیتی سەیر دەکات،



کاتێك پرسیار لەبارەی گیراوە گوناهبارەکان دەکات، وەڵامی خۆی ئەوەیە دەبێت ئەشکەنجە کاری زیاتری بۆ بکرێت، چونکە بەقەوڵی خۆی "پەیامە گرنگەکە لەهەموو کارێکدا سیستمە" لا 41.

ئەو دەیەوێت لەوە تێبگات کە مرۆڤەکان ئەو شتانەی بەسەریان تاقیدەکاتەوە تا چ ڕادەیەك قەبوولی دەکەن لەدۆخێکی وادا کە دەبینێت خۆخەڵەتاندن تەنیا کارێك نییە لەڕێگەی درۆکردن پەنای بۆ دەبردرێت، تەنانەت کاتێك بەبەرچاوی پیاوەکانەوە لەگەڵ هاوسەری هەندێکیان دەڕواتە ژوورەوە بۆ سێکسکردن دیسان ئەوانی دی توانای خۆ خافڵاندنیان هەیە، لێرەدا ئەو دەستەواژە فەلسەفییە کامۆ کە پێش ئەو تێکستە لەسەری وەستاوە وەك کۆژیتۆیەکی کالیگۆلای دەیبینین.

ئەویش ئاخۆ مرۆڤەکان لەڕێگەی نەخێری نەفیکردنەوە یاخی دەبن لەوەی ڕوو دەدات، ئەو یاخی بوونە کامۆیە لەڕێگەی کالیگۆلا ڕووبەرووی دەبینەوە، دەیەوێت ئەو نەفیکردنەوەیە ببینێت کە لوتکەی یاخی بوونی فەلسەفی کامۆییە، بەڵام کاتێك نایبینێت دەستەبەردار نابێت وپەنا دەباتە بەر کاری تر لەجۆری برسیکردنی کۆمەڵگە وقات وقڕانی درووستکردن.

کالیگۆلا برسیان دەکات سێکس لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەکات و باوکیان دەکوژێت ئاخۆ هەموو ئەو کردارانە شایستەی ئەوە نییە مرۆڤەکان بیکوژن و تۆڵەی خۆیانی لێبکەنەوە؟ ئایا ئەو خەسڵەتی بێدەنگییە تا کوێ دەبێت درێژ بێتەوە؟ ئاخۆ ئەوان چاوەڕوانن کایۆس

دەست لەکارەکانی هەڵبگرێت و ئەوانیش ژیانی ئاسایی خۆیان دوای قوربانییەکان بژین؟ بەڵام ئەوەتا ڕۆژ بەڕۆژ کالیگۆلا هەیمەنەی دەسەڵاتی بۆ سەر ژیانیان فراوان دەبێت و هەموو خەون بە کوشتنییەوە دەبینن، بەڵام بوێری ئەنجامدانی کارەکەیان نییە.

ئایا ئەوە ترسە؟ یان بێ ئیرادەییە؟ لەڕاستیدا ترس لە جەبەڕووتی ئیمبراتۆر یەکێکە لەو هۆکارە ترسناکانەی کە توانای خولقاندنی فاشیزمی هەیە، کالیگۆلا دەبێتە نمونەی دەسەڵاتێکی فاشی کە بوونی لەسەر زەبرو زەنگ و چەوساندنەوە و کوشتن و پەلاماردان بنیاتناوە، بەڵام لەڕاستیدا کۆی کارەکان بە تاقیگەیەکدا دەبات، تاوەکو بزانێت ئەو هەموو درۆیە چییە مرۆڤەکان دەیکەن بۆ ڕاستگۆیانە نەخێری نەفی بەڕووی بەرز ناکەنەوە و لێی یاخی نابن، بەواتای کۆی ڕووداوەکانی ئەنجامیدەدات تێگەیشتنە لەئاستی ووزەی بەردەوامی و چۆنییەتی دەستپێکردنی نەخێری نەفی، کە خۆی دڵنیایە ئەو یاخی بوونە لە شوێنێك دەبێت سەر هەڵبدات، بەڵام ئەوەی بەلایەوە سەیرە ئەو بێدەنگییە ترسناکە چییە مرۆڤەکان لێی قەبووڵی دەکەن.

سەرەنجام وێنەی خۆی لە ئیمبراتۆرێکەوە کە بەدوای مەحاڵ دەکەوێت دەگۆڕێت بۆ وێنەی خواوەند و ڕاگەیاندنی خۆی دەخاتە ڕوو وەك خودای سەما، ئەو میتا وێنەییەی ئیمبراتۆر بە باڵاکردن و دۆزینەوەی کارەکتەری مرۆڤی باڵای نیتچەییمان بیر دەخاتەوە، ئەوە کۆمەڵگا و دەوروبەری تووڕە ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوای ستایش وئامۆژگاری لێدەکەن.



لێرەوە دەبێت مەترسی زیاتر لە کایۆس پێشبینی بکەین، چونکە وێنەی ئەو گەیشت بە خواوەند وئەوانی تریش ئەو وێنەیان قەبووڵە ئیتر کالیگۆلا دەبێت چاوەڕوانی چ دۆخێکی تر دەکات، هەڵبەت بەدوای ئەو ستایشە چارێکی تری نییە جگە لەوەی لەو دەرگایەی دەچنە دەرەوە بڕیاری بۆ سەربازەکانی دەرکردووە بیانکوژن. غەریزەی سێکس وکوشتن دوو غەریزەی گرنگی ناو پایەی ئیمبارتۆریەتێکی نەخۆشە کە پایەکانی لەسەر سەرکوتکردن و ئازارەزووکردن لەخوێن وەستاوە، مەستی و سێکس و کوشتن ئەو سیانەییە پێکهاتەی دەسەڵاتی کایۆسە، لەناو ئەو دۆخی بێدەنگییەدا دەنگ بوونی نییە ئەوەی هەیە لەدەنگدا دەنگی نزا و ستایشە کە کالیگۆلا بۆ خۆی دەزانێت ئەوە دەنگ نییە بێدەنگییەکی درۆزنانەیە، بۆ خۆپاراستن لەمردن، بۆیە هەمیشە سزای ئەو ساختەکارییەیان بە مردن وەڵام دەداتەوە.

ئەوەی کایۆس لەڕاستگۆیی مرۆڤ بەدوای دەگەڕێت، ئەوە نییە کە پێی دەڵێن پلانێك هەیە بۆ کوشتنت، چونکە دەزانێت ئەو دەنگۆیەش ناڕاستیەکی ترە بۆ خۆنزیککردنەوە و ساختەکاری ئەو دەنگە بۆ ئەوەی خۆیان وەك کەسانی دڵسۆزی دەسەڵاتەکەی بخەنە ڕوو.

رەنگە پرسیارە گرنگەکەی ئێمە لێرەدا ئەوە بێت ئاخۆ ئیمبراتۆر لە مردن ناترسێت؟ ئاخۆ هەموو ئەوانەی ئەنجامی دەدات بۆ ئەوەیە بمرێت؟ یاخود کۆمەڵگا ودەسەڵاتەکەی دەوروبەری یاخی ببن و هەوڵ بدەن گوزارشت لەخۆیان بکەن؟ لەڕاستیدا کالیگۆلا هەڵگری فەلسەفەیەکی بوونگەرایە ،بوونی ئەو گەڕان نییە بەدوای مردن، بوونی ئەو

گوزارشت کردنە لە ئیرادەی ڕاستگۆیانەی خود، دەشیەوێت ئەو فەلسەفە تاکگەرایە کە کامۆ لە وێنەی کالیگۆلادا بەرجەستەی کردووە بگوازێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، ڕەنگە ئەوەی گرنگ بێت لێرەدا پێی بگەین ئەو پرسیارە گرنگە بێت ئاخۆ بوونگەرایی هەوڵی تاکە یاخود گواستنەوەی ئەزموونی تاکە بۆ ناو کۆمەڵگا؟ ئێمە لەکۆتایی شانۆنامەکەی کامۆ وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست دەکەوێت بۆیە دواتر دێینەوە سەر ئەو پرسیارە.

کاتێك ڕووبەڕووی دەنگۆی مردنی دەبێتەوە ئاوێنە بینینی وێنەی خۆیەتی لەگەڵ حەقیقەت، بەوەی ئاخۆ دەستکەوتنی مانگ ئەفسووسە و مردن دێت؟ کەواتە حەقیقەت ئەو خەونە نادیارەیە کە مرۆڤ پێی ناگات، بۆیە پێویستە بەر لەهاتنی کۆتاییەك ڕاستگۆبین لەگەڵ خودی خۆمان گوزارشت لەساتە فەردانییەکانمان بکەین، وەك ئەوەی ئەمانەوێت بەبێ بیرکردنەوە لە سیستمی کۆنترۆڵ و چاوسورکردنەوەکان گرنگ مرۆڤ یاخی بێت وهەوڵ بدات خۆی بێت نەفیکردن ئاکاریکی ئەو مرۆڤە بێت، ئەگەر مرۆڤ لەلای نیتچە بەدوای خودێکی باڵادا بگەڕێت، ئەوا لەلای کامۆ خودێکی یاخییە.

ئەو خودە دەگەڕێتەوە بۆ بوونێکی سەرمەدی هایدگەری، هۆکارەکەشی ئەوەیە بوونگەرایی کامۆ وەستانە لەنێوان بوون و زەمەنی هایدگەری و فەلسەفەی بوونگەرایی سارتەر، بۆ ئەوەی وێنەیەکی سەراپاگیریی فەلسەفەی بوونگەرایی بێنێتەکایەوە، بۆیە کالیگۆلا لەبانگهێشت کردنی شاعیرەکان داوای نووسینی قەسیدەیەك لەبارەی مەرگ و



زەمەن دەکات، نوسینی شیعرێك لەبارەی ئەو دوو چەمکەوە بۆ خۆی خستنە ڕووی وێنەیەکی بوونگەرایی مرۆڤەکانە، بەوەی تاچەند لەوەی دەینووسن ڕاستگۆن و ساختەکاری تیا ناکەن.

کەچی شاعیرەکان لەدیدی ڕۆرمانتیکییەوە دەیانەوێت باس لەمردن بکەن، وەك ئەوەی مردن باڵندەیەك بێت یاخود باخێك بێت، ئەوە درۆی ئەوانەیە درۆیەك بۆ خۆڕزگار کردنە لەمردن، لێرەدا شاعیران ڕێك لە حیکایەتەکانی شەهرەزاد دەچن لەچیرۆکی هەزار ویەك شەوە، چونکە شەهرەزاد تا حیکایەت بگێڕێتەوە خۆی لەمردن دوا دەخات، بۆیە سەرەنجام کالیگۆلا تێدەگات ئەوان ناتوانن مرۆڤی بوونگەرا بن، ئەوەش نزیکبوونەوەیە لە فەلسەفەی کامۆ بەوەی بوونگەرایی فەلسەفەیەکی تاکخوازییە وناتوانرێت بپەڕینرێتەوە بۆ کۆمەڵگا، بەواتایەکی تر هەوڵی تاك و لەدایکبوونی فەردە، کە پەیوەستە بە ئاگایی فەرد وڕزگاربوونی لە ئاگایی دەمامکخوازی کۆمەڵ، چونکە ئەوەی لەدوا دیمەنەکان تێبینی دەکەین، کالیگۆلا مرۆڤێکی بێئاگا نییە.

واتە تاك لە بێئاگایی یاخی نابێت، بەڵکو نەفیکردن و یاخی بوون پەیوەستە بە ئاگایی قووڵ، هەر بۆیە دەبینین فەلسەفەی بوونگەرایی ودیدی سارتەری هاوسەردەمی و فەلسەفەی هایدگەر وتەنانەت لۆژیکە ناسراوەکەی دیکارت لەبارەی بوون ئامادەبوونی هەیە، بەڵام ئەگەر بوون لەلای دیکارت پەیوەست بێت بە بیرکردنەوە،

ئەوا لەلای کالیگۆلا پەیوەستە بە کوشتن "من ئەژیم، کەوایە من ئەکوژم، کەوایە مەزنییەکی ویرانکەر وەدەست دێنم، کە لەبەرامبەر مەزنی داهێنەردا شتێك نییە بیر بێتەوە" لا 100. ئەو کە سەرەنجام بوونێکی دوژمنکاریی خۆی دەخاتە ڕوو، لەبەرامبەر هێزی سەربازیدا دەکرێت لەناو بچێت، نەوەك بەو شێوەیەی خۆی دەیویست کە ئاخۆ مرۆڤەکان ئیرادەی بوونگەراییەیان توانای لەناو بردنی ئەویان هەیە، بۆیە لەو کۆتاییەش کە هێرشی دەکەنە سەر وپیلانگێڕەکان لەهەمموو دەرگاکانەوە دێنە ژوورەوە، کایۆس لەمردن ناترسێت و پێدەکەنێت، چونکە دەزانێت ئەوە مردن نەبوو، بەڵکو زیندەگییەکی هەمیشەییە، بۆیە لەبەردەم دوا ساتەکانی خۆشیدا دەڵێت "هێشتا زیندووم" لا 103

مردن بۆ ئەو لەو ساتە دەبوو مرۆڤەکان بوونی خۆیان بدۆزیبایەوە، وەك ئەوەی دەیانویست ئازاد بن، نەك لەڕێگەی کودەتای سەربازییەوە، بۆیە بە مەرگی کایۆسیش ئەوان دیسان ئازاد نین، هێندەی دەسەڵاتەکە بە ئیمبراتۆڕێکی تر یان سەرکردەی دەسەڵاتێکی تر دەگۆڕن، تەنانەت ئەگەر لەناو خۆشیاندا کەسێك بچێتە شوێنی کایۆس دواجار مرۆڤێکی کۆیلەی نائازاد دەسەڵات دەگرێتە دەست کە هەرگیز ئازاد نەبووە.

ئەو وێنە فەلسەفییە شانۆییەی ئەلبێر کامۆ بەم شانۆگەرییە نیشانی دەدات، دەرخستنی پێگەی پتەوی شانۆیە لەنێو ژیاردا، کە ئەوە شانۆیە توانای خولقاندنی تێکستی فەلسەفی هەیە، بەواتایەکی تر تێکستی شانۆیی دەبێتە منداڵدانی تێکستی فەلسەفی، ئەوەش شانۆ دەبێتە کەناڵی پەیوەندیی نێوان



فەلسەفە و ژیار کە لەلای فەیلەسووفێکی تریش دەیبینین ئەویش ژان پۆل سارتەرە لە شانۆگەری (مێش) دا.

## تراژیدیا لە مەرگی تراژیدیا

تێزی مەرگی تراژیدیا لەلای فەیلەسووفێکی وەکو نیتچە و شانۆنامە عەقڵانییەکانی یۆرپیدس لەلایەکی تر، تەواوکردنی وێنەی تراژیدیا بوو، کە وێنەکەی تەواو کرد وشتێك نەمابۆوە بۆ تراژیدیا، بەو مانایەی عەقڵانییەتی سوکراتی کۆتایی بە تراژیدیا هێنابوو، کۆتاییەك لەدایکبوونی تەواوی فەلسەفەی شانۆ بوو، ئەو دەمەی قۆناغی فەلسەفەی شانۆ تەواو دەبێت، دێینە ناو شانۆیەکی فەلسەفی ئەو زاکیرەیە توانای خولقاندنی پرسیارێکی تیۆریی هەیە : ئاخۆ لەمەرگی تراژیدیادا تراژیدیا لەدایك دەبێتەوە؟

ئێمە کاتێك ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە، وەك ئەوە وایە بەخۆمان بڵێین شانۆی یۆنانی و شانۆنامەکانی شکسپیر تراژیدیای کلاسیك بوون، ئاخۆ لەسەردەمی پاش تازەگەریی بەرەو تراژیدیا دەگەڕێینەوە؟ ئایا مرۆڤی هاوچەرخ کائینێکە تراژیدیای تایبەت بەخۆی دەخولقێنێت؟

ئەو مرۆڤە ئەمرۆ بەناو ئازار و کێشەی زۆر دەڕوات ڕووبەڕووی مانا ئەخلاقییەکانی ژیان دەبێتەوە، کارەکتەری ویلی لۆمان لە شانۆگەریی "مردنی دیۆمریەك" ی ئارسەر میلەر ئازاری تاکگەرایی مرۆڤە، بەڵام ئاخۆ ئەو ئازارە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی تراژیدیای هاوچەرخ؟

ویلی لۆمان مرۆڤێکە قەدەرێکی سیزیفی هەیە، بەوەی کار دەکات وکارکردنی شتێك نییە، ئەو دان بەشکستی خۆی نانێت، هەرچەندە سیزیفیانە هەوڵەکانی بێهودەیە، ئەوە گرفتی بۆ درووست دەکات چ لەناو خانەوادەکەی و چ لەکارکردندا، ئەو مرۆڤێکی دنیای هاوچەرخە کە شکست دێنێت، ئەو مرۆڤە بەناو گرفتەکانی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا شۆڕ دەبێتەوە، مردنی یان ڕاستر بڵێین خۆکوشتنی قەدەرێکی تاریکبین وکوشندەیە کە ڕووبەرووی دەبێتەوە، بەڵام ئەو مردنە بەس نییە بۆ ئەوەی وەك تراژیدیایەك ببینین، دەکرێت ئەوە شکستی مرۆڤی مۆدێرنە بێت لەبەردەم سیستمی گشتی، بێئیرادەیی تاك بێت کە سەرەنجام جگە لە خۆکوشتن ومردن ڕێگایەکی تری لەبەردەمدا نەبێت.

ئەگەرچی مەرگی ویلی لۆمان بۆ کاوفمان وەك تراژیدیا ناوی دەبات تراژیدیایەك دەیشوبهێنێت بە تراژیدیای ئۆدیب، لێرەدا کاوفمان ڕەخنە ئاراستەی توێژینەوە لەبارەی شانۆی مۆدێرن دەکات کە ئەوانەی ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کێشەی کەمی مەعریفە و فاکتەری ساختەییان هەیە.

کاوفمان کەسێکی بێئاگا نییە، چونکە لەڕێگەی کتێبەکەیەوە لەوە تێدەگەیت کە ئەو چەندە کەسێکی بەئاگای ناو مێژووی تراژیدیایە، بەبڕوای ئێمە قسەکردن لە تراژیدیا و پەیوەندیی فەلسەفە و شانۆ بەبێ گەڕانەوە بۆ کاوفمان هەڵەیەکی کوشندەیە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە، لەگەل بەشێکی بۆچوونەکانیدا ناکۆك نەبین، وەك لەناوبردنی ویلی لۆمان بە تراژیدیا، کە خۆشی



داکۆکیەکی ئەوتۆ ناکات لەو بۆچوونەی هێندەی بە بۆچوونێکی سەرپێیانە باسەکە یەکلا دەکاتەوە.

ڕەنگە ناوبردنی تراژیدیا و لەدایکبوونەوەی لەدۆخی شانۆی فەلسەفیدا ئەوا لەلای شانۆنووسی سویدی لاش نۆرین زیاتر هەستی پێبکەین، کاتێك جەنگ ژیان وێران دەکات و بەهاکان بوونیان نامێنێت، وەك لەشانۆنامەی (شەڕ) یاخود (جورئەتی کوشتن) کە ئیشکردنەوەیەکە لەبارەی تراژیدیای ئۆدیبەوە لەژیانی مۆدێرندا، یا لەتێکستەکانیتریدا کە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەسەر ماناکانی مەرگ لەلای نۆرین بووەستین ئاخۆ ئەوەی هەیە تراژیدیایە یاخود هەڕەشەی لەناوچوونی بەها و گەڕانەوەیە بۆ ناو نۆرمەکانی تراژیدیای گریکی وەك دواتر لەلای سارتەریش باسی لێوە دەکەین.

لەلای لاش نۆرین کێشەی ماڵ یەکێکە لەکێشە سەرەکییەکانی مرۆڤ، ئەو بابەتەش بۆ خۆی لە ئۆدیبەوە دەست پێدەکات، ئۆدیب یەکەم کارەکتەری شانۆییە بێویستی خۆی لەماڵ دێتە دەرەوە، بەڵام بە ویستی خۆی دەگەڕێتەوە و بەسەر تراژیدیادا دەکەوێت.

نۆرین دەیەوێت چارەسەر بۆ ئەو تراژیدیا بکات لەڕێگەی ژیانی مرۆڤی مۆدێرنەوە، بۆیە شانۆگەری "جورئەتی کوشتن" هەوڵێکی ئۆدیبیانەیە بۆ تاوانی کوشتنی باوك لەڕێگەی ململانێی نەوەکانەوە، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین نۆرین دەیەوێت لەڕێگەی بیرۆکەی کوشتنی باوك تراژیدیا بخولقێنێتەوە، بەو پێیەی مەرگ تەواوی فەزای تێکستەکانی داگیر کردووە، بەڵام تراژیدیایەك پەیوەست نییە بە دیدێکی کلاسیکییەوە، بەڵکو وەك درامای مرۆڤی هاوچەرخ

ڕووبەرووی دەبینەوە، بەوەی مردن وەك نەریتێكی ڕۆژانەی لێهاتووە و ئیدی مرۆڤەكان بە ئاسانی دەستیان دەچێتە سەر ژیان و تایبەتمەندی یەكتری، وەك چۆن باوك دەیەوێت خۆشەویستی كچەكەی سێكسی لەگەڵ بكات، لەپاڵ ئەوەشدا كوڕ دەتوانێ بە كوشتن سزای باوك بدات.

لاش نۆرین دەیەوێت بەتەنیا تراژیدیاكە وەك دیدێكی كلاسیكیی نەنووسێتەوە، بەڵكو وەكو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی مرۆڤی خۆرئاوایی بینووسێتەوە، كە باوكەكان پیر دەبن و دەیانەوێت بچنە سەردانی منداڵەكانیان، بۆیە "ئەوە باوكە دێتەوە ماڵ، نەوەك نەوەی نوێ بگەڕێتەوە ماڵ، هەرچەندە چوونی باوك وەك گەڕانەوەی باوك لە (شەڕ) دا لەدایكبوونەوەی تراژیدیایە، بەڵام تەواوی دنیای ماڵ لەنێوان ئەو دوو تێكستە بەتەواوی لەیەك جیاوازن، ئەمجارە باوك خۆی هەڵدەقورتێنێ لەژیانی تایبەتی كوڕەكەی، لەبەرامبەر ئەوەدا كوڕ زۆر توندڕەوانە لەتەك باوك ڕەفتار دەكات" (٤١)

بەڵام ئاخۆ ئەوە تراژیدیایە بەمانای وێنەی تراژیدیی، یاخود ڕووداوێكی تراژیدیە كە پرۆژەی مردن هەڵگری جۆرە بیركردنەوەیەكی عەقڵانییە بۆ ناو دەستكاری كردنی پەیوەندییەكانی تاك، چونكە ئەوە پەیوەستە بەدەستكاری كردنی نهێنییەكانی یەكتری، بەڵام سەرەنجام لەفۆڕمێكی تراژیدیی خۆی دەخاتە ڕوو.

كە ئەگەر ئەو فۆرمە لە شانۆگەری "مۆسیقای بێدەنگ" ڕیتمی مردن بەهۆی لەدەستدانی منداڵێكەوە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بباتە ئاستێكەوە كە هێندەی لابردنی دەمامكی ئەخلاقی بێت، خوڵقاندنەوەی تراژیدیا نەبێت، بەڵام



شانۆنامەی شەڕ "دۆزینەوەی ماڵێك بۆ كوێرەكانی دوای شەڕ، دەبێتە چارەسەرێكی ئەلتەرناتیف دوای گەڕانەوەی باوكێكی جەنگاوەری كوێر بۆ ماڵ.

لەو تێكستەدا شەڕ هۆكاری سەرەكییە بۆ لەدایكبوونی تراژیدیا لەناو ماڵ، چونكە شەڕ باوك ناچار دەكات لەماڵ بێتە دەرەوەو بچێت بەشداری لە شەڕدا بكات، ژنەكەی و هەردوو كچەكەی بەتەنیا لەماڵەوە بەجێ بێڵێت، لەولاشەوە ئیڤانی برای بێباكی لەهەموو شتێك لەشەڕدا ڕادەكات و خۆی دەخزێنێتە ناو ماڵیان و پەیوەندیی سێكسی لەتەك ژنەكەی دەبەستێت، (بێنینا) ی كچی دوای دەرچوونی باوك لە ماڵ بووە بە لەشفرۆش" (٤٢)

ئەوە تراژیدیاكانی سەردەمێكە تیایدا بەهاكان كەوتوون ومرۆڤەكان ڕووبەرووی تراژیدیای ئەخلاقی دەبنەوە، لێرەوە لاش نۆرین ویستویەتی ئەو تراژیدیایە ڕووبەرووی مرۆڤی هاوچەرخ بكاتەوە، كە بەبڕوای ئێمە ئەو تاكە نووسەرێكە توانای بەخشینەوەی تراژیدیای هەیە لەسەردەمی مەرگی تراژیدیادا.

كەچی نوسەر و فەیلەسوفێكی وەكو ژان پۆل سارتەر كە ساڵانێكی زۆر پێشتر كاری لەتەك تراژیدیای گریكی كردووە و شانۆنامەی ئەلیكترای گۆڕی بە مێش تاوەكو تراژیدیا بخوڵقێنێت، كە دواتر ڕووبەرووی ئیشكالیەتی فەلسەفی لەگەڵ خۆی دەبێتەوە وەك فەیلەسووفێك، چونكە ئەو كە وەك فەیلەسووفی وجودی ناسرا، بەڵام بەم شانۆنامەیە دەرگای لەدیدێكی تری فەلسەفی كردەوە، ئێمە بەر لەوەی بێینە سەر ئەو باسە دەپرسین: ئایا سارتەر جەنگە

جیهانییەکان دەکاتە بیانوویەك بۆ ئەوەی شانۆگەری ئەلیکترا وەك تێکستێکی کلاسیك تراژیدیای مرۆڤی ئەو سەردەمەی پێ بخوێنێتەوە؟ ئەی ئەگەر وانییە بۆچی هەوڵی نووسینەوەی ئەو تێکستە دەدات؟

ئاخۆ لەمەرگی تراژیدیادا تراژیدیا لەدایك دەبێتەوە؟ یاخود مەرگی تراژیدیا مرۆڤ ڕووبەرووی شانۆیەکی فەلسەفی دەکاتەوە، کە تیایدا تراژیدیا وەك کۆتاییەکی خەمناك دەگۆڕێت بۆ پرسیارە ئەزەلییەکانی ئەو مرۆڤە، ئاخۆ شانۆ لەبری خولقاندنەوەی تراژیدیا دەبێتە هۆی ڕووبەرێکی ئەبستیمی بۆ خولقاندنی گوتارێکی فەلسەفی؟

کۆتایی هاتنی تراژیدیا بەتەنیا بانگەشەیەك نەبوو، هێندەی تەواو بوونی ڕەهەند و ئاستەکانی دۆخێك بوو، کاتێك پێشنیاری فەلسەفە بۆ مەرگی تراژیدیا خرایە ڕوو، ئەوە دڵنیابوون بوو لە مردنێك، بۆیە بەو مردنەش ئاست و ئاسۆکانی فەلسەفەی شانۆ دەرکەوت، بەدەرکەوتنیشی مانای وایە شانۆ پێویستی بەدۆخێکیتر بوو، چونکە بەدوای مردنی تراژیدیا و بوونی فەلسەفەی شانۆ ئیتر شانۆ پێویستی خۆی وەك فەلسەفە دەبینی، بەڵام کاتێك فەیلەسووفێکی وەکو سارتەر بوونی جەنگی جیهانی دەکاتە بیانوویەك بۆ ئەوەی لەڕێگەی شانۆنامەی ئەلیکترای یۆرپیدسەوە بێتەوە ناو تراژیدیا، ئەوا لێرەدا پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و جەنگ دەبێتە پرسیاری ئەوەی ئاخۆ لەسەردەمی کۆتایی تراژیدیادا تراژیدیا دێتەوە بوون؟

سارتەر ئەلیکترا دێنێتەوە ناو ڕووبەری شانۆ، بۆ ئەوەی پرسیارە کەینونییەکانی خۆی لەڕێگەیەوە بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی



ئازادی مرۆڤ نەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە، لەلایەکی تریش ئەو مرۆڤە پێویستی بە بەرەنگاربوونەوە هەیە، بەتایبەت بۆ چلەکانی سەدەی بیستەم ئەوە پەیوەستە بەدۆخی کۆمەڵگای فەرەنسییەوە کە سارتەر وەکو فەیلەسووفێك بیر دەکاتەوە کە کۆمەڵگا لەبەردەم چ هەڕەشەیەکدایە، لەڕاستیدا ئەگەر بمانەوێت دوو وێنەی ئەلیکترا لەدوو شانۆنامە بخەینە ڕوو، ئەوە دوو مۆدیل دەبینین بۆ وێنەی تراژیدیی کە جارێ زووە باس لەوە بکەین ئاخۆ ئەوە تراژیدیایە بەپێی ڕێسای ئەرستۆیی یاخود ئەوە هەڕەشەکردنە لەساتەوەختی هەنووکەی ئینسان و هەوڵدانە بۆ چۆنییەتی پرسیاری وجودیانەی سارتەریی؟ ئەگەر ئەوەی دووەمیان بێت گەڕانەوە بۆ شانۆی کلاسیکی و یەکێك لەتراژیدیاکانی ساتی بەزەمساتێکی خوێناوییە بۆ مەرگی تراژیدیا.

ئەلیکترا لەلای یۆرپیدس کە سارتەر شانۆنامەکەی لەو وەرگرتووە بەدوای کوشتنی باوك لەلایان دایك و دۆستەکەی ئەوی تەواو خەمبار کردووە و ناچاری وای کردووە شوو بە پیاوێك بکات، بەڵام هەمیشە لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی براکەیدا تا کۆمەکی بکات بۆ ئەوەی دایك و هاوسەری دایك بکوژێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە عەرشی لاقەکراو بگەڕێننەوە.

هەرچەندە دواتر ماناکانی شۆڕش وەك ئەوە دەردەکەوێت کە ئەلیکترا بیری لێدەکاتەوە، بەڵام ئەلیکترا کارەکتەرێکی بیرکەرەوەی ناو تراژیدیای یۆرپیدسیە نەوەك پاڵەوانی ناو تراژیدیای بێت، چونکە سیفاتی پاڵەوان لەو بەدی ناکەین، جگە لەوەی ئەو وێنە تراژیدیە ناچێتە قوڵایی مانا

ئەرستۆییەکە بۆ تراژیدیا، بەڵکو تەسلیمی جیهانبینی فەلسەفەی سوکراتی دەبێت، لەکۆتاییدا ئەلیکترا و براکەی لەبری بوونە پاڵەوان وەك دوو مەنفی دەبێت ئەوێش بەجێ بێلن، ئێمە لێرەدا نامانەوێ زۆر لەسەر ئەو تێکستەی یۆرپیدس و عەقلانییەتی تراژیدییەکەی بووەستین، چونکە لە شوێنی تردا بەدرێژی لەو بابەتە قسەمان کردووە.

ئەو وێنە یۆرپیدسیە بۆ تراژیدیا بۆ خۆی کۆتایی هاتنی وێنەی تراژیدیا بوو، بەڵام ئاخۆ وێنە سارتەرییەکە بۆ تراژیدیا چییە؟ چۆن سەیری ئەو بابەتە دەکات؟ ئەو دۆخە چییە وای لێکردووە بەدۆخی کوشتنی پاشا ناوی بەرێت لەساتەوەختی خیانەت کردنی دایك لە عەرش؟

هێزی گەڕانەوەی ئۆرێستی برای ئەلیکترا ڕوانینی بۆ یادەوەرییە، لەکاتێکدا لەئێستای ژیانی خەڵك ئەوە ڕاگەیەندراوە کە ئۆرێست مردووە، هەرچەندە ئەوە سەروەری ڕابردووە ئۆرێستی گەڕاندۆتەوە شار، گەڕانەوەیەك هاوکاتە لەگەڵ جەژنی مردووان، لێرەوە ڕووبەری فەلسەفی بۆ مەرگ و ئامادەبوونی مێش وەك سیمبولێك هەر لەسەرەتاوە دەڕۆینە ناو جۆرە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی تایبەت کە شوێن وەك پانتایی مەرگ وکەوتنی ئینسان ببینین، مێش ناکەوێتە سەر تەرمی زیندوو، مرۆڤەکان مردوون و خوێن بەجەستەیانەوەیە، ئەوان خۆیان ئەوە نابینن، ئەوە پانتایی مەرگە لە شوێن، ئەو پانتاییە لەو سەرەتایەوە وێنای بیرکردنەوەیەك و چیرۆکێکمان بۆ دەکات کە تایبەت بێت، یاخود گەر مرۆڤەکانی یۆرپیدس بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە چۆن ڕەفتار دەکەن؟



سارتەر هەر لەدەستپێکەوە دەیەوێت وەڵامەکان بخاتە ژێر پرسیاری ڕەخنەیی بۆ بێماناکردنی ژیان و لەدەستچوونی ئازادی تاك، بۆ ئەوەش ئەو لەنێوان ئێستای تێکست و تێکستی یادەوەری "شانۆنامەکەی یۆرپیدس" دیدی ڕەخنەیی خۆی هەیە و دەیەوێت ڕەخنە ئاراستەی کارەکتەر و ململانێی ڕووداو بکات، ئەوەش لەڕێگەی ڕەخنەگرتنی لە ئاگامەمنون، ئەو دەمانەی ژۆبیتەر لەبارەی باشی ئەو کارەکتەرەوە قسە دەکات، وەك چۆن ئەوەش دەخاتە ڕوو کە ئەو هەڵەی سەیری کردووە کاتێك ڕێگای نەداوە بڕیاری لەسێدارەدان بەڕاستەوخۆ ڕابگەیەنرێت.

بەتەواوبوونی دیمەنی یەکەم ئێمە وێنەیەکی سارتەریمان هەیە بۆ شانۆنامەکە ئەویش بریتییە لە ململانێی نێوان ڕەخنەگرتن لە یۆرپیدس و دیدی فەلسەفی تایبەتمەند بۆ زەمەنی تێکست، ئەو ململانێیە قووڵ دەبێتەوە و وێنای تەواوی تێکستە فەلسەفییە شانۆییەکەی سارتەر دەکات و توانای ئەوەی هەیە وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە.

ئەو ڕەخنەگرتنە لەیۆرپیدس بۆ خۆی خۆ یەکلاکردنەوەیە لەتەك فەلسەفەی نیتچە، کە والتەر کاوفمان باس لەوە دەکات سارتەر لەژێر کاریگەری نیتچەدایە، ئەو لەکتێبەکەیدا بەناوی "تراژیدیا و فەلسەفە" کۆتایی پەردەی دووەمی دیمەنی چوارەم بەنموونە دێنێتەوە، ئەو دەمەی ئۆرێست قسە دەکات و باس لە ڕێگایەکی تر دەکات، لەوەشدا کاریگەری فەلسەفەی نیتچە بەسەریەوە دەخاتە ڕوو، کە دیدی فەلسەفی نیتچە لەدەیالۆگەکاندا بەتەواوی ڕەنگ دەداتەوە، بۆ ئەو کارەش ئۆرێست بە پاڵەوانێکی نیتچەیی ناو

دەبات، لەوەشدا بەراووردێك لەگەڵ کتێبی "وەهای ووت زەردەشت" دەخاتە ڕوو.

کاوفمان بۆ ئەوەی کاریگەری نیتچە بەسەر ئەو تێکستەی سارتەر بخاتە ڕوو، نەگەڕاوەتەوە سەر ئەو دنیابینییە فەلسەفییەی نیتچە کە یۆرپیدسی بە مەرگی تراژیدا ناو بردووە، کە پێشتر کاوفمان زۆر لەسەر ئەو بابەتە وەستاوە، بەتایبەت کە سارتەر لەسەر ئەو تێکستە شانۆنامەکەی خۆی بنیاتناوە، کە دەکرا زۆر لەو بارەیەوە کۆمەکی بکات، بەڵام هاتووە شانۆنامەکەی سارتەر بە چەندین کتێبی نیتچە بەراوورد دەکات کە چۆن کۆی فیکریی نیتچە کاریگەری بەسەر ئەو شانۆنامەیەی سارتەرەوە هەیە، بۆیە ئەگەر تەواوی ڕوانینەکانی چڕ بکەینەوە سەر شوێنێك لەڕووی ئەو کاریگەرییەوە ئەوا دەستەواژەیەکی کاوفمان دێنینەوە تاوەکو وێنەیەکی ڕوونی ئەو کاریگەرییە ببینین ئەو دەنووسێت "بەدڵنیاییەوە ئاکاری (مێش) لەزۆربەی کاتدا تاکانەیە، بەپێی مۆرکە کانتیەکەش کەمتر بەرز بوونەوەیە، بە وشەیەك دەتوانین بڵێین ئەخلاقێکی نیتچەییە، هەروەها ئەوە نادۆزینەوە کە ئەخلاقی (مێش) لەبوون و نەبوون یاخود هیچ ڕێگایەکی تر نییە کە هەمان ساڵ تەواوی کردووە، ئەو ئەخلاقە نادۆزینەوە تەنیا لە (مێش) و لەنووسینەکانی نیتچەدا نەبێت" (٤٣)

ئەو تێگەیشتنەی کاوفمان چەندە دەرخەری ئەو وێنە ڕاستەقینەییە کە شانۆنامەی مێش بۆسارتەر بیرکردنەوەیەکی تایبەتە تەنیا پەیوەستە بە دنیابینی ناو تێکستەکە و ناو نووسینەکانی نیتچەوە، بۆ ئەوە کاوفمان



نموونە بەکتێبی (بوون و نەبوون) ی سارتەر یا (هیچ ڕێگایەکی تر نییە) دێنێتەوە کە هەر لەهەمان ساڵدا نووسیویەتی، ئەو ئەخلاقە نادۆزینەوە، چونکە ئەوەی لەمێشدا هەیە تایبەتە بە شانۆنامەکە و بە کاریگەری کتێبەکانی نیتچەوە.

لێرەدا بەر لەوەی بچینە ناو شانۆنامەکەی سارتەر ئەوە دەخەینە ڕوو، کە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت چارەسەری سارتەر بۆ شانۆنامەکەی یۆرپیدس بەرەنجامی فەلسەفەی وجودییەت نییە وەك کاوفمان ووریامان دەکاتەوە، بەڵکو زادەی تێگەیشتنی تایبەتییەتی بۆ دۆخێکی دەست نیشان کراو کە کاوفمان بە ئەخلاقی ناو تێکستەکە ناوی دەبات، لەلایەکی تریش پەیوەستە بەکاریگەری خوێندنەوەی نیتچەییانە، پاڵەوان مرۆڤێکی نیتچەییە نەوەك پاڵەوانێکی سارتەریی بێت، ئەوە هێشتا نەمانی بردۆتە سەر وەڵامی پرسیارەکەمان بەتەواوەی ، ئاخۆ ئەوە تراژیدیایە یاخود تراژیدیا نییە؟ لێرەدا دەگەڕێینەوە ناو تێکستی مێش.

خوێن و مێش دوو سیمبولی ئەفسانەیی نین، بەڵکو دوو سیمبولی فەلسەفین، ئەوانە یەکدەگرن بۆ ئەوەی لەدژی ئازادی مرۆڤ بووەستنەوە، وەستانەوەیەك کە پەیوەستە بە زەوتکردنی ئیرادەی فەرد، ڕەنگە لێرەدا سارتەر درکی تێگەیشتنی نیتچەیی بکات بۆ کۆتایی تراژیدیا، بۆیە ئەلیکترای تەواو وەك کارەکتەرێك بێهێز کردووە، هیچ ئیرادەیەکی پێ نەبەخشراوە، جگە لەمرۆڤێکی سەرکوتکراو، ئەوە بۆ خۆی هەمان ڕووی دووەمی شاراوەی

ئەو کارەکتەرمیە لە شانۆنامەکەی گریك، چونکە پاڵەوان بوون سیفاتێك نییە لەویش یۆرپیدس پێمانی نیشان بدات.

بۆیە بەدوای خوێندنەوەی فەلسەفیانەی نیتچە بۆ تراژیدیا، ئەمجارە سارتەر دێت دارشتنەوەی بۆ ئەو کارەکتەرە لەسەر هەمان ڕۆنانی درامی بنیاتناوە، ئەوە ئەو خاڵە گرنگەیە کە کاوفمان لەسەری ناوەستێت، لەبری ئەوە کۆی بەرهەمەکانی نیتچە وەك هۆکاری کاریگەری ناو دەبات، هەڵبەت ئەوەی ئەو دەیکات دەرخستنی سیماکانی پاڵەوانە وەك کارەکتەری نیتچەیی کە کارێکی گرنگ وتایبەتمەندە، بەڵام هەمان سیفاتەکان بۆ مەرگی تراژیدیا بەڕووی کارەکتەرەکانەوە دەردەکەوێت، بەواتای ئەگەر کاوفمان بەرەو کتێبەکانی تری نیتچە نەشگەڕێتەوە ئەو وێنەیە هەر دەبینێت، بەڵام گەڕانەوەی وا دەکات دەیالۆگەکانی شانۆنامەکە بەراوورد بکات بە دێڕ و سیفاتی کارەکتەری کتێبەکانی نیتچەوە.

نەك هەر هێندە، بەڵکو یەکێك لە کێشەکانی ئەلیکترا لەلای یۆرپیدس بە بڕوای ئێمە ئەوەیە کە سیفاتی پاڵەوان بوون لەلای ئەلیکترا بوونی نییە، بەوەی ئەو چی دەکات تا پاڵەوان بێت؟

بەڵام لەلای سارتەر ئەلیکترا وێنەیەکی ترە وێنەی مرۆڤێکی سەرکێش و یاخی کە شۆڕشی بە بانگەشەکاری هەڵنەگرتووە، بەڵکو ئۆرێستی برای بەتاقیکردنەوەی تەواو دەبات تا بزانێت ڕاست دەکات یان ئەو فیلیبە ئەو مرۆڤەی کە بەو ناوە ڕێکەوتی ناسینی کرد، سارتەر لەژێر دارشتنەوەی ڕەخنەکانی نیتچە وێنەیەکی تر لە ئەلیکترا



دەخولقێنێت، وێنەی پاڵەوانێکی فەلسەفی کە هەڵگری فەلسەفەی هێزی نیتچەیە، نەوەك هەڵگری فەلسەفەی وجودی خۆی بێت، گەڕانەوە بۆ تابلۆی یەکەم لە پەردەی دووەم کە دیمەنەکە بە دیمەنی چوارەم ناسراوە، لەگفتوگۆی نێوان ئەلیکترا و ئۆرێست ململانێی کارەکتەر دیدێکی وجودیانەی سارتەری نییە هێندەی وێنەیەکی فەلسەفەی هێزی نیتچەییە.

نەك هەر هێندە، ئیگیست کە لەگەڵ کلیتمێنستەری دایکی ئەلیکترا دەستی تێکەڵ کردووە و ئاگامەمنونی کووشتوە، ئەویش بۆ خۆی لەناو فەزایەکی نیتچەییدا قسە دەکات، ئەو چونکە ئەلیکترا بەرەو ڕووی وەستاوەتەوە، بۆیە هەست بەهێز ناکات لەخۆیدا، بەڵکو خۆی بەمردنی ئاگامەمنون دەشوبهێنێت "ئەوەتا ئێستا لەخۆم ئەڕوانم، ئەبینم لە ئاگامەمنون مردووترم، ئایا وتم کە من خەمباربووم؟ درۆمکرد" (٤٤)

ئیگیست لەساتی ڕووبەڕوو بوونەوە ئەوەی لەلای دەمرێت دەسەڵات نییە، بەڵکو هێزە، ئێمە بەر لە فەیلەسووفێکی وەکو میشێل فۆکۆ درکی ئەو ڕاستییە ناکەین، کە دەسەڵات پەیوەندییەکانی هێزە (٤٥)

بەواتا فۆکۆییەکەی دەبێت بڵێین ئیگیست لەنەبوونی هێز واتە دەسەڵات بەمانا ڕەمزییەکەی لەلای مردووە، بەڵام لەم تێکستەدا کە دیدێکی نیتچەییانەی سارتەرە ئەوە هێزە کوژراوە نەك دەسەڵات.

تێبینی خاڵێکی تر لەلای سارتەر بکەین ئەوەیە، بەدوای کوشتنی کلیتمێنستەری دایك ئەلیکترا ڕووبەڕووی

ترسێکی دەروونی دەبێتەوە، کە بەرەو شێتییەکی لیدی ماکبێسی دەبات، ئەو ترسەی ئەلیکترا دۆزینەوەی ئاراستەیەکی فەلسەفییە بۆ سارتەر، کە قسە لەدۆخی کوشتن بکات، وەك چۆن ئۆرێست هەمیشە خۆی وەك نوێنەرایەتی مرۆڤی ئازاد ناو دەبات، سارتەر دەیەوێت ئۆرێست وەك کائینێکی وجودی لەڕێگەی هەستکردن بە ئازادی بخاتە ڕوو.

ئەگەرچی مۆرکی نیتچەییانە بەسەر ئازادی کارەکتەرەوە بوونی هەیە، ئەوەیان خاڵێکە لەسەری قسەمان کردو ناگەڕێینەوە سەری، ئەوەی گرنگە ئێستا ئێمە لەبەردەم سێ چەمکی گرنگدایین ئەوانیش "ترسی ئەلیکترا و ئازادی ئۆرێست، مێشەکان" ئەوەی دواییان مەبەستێکی سەرەکی ستراتیژی تێکستەکەیە، کە چۆن وەك هێزێك ڕووبەرووی مرۆڤەکان دەبێتەوە، چ لەبەردەم کۆتایی هێنان بەخەون و چ لە ئاگاکردنەوەیە بۆ ئایندە کە کۆتایی پێدێن، بۆیە مێشەکان بەر لەوەی خوێنی ئەلیکترا بمژن، دەزانن ئەو مژینە کۆتاییە بە گەنجی و پیرکردنییەتی ئەوەش گۆڕینی کۆی چالاکییەکی ئایندەخوازییە کە کارەکتەر لەڕێگەی کوشتنەوە بیری لێدەکاتەوە "تۆ جوانیت ئەلیکترا، لەمن جوانتریت، بەڵام دەیبینیت کە چۆن ماچەکانم بەرەو پیریت دەبەن، منیش بەگەنجی دەمێنمەوە" (٤٦)

ئەگەر مێشەکان هێزێکی پتەو بن، ئەوا ترس وشێتی لەلای ئەلیکترا ترسێك نییە لەگەڕانەوەی کوژراو، بەڵکو ترسی بینین وهەستکردنە بە دەنگی مێشەکان، ئەوە نائاگایی کارەکتەرە کە مەترسی لەناوچوون دەکات لەڕێگەی



ئەوانەوە، کەچی جیاوازی نێوان ئەو خوشك و برایە ململانێی دوو کارەکتەرە، ئەویش ترسی ئەلیکترا و ئازادی ئۆرێستە، ئازادی ڕووبەرووی ئەو ترسە دەبێتە "ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە من ئازادم، لەپشت داڕزان و یادگارییەکان، ئازاد، گونجاو لەگەڵ خودی خۆم، ئەلیکترا پێویستە ڕقت لەخۆت نەبێتەوە، دەستتم بدەرێ، من بەجێت نایەلم" (٤٧)

ئەگەر لەتێکستەکەی یۆرپیدس خەونی کوشتن لەلای ئەلیکترا بەقولی بوونی هەیە کەچی نایکەن بە پاڵەوان، بەڵکو وەك مرۆڤێك دەمێنێتەوە کە سیفاتی پاڵەوان بوونی تیا نابینین، بەڵام لەلای سارتەر ئەلیکترا وەك پاڵەوان دەناسین، هەوڵ دەدات وێنەیەکی سیمبولی ئەخلاقی بەخۆی دەبەخشێت، پاکیزەیی وێنەیەکە نایەوێت بەهۆی تاوانی کوشتن خۆی خوێناوی بکات، لێرەدا لەلای یۆرپیدس و سارتەر ئەلیکترا کارەکتەرێك نییە کوشتن ئەنجام بدات، بەڵام لەلای سارتەر ئەوی تریش ئەنجامی دەدات هەست دەکات بیرکردنەوە لەکوشتن جیاوازە لەئەنجامدانی کوشتن، لەلای سارتەر ئەلیکترا دەیویست ئەو کوشتنە وەك فیکر بوونی هەبێت کە پانزە ساڵ بیری لێکردەوە، نەوەك براکەی بچێت بەو شێوە خوێناویە ئەنجامی بدات، بۆیە پەشیمانی خۆی ڕادەگەیەنێت.

پەشیمانییەك هەرگیز ئۆرێست ئەنجامی نادات و سەرکێشییەك دەکات کە لوتکەی بڕوابوون بێت بەهێزی خۆی، هێزێك لەنێوان خوێن وەك تاوان و مێشەکان وەك هێزی بەرامبەر، لەنێوان ئەو دوانە ئەگەر خەڵکەکە بێدەنگ دەبن، بەڵام سەرەنجام خوێنڕشتنی ئۆرێست و خوێنمژین لەلای

مێشەکان ئەو دوو وێنە ڕەمزییەن کە دوو چەمکی فەلسەفی لەلای سارتەر دەخوڵقێنن، کە ڕووبەرووی ئەو پرسیارەمان بکاتەوە، ئاخۆ بەکۆی ئەو ململانێیە ئایا ئەم شانۆگەرییە تراژیدیایە؟ ئایا ئەوە گەڕانەوەیە بەرەو تراژیدیا؟

لەڕاستیدا سارتەر شانۆنووسێك نییە کێشەی تەنیا لەنووسینی تێکستی شانۆیی بێت، بەو پێیەی ئەو فەیلەسووفە، بۆیە لەم شانۆنامەیەدا کێشەی نێوان فەلسەفە و شانۆ کە لەگەڵ فەلسەفەی گریکی و شانۆی کلاسیکی دەست پێدەکات، بەتەواوی درکی ئەو کێشە فەلسەفییە شانۆییە دەکات.

ئەو بەئاگاییەوە وێنەیەك دەبەخشێت کە خاڵی بێت لە ڕەخنەی ئەفلاتونی و نەشچێتەوە سەر عەقلانییەتی سوکراتی بۆ شانۆنامەی یۆرپیدسی، بۆیە شانۆنامەکانی تێکستێکی فەلسەفی و شانۆیین، دیدی فەلسەفی بەتەواوی لەلای کارەکتەرەکان دەردەکەوێت، مرۆڤەکان بریتی نین لەکۆمەڵە کارەکتەرێك کە ڕەهەندی کارەکتەر تیایدا تەنیا حالەتێکی دیالۆگی بێت و مرۆڤەکان وەك کارەکتەری ئاسایی بیر بکەنەوە، بەڵکو نووسەر ستراتیژی کارەکتەر وەك فەیلەسوف دەخاتە ڕوو، گوتاری فەلسەفی بەڕوونی لەڕێگەی کارەکتەرەوە وێنا دەکات، ئەوەش پرسیاری تراژیدیا لەشانۆگەری مێش بەوەی کارێکی تراژیدیە و نووسەر بەرەو تراژیدیا دەگەڕێتەوە؟ دەمانباتە سەر پرسیارکردنەوە لەبارەی نووسەرەوە کە ئامادەبوونی لەپشت پرۆسەی نووسینە، بۆیە پرسیاری نووسەر کێیە؟ لێرەدا دەبێتە دەستەواژەی نووسەر ئەو فەیلەسووفەیە کە گوتارە فەلسەفییەکەی لەڕێگەی کارەکتەرەکانی ناو تێکستەوە



بەرجەستە دەکات، وەك چۆن لەهەوڵی خوڵقاندنی چەمکە فەلسەفییەکاندایە، زاراوەکان وەلا دەنێت و کار بە چەمکەکان دەکات، ئەوە ئیشکردنێکی فەلسەفییانەی سارتەرییە لەناو شانۆدا.

ئەو تێگەیشتنە بۆ شانۆ گەڕانەوەیە بۆ پرسیاری مەرگی تراژیدیا، ئەگەر سارتەر مۆرکە نیتچەییەکان لەناو تێکست بەڕوونی پێیەوە دیار بێت، ئەی چۆن بەدوای مەرگی تراژیدیا لەلای نیتچە دەیەوێت تراژیدیا بگەڕێنێتەوە؟ ئاخۆ ئەوە خاڵی جیابوونەوەیەتی لە نیتچە؟ یاخود دیدێکی وجودیانەی سارتەرییە بۆ تراژیدیا تاوەکو ئاهەنگێك بۆ مێشەکان ساز بکات؟ ئایا مێشەکان خوێنی کارەکتەرەکانی وەکو مرۆڤەکان دەمژن، یاخود مێشەکان بەسەر تەرمی تراژیدیاوەن، بەوەی مردوو مێش تێی دەئاڵێت و لەدواهەمین دڵۆپە خوێنی جەستەی دەخۆنەوە؟ ئایا ئەوە دڵنیاییەکی تر نییە بۆ مەرگی تراژیدیا لەڕێگەی مێشەکانەوە؟

سارتەر بەم شانۆنامەیە نایەوێت تراژیدیا بگەڕێنێتەوە، بەڵکو داڕشتنەوەیەکی فەلسەفییانەی نیتچە بە تراژیدیا دەبەخشێت، ئەوە خاڵی جیابوونەوە نییە لە نیتچە، هێندەی نووسینەوەی نیتچەیە لەناو شانۆدان جیاوازی دیدی تراژیدیی نێوان نیتچە و سارتەر ئەوەیە یەکەمیان شیعری دەنووسی و ئەویتریان شانۆنامە، بەڵام نیتچە لەدەرەوەی پرۆسەی شیعریی ڕووبەرێکی تیۆریی و فەلسەفی بۆ مەرگی تراژیدیا تەرخانکرد، سارتریش جیا لەکتێبە تیۆرییە فەلسەفییەکانی دەیویست بەشێك لەوە لەڕێگەی ڕۆمان و شانۆ بخاتە ڕوو.

لەڕێگەی شانۆوە گەڕاوەتەوە بۆ ئیشکردنەوە لەسەر مەرگی تراژیدیا، ئیشکردنەوەیەك کە گەڕانەوە نییە بۆ چۆنییەتی خولقاندنی تراژیدیا، بەڵکو دڵنیایی بوونە لەسەر مەرگی تراژیدیا، مەرگێك مێشەکان بەسەر تەرمەکەین، هەربوونی شانۆگەریەك بەناوی مێشەکان کە لەڕووی فەزای گشتیەوە وێنەی دڵنیابوونە لە مردنێك کە کۆمەڵگای ناو تێکست کۆمەڵگایەکی مردووە و مێش بەسەریەوە نیشتۆتەوە، ئەوەش چەندە دیدێکی وجودیانە دەبەخشێتە کارەکتەرێکی وەکو ئۆرێست، لەهەمان کاتدا کارەکتەرێك نییە لەدەرەوەی سیفاتی نیتچەیی، وەك چۆن نوسینەوەی شانۆنامەکە دارشتنەوەی تراژیدیایەکە بۆ مەرگی تراژیدیا.

## گەڕان بەدوای شانۆیەکی فەلسەفی لەڕێگەی ئەبسێردەوە

بەکۆتایی هاتنی دووەمین جەنگی جیهانی، پرسیاری مرۆڤی خۆرئاوایی لەبارەی جەنگ گەڕان بوو بۆ تێکشکاندنی زمان و دۆزینەوەی زمانێکی تر، ئەوە زمانی نەستی بوو، ئەو زمانەی سەرەتاکەی لەلای دادایی و سوریالییەکان لە ئەدەبیات وهونەری شێوەکاریدا دەرکەوتبوو، زمانێك لەشانۆی ئەلفرید گاری بوون هەبوو، بەڵام کاتێك نووسەرانی وەکو صامۆئیل بیکت و یۆژین یۆنسکۆ و ئەدامۆف و ژان ژینییە وئەدوارد ئەلبی دەیانەوێت بەدوای زمانێکیتری شانۆیی بگەڕێن، ڕەخنەگری شانۆیی مارتن ئەسلن ناوی شانۆی ئەبسێرد لەکارەکانی ئەو نووسەرانە دەنێت.



ئەو شانۆیە وێنەیەکی ڕوونی بەشانۆنامەی "لەچاوەڕوانی گۆدۆ" بەخۆی بەخشی، ئەوە بەرکەوتن بوو لەگەڵ دنیای واقیع و لەگەڵ لۆژیك و بیرکردنەوەی شانۆیی، بیکیت لەم تێکستەدا وێنەیەکی جیاوازی شانۆییمان پێ دەبەخشێت کە وێنەی شانۆیەکی فەلسەفییە، وەك چۆن کێشەی زمان کێشەی ناو عەقڵیەتی شانۆییە ئەو کێشەیە دواتر لەناو تەواوی شانۆگەرییەکانی یۆژین یۆنسکۆ دەیبینین، کە زمان هۆیەك نییە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤەکان لەیەکتری، بەڵکو زمان گرفتی تێنەگەیشتنی مرۆڤەکانە لەیەکتری، ئەو دیدە نەستییە لەشانۆنامەی ئەو نووسەرانە تێکشکاندنی ڕێسای ئەدەبی شانۆ بوو، ئەگەرچی ئەوان بەتایبەت یۆنسکۆ هەندێك جار شانۆنامەکانی بەکارەکانی ئارتۆ دەشوبهێنێت، ئەو شوبهاندنەیش پێویستی بە جیاکارییە نەبادا تووشی هەڵەی ئەوە بین کە تێکەڵ بکرێتەوە بە شانۆی ئارتۆ.

جیاکارییەکەش لەوەدایە بۆ ئارتۆ ئەو دنیا نەستییە دنیای بینین و دیدگایە، بۆ نووسەرێکی وەکو یۆنسکۆ یاخود بیکت یان ژینییە ئەو دنیایە پێویستی بە وشە نەماوە، چونکە چیتر هۆکاری تێگەیشتنی مرۆڤەکان نییە لەیەکتری، بەڵام ئەوان وەك ئارتۆ دەستبەرداری نابن، بەڵکو ئەو کێشە فەلسەفییە دەخەنە ڕوو، کە زمان چۆن دەبێتە گرفتی تێگەیشتن هەرچی ئارتۆیە لەودیو ئەو تێگەیشتنەوە چارەسەرێکی تر بۆ شانۆکەی دەکات.

بەڵام لەڕووی فەلسەفییەوە هەردوو شانۆکە دوو فۆرمی گرنگی شانۆی فەلسەفین، کە هەڵگری پرسیار وبیرکردنەوەی جیاوازن، بەتایبەت لەدنیابینی شانۆیی بیکت

لۆژیکی ئەرستۆیی بەتەنیا لەڕێگەی زمانی نەستی سەراوژێر ناکرێت، بەڵکو تەواوی ئەو ڕەگەزانە ڕووبەرووی گومانکردن دەبێتەوە، یەکەی زەمەن و شوێن لەتەك کارەکتەرەکان دەبنە هەڵم، هەندێکجار کارەکتەر بۆخۆشی نامێنێت، وەك لەشانۆگەری "من نیم" ئەوەی هەیە تەنیا دەمێکە قسە دەکات، قسەکردنێك کۆی چیرۆکە بەسەریەکەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دڵنیامان بکاتەوە لەوەی ووتراو هیچ نییە، چونکە ئامرازێك نییە بۆ تێگەیشتن و دەکرێت ئیتر بێدەنگ بین.

کەچی کارەکتەرەکانی شانۆی ئەبسێرد بێدەنگ نابن، چونکە دەیانەوێ ئەو دیدە فەلسەفییە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ بخەنە ڕوو، کە زمان چ گرفتێکی خوڵقاندووە زمانێك زۆرجار وەك کۆمیدیا وگاڵتەجارییەك ڕووبەروومان دەبێتەوە، بەڵام بێئەوەی پێبکەنین لەگەڵ ئەو کۆمیدیایە وێنەی کاریکاتۆری خۆمان لەلا درووستی دەبێت، کە چی تر مرۆڤ کائینێکی گرنگ نییە، بەڵکو مرۆڤ بێدەسەڵاتە و ئیرادەی هیچ شتێکیشی نییە، ئەوەی هەیەتی تەنیا دەیالۆگەکانییەتی، ئەوانەش هیچ بەژیانی نابەخشن، دەکرێت تەنیا وێنەی سوریالی ببەخشنە ئەو ژیانە کە چۆن دەرگایەك نییە بۆ دەربازبوون و کەسێك نایەت لەو نەهامەتیە ڕزگاریان بکات، بوونی کارەکتەرێکی خەیاڵی وەکو گۆدۆ کە شانۆگەریەکەی بەناوە کەچی نەك هەر لەسەر شانۆ نییە، هاتنیشی مەحاڵە، ئەو مەحاڵبوونە وادەکات، بەتەنیا مرۆڤەکان لەو جەنگانە ئاگادار نەبنەوە، بەڵکو کۆی مێژووی شانۆ هانبدات ئیتر بەو میتۆد و عەقڵیەتەوە کار



نەکەین، ئەوە بۆ خۆی دەنگێکی گرنگە بۆ شانۆیەکی فەلسەفی کە لۆژیکەکان زادەی تێگەیشتنی ساتەوەخت و بیرکردنەوەیە.

بێبەهاکرنی مرۆڤ بەئاستێکە وەك کلێر لەشانۆگەری "کارەکەرەکان" دەڵێت "خانم خۆشمانی دەوێت، وەك چۆن کورسییەکەی ژێر خۆی خۆش دەوێت" ئەوە جیاکاری چینایەتی نییە ژینییە دیەخاتە ڕوو، بەڵکو بێبەهاکردنێکە چیتر مرۆڤ بوونی نییە بەڵکو مرۆڤ بێ فریادڕەسە و خەونی ڕزگاربوونیشی ئەو خەونەی بەکوشتنی خانم بێتە دی، دواجار بەکوشتن و گوناهباربوونی خۆیان تەواو دەبێت.

ئەوەی تێبینی دەکەین کارەکتەرەکانی بیکت مرۆڤگەلێك نین ئیدی ئارام بن شوێنێك نییە ئەوان تیایدا بگیرسێنەوە. ماڵەکانیان جێهێشتوە لەنێوان سەرە ڕێگا ودنیای دەرەوە ژیانیان بۆتە چاوەڕوانییەك لەنێوان ڕزگاربوون و مردن، ئەو وێنا فەلسەفییەی بیکت وێنەیەك نییە کتێبە تیۆریەکانی فەلسەفە خوڵقاندبێتی، بەلکو پەیوەستە بەدۆخی شانۆیی بیکتەوە کە شانۆیەکی فەلسەفییە، شانۆیەکە بەئاگاهاتنەوەی مرۆڤە، هەڵدانەوەی دەمامکی سەر ڕووی ئێمەیە کە دەمامکی بەختەوەری تەنیا ئاهەنگێکی تەنەکورییە دەنا مرۆڤەکان لەچاوەڕوانی ڕزگاربووندا بن، ئەوە نائومێدییە قوڵەکەی ڕۆحی ئینسانە کە ئەو شانۆنووسە بۆمانی خستۆتە ڕوو.

نائومێدبوون لەو لۆژیکە مرۆییە هەڵدانەوەی دەمامکە ئەخلاقی وکولتورییەکانەوە بەڕووی مرۆڤایەتییەوە، بۆیە هەمان وێنە بەتێگەیشتنێکی فەلسەفی بۆ پەیوەندیی

کۆمەڵایەتی لەلای یۆنسکۆ لەشانۆنامەی "کچێك لەتەمەنی شووکردندا" دەبینین بەوەی هەموو ئەوەی پێی دەووترێت پەیوەندیی ڕۆحی وخۆشەویستی هیچ نییە جگە لە پەیوەندییەکی غەریزیی و سێکسی لەپێناو تێرکردنی ویستی ڕەگەزی، ئەو دایکەی لەگەڵ پیاوێك دانیشتووە تا خوازبێنی کچەکەی لێبکرێت و کچەکەی بێتە ژووان کە کچەکە دێت دەبینین ئەو کچ نییە و کوڕە، لەو ڕێگەیەوە بەتەنیا فۆرمێك و زمانێکی جیاواز بەرجەستە ناکرێت، هێندەی دەمامك بەسەر ڕووی ئەو گوتارە ئەخلاقییە هەڵدەدرێتەوە، کە پەیوەندیی زمان وکولتور پەیوەندیەکە گوتاری ئەخلاقی مرۆڤەکانی لەسەر بنیانراوە.

ئەگەر بۆ شانۆنووسێکی وەکو بیکیت شوێن بریتی بێت لە چۆلەوانی و سەرەڕێگا، ئەوا بۆ یۆنسکۆ لە شانۆگەری "کورسییەکان" شوێن هەرچەندە ماڵ بێت، بەڵام ماڵ پەیوەندیی وگوتارە ئەخلاقیەکەی لەبۆشایی زماندا دەسووڕێتەوە، ئەو مارشاڵە سەربازییە لەگەڵ هاوسەرەکەی کە کورسییەکانیان داناوە و چاوەڕوانن میوانەکان بێن بۆ ئاهەنگەکە و لەسەری دابنیشن، سەرەنجام ئەوان وێنای دۆخی هاتنی میوانەکان دەکەن کە تەواوی ڕووداوەکان بریتییە لەو وێناکردنە کە لەبنەڕەتدا مرۆڤەکانی سەر کورسی مرۆڤی وەهمی وخەیاڵی و زادەی بینینی ئەوانەن دەنا لەبنەڕەتدا هیچ کەسێك نایەت بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندیە درووست بکرێت، نە میوانەکانی یۆنسکۆ دەگەن و نە گۆدۆکەی بیکیت.



ئەو شانۆیە بەتەنیا بۆ خۆی فۆرمێکی جیاوازی لەشانۆدا نەهێنایە بوون بەڵکو دەرگای بۆ تەواوی هەوڵەکانی دوای خۆی کردەوە کە چۆن ڕێساکان تێکبشکێنن و لەدەرەوەی مانا نەگۆڕەکانەوە کار بکەن، دیارترینیش پەیوەندیی نێوان پێرفۆرمانس و شانۆ بوو، وەك چۆن ئیدی مانایەك نەما بۆ گێڕانەوەی ئەرستۆیی لەشانۆدا، بەڵکو گێڕانەوەش بووە پێداویستی سیستەمە شانۆییەکە کە هونەری بینین بوو بەمانای شانۆی فەلسەفی گێڕانەوە دەباتە ناو قووڵایی وێنە فەلسەفییەکان کە وێنەی شانۆیین.

ئەوەش وا دەکات دەرهێنەری شانۆیی وەك فەیلەسووفێك لەناو وێنەکان بیر بکاتەوەو گوتارە فەلسەفییە شانۆیەکەی بخاتە ڕوو.

## پێرفۆڕمانس وەك شانۆیەکی فەلسەفی

لەنێوان ململانێی قۆناغە فەلسەفییەکان و گەشەسەندنی هونەری شانۆ، شانۆی فەلسەفی پێرفۆڕمانسی وەکو منداڵدانی ڕاستەقینەی خۆی هێنایە بوون، ئەگەرچی لەبنەڕەتدا دەرکەوتنی پێرفۆڕمانس لە کاری هونەریدا، پەیوەست نەبوو بە تێگەیشتنی ڕواڵەتیانەی هونەری، بەڵکو زادەی دوو قۆناغی فەلسەفی بوو، بەواتایەکی تر بەدوای ئەو ململانێ فەلسەفییەی نێوان تازەگەری و پاش تازەگەری، پێرفۆڕمانس دەرکەوتووە، ئەوەش وەك دەرکەوتەیەکی پاش تازەگەرییە کە سەرەتا پەیوەست بوو بە هونەری تەلارسازی و هیچ پەیوەندییەکی بە هونەری شانۆییەوە نەبووە، دواتر خێرا

دەپەڕێتەوە ناو هونەری شێوەکاری، لەوێوە بوونی خۆی وەك کاری هونەری نیشان دەدات، ئەوە وا دەکات دەرگا بۆ هەردوو هونەری سەما و شانۆش بکاتەوە کە پێیەوە ئاشنا ببن.

ئەو کاتانەی شانۆی ئارتۆ توانای ئەوەی هەیە هەموو وێرانکاری وگۆڕانکارییەك بەدی بکات، بەوەی شانۆ پێویستی بەوە بێت شیعرییەتی شانۆیی بنیات بنێت، لەو کاتەدا جێی سەرسووڕمان نییە شانۆ لەتەلارسازی وهونەری شێوەکاری فۆڕمێکی تر بۆ بیرکردنەوەی شانۆیی و شانۆیەکی فەلسەفی بنیات بنێت.

ئەگەرچی پێرفۆڕمانس بۆ خۆی لەبنەڕەتدا دوو فەیلەسووف کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەری هەیە، ئەوانیش لیوتار و گیانی ڤاتیمۆ، ئەوەی یەکەمیان کاتێك لەکۆتایی هەفتاکان کتێبێك دەنووسێت بەناوی "هەلومەرجی پاش تازەگەری" لەو کتێبەدا باس لەوە دەکات تازەگەری فەلسەفی پرۆژەیەك بوو کۆتایی هات، لێرەدا یەکێك لە موریدەکانی فەلسەفەی تازەگەری فەیلەسووفی ئەڵمانی هابرماس بوو کە لەڕێگەی وتارێکدا لەژێر ناوی "تازەگەری پرۆژەیەکی ناتەواوە" وەڵام بەو هەلومەرجە دەداتەوە کە کۆی ڕوانینەکانی هابرماس قسەکردنە لەوەی کە تازەگەری کۆتایی نەهاتووە و ئەوەی دەووترێت دەکرێت ڕەخنەگرتن بێت لە تازەگەری نەوەکو کۆتایی هاتنی تازەگەری، لەوەشدا هابرماس دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانینەکانی فەیلەسوفی تازەگەری هیگڵ.



گرفتی هابرماس لەو ڕوانین و ئینتیما ئایدیۆلۆژییە کەوا ئەو ناتوانێ دەستبەرداری ناو تێکستەکانی هیگڵ و کانت ببێت ناشتوانێ بڕوا بەوە بێنێت کە تازەگەری کۆتایی هاتووە، لەدیدگای ئەودا دەکرێت ئەو ڕوانینە درێژکراوەی ناو تازەگەری خۆی بێت، لەوەشدا ڕێك لە فەلسەفەی نیتچەدا سەیری دەکات، لێرەوە ململانێی ئەو دوو تێگەیشتنە فەلسەفییە کەوتنە ناو ڕووبەرێکی ڕەخنەییەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە بیرکردنەوەی مرۆڤی تازەگەری کە مرۆڤێکی عەقڵانییە.

دیارە بەر لەوەی شانۆی فەلسەفی پێرفۆڕمانس بکاتە شانۆیەك تیایدا زمانی بینراو زمانی فەلسەفی شانۆیی بێت، فەیلەسووفێکی تر هەیە کاریگەری لەسەر پێرفۆڕمانس بەجێهێشتووە تەنانەت بەبێ ئەو فەیلەسووفە سەختە قسە لە پێرفۆڕمانس بکرێت ئەویش ڤاتیمۆیە.

ڤاتیمۆ لە کتێبە گرنگەکەیدا بەناوی "کۆتایی تازەگەری" باس لەوە دەکات کە تازەگەری ئاراستەیەکە دەبێت پێشنیاری دوای ئەو بکەین، کە ئەوەی دوای تازەگەری دێت چییە؟ چونکە ناکرێت تازەگەرییەك کە لەشوێنی خۆی دەوەستێت ئیتر هەروا بەجێی بێڵین، ئەو گەشەسەندنە مێژووییە وای کرد تازەگەری بگاتە ئەو شوێنە، بۆیە پێویستیش دەکات ڕاڤە کۆنەکان بەجێ بێڵین و بەرەو دوای ئەو هەنگاو بنێین.

بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕێك دەمانگەیەنێتە سەر بۆچوونێکی گرۆتۆفسکی بۆ پێرفۆڕمانس کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری، ڤاتیمۆ مەبەستەکەی هێندە ڕوونە پێم وایە پێویستی بە

لیكدانەوەی زۆر نەبێت، كە دەیەوێت ووریامان بكاتەوە بۆ ئەوەی دۆخی تازەگەری تێبپەڕێنین و لەشوێنی خۆیدا نەیهێلینەوە، لەو سۆنگەیەوە دەكرێت باس لە چەندین ڕەخنەگری شێوەكاری بكرێت كە ویستیان لەپێناو دەرچوون لەو دۆخەی تازەگەری بەدوای هونەرێكی باڵادا بگەڕێن كە بەبڕوای ئێمە "مایكل فرید" گرنگترینیان بێت، كە تائەمڕۆش باسی لێوە بكرێت.

ئەوەش ئەو هونەرەیە كە بە پێرفۆڕمانس خۆی ناساند، كە بریتی بوو لە هونەرێكی زیندووی ساتەوەختی لە زەمەنی كاركردندا لە شوێن و كاتی جیاواز دەخرایە ڕوو، دواتر خێرا وەك سەمای پێرفۆڕمانسیش خۆی خستە ڕوو، كە وەك سەمایەك لەناو هونەرێكی پاش تازەگەری دەركەوت، ئەو دەركەوتنە وای لەچەندین ڕەخنەگری ئەو بوارە كرد باس لە پێرفۆرمانس لەهونەری سەمادا بكەن، كە یەكێك لەو ڕەخنەگرانە سۆزان لانجەر بوو.

هەڵبەت كە پێرفۆڕمانس لەشانۆدا دەركەوت، لە فۆڕم و نۆرمێكدا خۆی نەخستە ڕوو، بەدرێژایی دەركەوتنی ئەو هونەرە لەشانۆدا هەمیشە لەگۆڕانكاریدا بووە، كە دواتر ووردتر لەسەر ئەو تێگەیشتنە شانۆییەی دەوەستین سەرەتا ئەوەی مەبەستمانە بیخەینە ڕوو تەنیا ڕوانینێكی گشتیە بۆ چۆنییەتی سەرهەڵدان و ماناكانی دواتر دەگەڕێینەوە سەر گرنگی و بەهای لە شانۆ و گۆڕانكاریی و چۆنییەتی كاركردن تیایدا.

ئەو دەمەی پێرفۆڕمانس ڕێساكانی تازەگەری تێك دەشكێنێت، چی تر تازەگەری خاوەنی ڕێسایەكی نەگۆڕ



نییە، وەك چۆن لەتەلارسازیدا ئەو ڕێسایە بەدوای ئەو پێشانگایەی سەرەتای هەشتاكانی سەدەی بیستەم لە ڤینسیا كرایەوە كە سێ ئەندازیار دیزاینە تەلارسازییەكانی خۆیان خستە ڕوو، كە بە بڕوای ڕەخنەگری ئیتاڵی پاولۆ پۆرتۆگیزی ئەوە سەرەتای كودەتا ڕاستەقینەكە بوو كە لە تازەگەری كرا، چونكە ئەوان لەڕووی تەلارسازییەوە توانیان هاوسەنگییەكی جیاواز بدۆزنەوە لەنێوان حەقیقەتی تەلار و بەهای جوانكاریدا، ئەوەش وەك ئەو دەیخاتە ڕوو وەزیفەی كارەكە شێوە هونەریەكەی دەسەپێنێت.

ڕێسا عەقلانییەكان و ئەفسانەكانی تازەگەری لێرەوە دەكەونە ژێر هەڕەشەی كۆتاییەك كە نەك بەتەنیا لە تەلارسازیدا، بەڵكو خێرا پەڕیەوە ناو دیالۆگی فەلسەفی و دواتریش هونەری شێوەكاری بەهەموو لقەكانییەوە هەوڵیدا لەناو ئەفسانەكانی تازەگەری بێتە دەرەوە، چونكە ڕێسا عەقلانییەكانیان تێكشكاند.

لێرەدا نابێت ئەو كۆمەكە گرنگە لەیاد بكەین كە فەیلەسووفی فەرەنسی ژاك دیریدا قسەكردنەكانی لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی ناوەندگەریتی عەقڵ بوو، بەوەی چۆن ئەو ناوەندە هەڵدەوەشێنینەوە و سەر لەنوێ لەڕێگەی بونیادەوە ڕێكی دەخەینەوە، بە بڕوای دیریدا گرنگی بونیاد لەوەدایە ئەو ناوەند "سێنتەر" ی نییە، بەڵكو بەدوای هەڵوەشاندنەوەی ناوەند بونیادەكان خۆیان دەنووسنەوە.

ئەوەش بۆ هونەری پێرفۆڕمانس بەواتای چی تر ڕێساكان و تێگەیشتنە عەقڵییەكان پێوەری داهێنان نین لەكاری هونەری، كاری هونەری دەبێتە زادەی ئەو دۆخ و ساتەوەختەی

که کارەکەی تێدا ئەنجام دەدەین، ئەنجامدانەکەشی بۆ سادەکردنەوە نییە، هێندەی لەپێناو خولقاندنی گەڕانێکی ترە کە ئەوە پێویستی کارەکەیە شێوە هونەریەکەش دەخوڵقێنێت.

ئێمە لێرەدا کاتێك دەبینین پێرفۆڕمانس بەتەنیا لەهونەری شێوەکاری نامێنێتەوە، بەهۆی ئەو ڕەهەندە جوانکارییە و فەلسەفییەی خێرا دەپەڕێتەوە نێو هونەری شانۆ، بەتایبەت کە شانۆی ئەزموونگەریی بۆ خۆی لە گەڕانێکی بەردەوامدا بوو لەپێناو دەربازبوون لەڕێسا عەقڵانییەکانی شانۆ، کە دواتر دەبێتە شانۆیەکی فەلسەفی، بۆیە ئەگەر ئەو شانۆیە لەلای بریخت و ئارتۆ و دواتر لەلای دەرهێنەرانی وەکو گرۆتۆفسکی و بروك و شاینا وکانتور دەبینین، بەتایبەت لە ئەزموونی شانۆکارانی پۆڵەندی، بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئەزموونکارانی شانۆی پۆڵەندی پێشتر لە هونەری شێوەکاری کاریان کردبوو، ئەوەش وای دەکرد پێرفۆڕمانس ئەو پەیوەندییە بدۆزێتەوە لەنێوان "شانۆ و شێوەکاری و بیرکردنەوەی فەلسەفی" بەتایبەت بۆ کۆمەڵگای پۆڵەندی دوای جەنگ کە پرسیاری ئەو مرۆڤ بوو لەبارەی جەستەی ئەو و تێگەیشتن لەماناکانی نازیزم، بۆیە کاتێك پێرفۆڕمانس لە ئەزموونی شانۆکارانی پۆڵەندی دەردەکەوێت پێوانە بە شانۆی ئارتۆ ڕووبەرێکی فەلسەفیانەی جیاوازی پێ دەبەخشرێت، بەهۆی ئەوەی پرسیاری ئەو مرۆڤە بەتەنیا لەڕێسای کاری هونەری ناهێڵێتەوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی و بەر لەوان پێرفۆڕمانس لە شانۆدا چۆن دەرکەوتبوو؟



ڕەنگە لەساتی وەڵامدانەوەی ئەوە پرسیارەدا زۆر نهێنی و ناکۆکیمان بۆ بکەوێتە ڕوو، چونکە پێرفۆڕمانس بریتی نییە لە شێوازێکی شانۆیی، بەڵام وەك فۆڕمێکی شانۆی فەلسەفی دەبینین، ئەوە گەڕانێکی بەردەوامە بە پێی پێداویستی دۆخە هونەرییەکە، هیچ ساتێك ڕێسایەك نابێتە هۆی ئەوەی کە کارەکە بچێتە نێو چوارچێوەیەکەوە، هێندەی ئەوەی بنیاتی دەنێت ئەو ئاگاییە شانۆییە و چۆنییەتی داڕشتنەوەی ئەو دۆخەیە لەناو شانۆدا، بۆ ئەوەی بابەت وەك کێشەیەکی خودێتی نەخرێتە ڕوو، هێندەی ئەو خودە چۆن لەناو بابەتەکەدا یەکەیەکی هونەری بەرجەستە دەکات، ئەوە بەتەواوی جیاوازە لەو وێنەیەی شانۆی شەقام یاخود هەندێك لەئەزموونەکانی دەرەوەی برۆدوای پێشکەشیان دەکرد، شانۆی نان و بووکە شووشەی پیتەر شۆمان بەهیچ جۆرێك ئەزموونێکی پێرفۆڕمانس نییە، چونکە شانۆیەکە لەناو پێداویستیەکی ئایدیای تایبەت و چوارچێوەیەکی دەستنیشان کراودا کار دەکات، هەندێك لە ئەزموونەکانی ژۆلیان بیك و ژۆدیت مالینا کاری پێرفۆرمانسین، بەتایبەت لەچۆنییەتی کارکردنەوەیاندا لە ئەزموونی "ئەنتیگۆنا" دا.

بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت ئەو پێرفۆرمانسە کە ئیشکردنەوەیە لەتەك تێکست وەرگرتنەوەی تەواوی تێکست نییە، هێندەی چۆنییەتی وەرگرتنەوەی تێکست و داڕشتنەوەیەتی بە پێی ئەو پێداویستیە هونەریەی کە ئەو خوازیاریەتی، ئەوەش پێرفۆرمانسی سەرەتای کاری شانۆییە، چونکە ئێمە لەپاڵ هەموو هەوڵ و گەڕانە

پێرفۆڕمانسییەکان، دوو شێوەی سەرەکیمان هەیە لەناو کاری پێرفۆڕمانسیدا، کە یەکێکیان پشت بەستنە بە گێڕانەوە.. ئەوی تریشیان ئیشکردنەوەی ڕاستەوخۆیە لەتەك جەستە، ئەوەش ڕێك خەسڵەتێکی زەمینەی لەدایك بوونی شانۆی فەلسەفی بوو ئیشکردنی بریێخت لەگەڵ وشە و ئارتۆ لەتەك جەستەدا.

ئێمە بۆ ئەوەی لەو دوو شێوە سەرەکییە بدوێین ڕاستر وایە لەسەر هەندێك لە بنەماکانی ئەو دووانە بوەستین، چونکە ئەو دوو فۆرمە پێرفۆڕمانسە، کاریگەری لەسەر تەواوی کارەکان داناوە و دواتریش وەك پرۆژەی ئەلتەرناتیف وجیاواز لەشانۆدا دەرکەوتووە، تا ئەو ئاستەی لە ئێستادا هەڕەشە لە شانۆی سونەتی دەکات و لەداهاتووشدا توانای ئەوەی هەیە شوێنی شانۆ بگرێتەوە، شوێنگرتنەوە بەو مانایەی کە هونەرێکە لەناو ئاقاری بیرکردنەوەدا پرسیارە هەنووکەییەکان دەباتەوە ناو مێژوو لەوێوە ئامادەبوونی خۆی وەك ئەو زەمەنەی ئێستایە ئاوا دەڕواتە ناو مێژوو، بەهەمان شێوە مێژوو دێنێتەوە ناو ئەو هەنووکە شانۆییە کە لە زەمەنی یادەوەریی بیگۆڕێت بە زەمەنی شانۆیی کە زەمەنی فەلسەفی پێرفۆڕمانسە.

ئەو زەمەنە پەیوەستە بەو شانۆ فەلسەفییەی توانای ئەوەی هەیە پرسیار وبیرکردنەوەی مرۆڤ لەدوو توێی بیری فەیلەسووفەوە بگۆڕێت بۆ فۆرمی شانۆیی، کە ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆ دادەنێت لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ.

لێرەدا پێرفۆڕمانس لەقۆناغی شانۆی فەلسەفییە و ناگەڕێتەوە ناو دۆخی فەلسەفەی شانۆ، هەر بۆیە گێڕانەوە چەمکێکی



ئەرستۆیی نییە، بەڵکو گێڕانەوە بەشداریکردنێکی زەمەنی تێکستە لەناو ئێستای مندا کە بریتییە لە خۆنمایشکردنم لەو ساتەی بە نمایشەکە هەڵدەستم، پێرفۆرمێر بۆ چەمکی گێرانەوە پشت بە تەکنیکی تایبەت بە پێرفۆڕمانسەکەی دەبەخشێت، بەواتای ئەوە تەکنیکە ئامادەکانی گێڕانەوە و تیۆرەکانی گێڕانەوە نین، بەڵکو ئامادەبوونی فیگوری من لەو پێرفۆڕمانسەدا توانای خولقاندنی تەکنیکی گێڕانەوەی هەیە.

نیك کای لەکتێبە گرنگەکەیدا لەبارەی پاش تازەگەریی و پێرفۆڕمانس باس لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەکات کە چۆن کارە پێرفۆرمانسیەکانی پینگ چۆنگ گێڕانەوەی تیایدا بردۆتەوە ناو مانای ئاڵۆزەوە کە پەیوەستە بە کارەکانی لەو ساتەوەختەی نمایشی دەکات، بە بڕوای تویژەرێکی بواری پێرفۆرمانسی وەکو ژۆناتان کالب گێڕانەوە لەکارە پێرفۆرمانسییەکانی چۆنگ متمانە دەکاتە سەر ڕەگەزی چیرۆك، بەلاِم بە پلەی سەرەکی ئامانجی ئەوە نییە چیرۆکێکمان بۆ بگێڕێتەوە.

کای باس لەوەش دەکات کە ڕەخنەگر نۆیل کاڕۆل لەبارەی کارەکانی چۆنگ بۆچوونی وایە میکانیزمەکانی کارکردنی ئەو لەپێناو تێپەڕینە بەناو ئەو بابەتانەی کە مەبەستییەتی بەبێ ئەوەی تێکەڵیان بکات، لەهەر دەربڕینێکی ئەو کارەی ئەنجامی دەدات مەبەستێکی سەربەخۆی هەیە کە تێکەڵی ناکاتەوە بە مەبەستێکی تر.

ئەو شێوە پێرفۆرمانسە سیماکانی لە کاری هونەرمەندێکەوە جێگیر نەبووە، چونکە ئەگەر تەماشای

کارەکانی ئیلیزابێس لی کۆمپێت بکەین، کە لەکۆتایی هەفتاکانەوە دەست پێدەکات و بۆ سەرەتای هەشتاکانیش بەردەوام دەبێت، تێبینی ئەوە دەکرێت ئەو لەکارەکانیدا هەوڵی ڕەگەزە بینراو و بیستراوەکان دەدات، بەواتای پێرفۆرمانس لەلای ئەودا وێنەی بینراوە لەپاڵ وێنەی بیستراو.

لەو ڕوانگەیەوە هەوڵیداوە کار لەسەر چەندین تێکست بکات، لەوانە شانۆگەرییەکی ئیلیۆت هەڵدەبژێرێت، ناوی دەبات بە "هەڵبژاردنەکان" کە لە شەش هەڵبژاردن بەرجەستەی دەکات، یاخود کارەکانی گرووپی وۆستەر بەتایبەت لەشانۆگەری "گەشتی ڕۆژێکی درێژ بۆ قوڵایی شەو" ی یۆژین ئۆنێل کە لەماوەی 13 دەقیقەدا نمایشکراوە، کە پێرفۆرمێرەکان تەنیا دیارترین دیالۆگەکانی ناو شانۆنامەکەیان هەڵبژاردووە بۆ کارکردن. (٤٨)

ئەمڕۆ پێرفۆرمانس بەشێوەیەکی گشتی بۆ دوو جۆر پۆلین دەکرێت یەکێکیان "پێرفۆرمانسی ئارت" و ئەویتریشیان "پێرفۆرمانسی ئارتیست" جۆری یەکەمیان پەیوەندیی بەهونەری شێوەکارییە، کە وەك بەشێك لەو هونەرە سەیر دەکرێت، ئەوە جگە لەوەی لەمنداڵدانی شێوەکاری هاتۆتە بوون، جۆری دووەمیش پێرفۆرمانسی ئارتیست کە لە جۆری یەکەم وەرگیراوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەهونەری شانۆوە هەیە، تیایدا سەما وگۆرانی ونواندن دەگرێتە خۆی، ڕاستە پێرفۆرمانسی ئارتیست لە پێرفۆرمانسی ئارت وەرگیراوە، بەڵام تویژەرانی بواری هونەری شێوەکاری باس لەو مۆرکە شانۆییە دەکەن کە ئارت دەیگرێتە خۆی، بەهۆی دەرخستنی جەستەی نمایشکار.



کارە پێرفۆرمانسیەکانی نمایشکار مارینا ئەبرامۆڤیچ کە سەر بە پێرفۆرمانسی ئارتە، بەڵام جەستەی ئەو خاڵی نییە لەدەرخستنی ئەو مۆرکە شانۆییە، ئەگەرچی ئەو مۆرکە هێندەی وەك وێنەی فۆتۆگرافی و شێوەکاری دەنگی جەستەی تیا دەخرێتە ڕوو، بەتایبەت لەو کارەی کە چۆن لەڕێگەی ئەویترەوە هەوڵ دەدەیت خۆت ببینیت، ئەوە پەیوەندیی درووست دەکات لەگەڵ بینەران کە ڕووبەر بوونەوەی نێوان ئامادەبوونی فیگور و ئامادەبوونی وەرگرە، ئەو کاریگەرییە مۆرکێکی وێنەیی دەبەخشێت، وەك چۆن کاریگەری تێپەڕین بەناو دوو جەستەی ڕووتی نێرو مێ وەك دیوارێك بۆ خۆی تێپەڕینە بەناو نهێنی جەستەی تاپۆکراو. (٤٩)

ئەگەر کارەکانی مارینا وەك پێرفۆرمانسی ئارت سەیر بکەین، بەڵام کارەکانی گرووپێکی شانۆی پۆڵەندی بەناوی زار تیایدا دەنگ و جەستە بەیەکەوە لەڕووبەرێکدا بەشداری یەکتری دەکەن و لەو وێنەیە پێرفۆرمانسی ئارتیست دەخوڵقێنن، یاخود گرووپی پیسن کۆزلا کە دنیابینی شکسپیر لە ماکبێس چڕ دەکەنەوە سەر وێنەیەکی تاوانکاری کە هەمووان هەستی تاوانباری ناخیان داگیر کردووە و وەك لیدی شەڕ لەگەڵ ناخی خۆیان دەکەن.(٥٠)

ئەگەرچی ئەو شێوەیە لە پێرفۆرمانس وەك شێوە سەرەکیەکانی کارکردن دەردەکەون، بەڵام لەناو ئەو دوو شێوەیەدا هەر هونەرمەندێك بەپێی تێگەیشتنی بۆ کارەکەی خۆی هەوڵیداوە ئاگایی کولتووریی و جوانیناسیانەی ببێتە هۆی ئەوەی چۆن سەر لەنوێ فۆرم بەو نمایشە دەبەخشێت، لەو کاتەدا ئەوەی نایکاتە ڕێسایەك پەیوەستە بەو ڕۆحە

ئەزموونکارییەی هەمیشە لە گەڕاندایە و شوێنێکی نییە بۆ وەستان و بەخشینی وەك ستایلێك، بەڵام هەمیشە تێگەیشتنێکی فیکری قووڵ لەپشت کارەکانەوەیە، بەواتای بەتەنیا هەستی ڕووکەش بۆ دیاردەیەك یان گرفتێك ناکەنە هۆکار بۆ خولقاندنی کارە هونەریەکە، هێندەی دەیانەوێت لەپاڵ ئەو تێگەیشتنە هونەرییە قوڵاییەکی فیکریی و بیرکردنەوەی فەلسەفی پێ ببەخشن، ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ نەبێت ژمارەی پێرفۆرمێرە، بەڵام گرنگە کە ئەوە لە نمایشی سونەتی شانۆ کاریگەری زیاتر بخوڵقێنێت، گەر وانەبێت ڕوو دەکرێتە نمایشت کردنەوەی تێکستەکان لەسەر شانۆ، بەڵام چونکە مەودا و ڕووبەرێکیتر دەخوڵقێنن، بۆیە بەو شێوەیە دەیخەنە ڕوو، هیچ کاتێکیش لە نمایشی شانۆیی وەك ئەوەی هەیە بە کەمتر سەیری ناکەن، وەك چۆن ژنە پێرفۆرمێر کارین فینلی لەڕێگەی نمایشی مۆنۆدرامیەوە دەیویست کامێرا و وێنەی فۆتۆگرافی بەشداری لە گێڕانەوەی تاوانەکان بکات، ئەو گێڕانەوەیە بۆ خولقاندنی مەودایەکی فیکریی بوو بە تاوان، بەواتای ڕووداوەکانی ڕۆژ بۆ وروژاندن نییە لەسەر شەقام و ئەو شوێنانەی کە پێرفۆرمانسەکەی تیا ئەنجام دەدرێت، بەڵکو لەپێناو چۆنییەتی داڕشتنەوەیە لەناو یەکەیەکی جوانکاریی و فیکریدا.

ڕەنگە لەو شێوە پێرفۆرمانسەدا نمونەی پێرفۆرمێری زۆر لەبەردەستدا بێت، بەڵام دەشێت لە جەوهەری توێژینەوەکە دوورمان بکاتەوە، وای لێبێت لە شانۆی فەلسەفییەوە بمانبات بۆ پەیوەندیی شانۆ وپێرفۆرمانس، بۆیە ناچارین خۆمان



لەنموونەی پێرفۆرمێرەکان بەدوور بگرین، لەبری ئەوە هەوڵدەدەین لەسەر شێوەیەکی تری پێرفۆرمانس بێینە قسەکردن، کە پێم وایە گرنگی و تایبەتی خۆی لەئێستادا هەبێت و بەردەوامی و گەشەسەندنی هەمیشەیی بەخۆیەوە بینیبێت، ئەویش پێرفۆرمانسی جەستەییە، کە دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی شانۆکارانی پۆڵەندی بەتایبەتی لەکارەکانی گرتۆفسکی و کانتور و گیگیۆفسکی و ئەوانی تردا.

پێرفۆرمانس سەرباری دەرکەوتنی لەناو هونەرەکانی شێوەکاری و شانۆ و سەما، بەڵام بوونی ئەو هونەرە لەلایان شانۆکارانی پۆڵەندییەوە لەڕاستیدا ڕووبەرو پانتاییەکی تریان پێ بەخشی، هۆکاری سەرەکیش ئەوە بوو زۆربەی شانۆکارانی پۆڵەندی کە بە ئەزموونکارە نوێیەکان ناویان دەرکردبوو، پێشتر لەهونەری شێوەکاری وەك شێوەکار ناسرابوون و دواتر ڕوویان کردبووە شانۆ، بۆ ئەوەش توانیان لە کاری پێرفۆرمانسیدا پەیوەندییەك بخوڵقێنن لەنێوان هونەری شێوەکاری و شانۆدا.

دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە خاڵی نەبوو لەو قەیرانە کولتورییەی مرۆڤی پۆڵەندی خۆی کە بەهۆی نازیەتەوە ڕووبەرووی بۆوە، کە جەستە لە فڕنەکانی نازیزم دەسووتێنرا، ئەو بێبەها بەخشینە بە جەستەی مرۆڤی پۆڵەندی، بۆ خۆی توانی ئەو پرسیارە ڕووبەرووی ئەو کۆمەڵگایە بکاتەوە: جەستەی من بوونی چییە؟

گەڕانەوە بۆ ناو گفتوگۆکانی شانۆکارێکی وەکو یۆزیف شاینا کە چۆن ڕۆژێك بەر لەوەی بخرێتە فڕنەوە و

بسووتێنرێت چۆن بە پەرجوویەك ڕزگاری بووە، بۆ خۆی پرسیاری جەستە لەلای شانۆکاری پۆڵەندی دەکاتە پرسیاری کولتووریی ئەو کۆمەڵگایە، هەر بۆیە جەستە چەندە پەیوەستە بەو ئاگاییە شێوەکارییەی شێوەکاران کە دواتر پەڕینەوە ناو شانۆ، لەهەمان کاتیشدا پەیوەستە بەو ئاگاییە کولتوورییەی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

ئەو کۆمەڵگایە لەبەردەم هەوڵە شانۆییەکانیشدا گەیشتبووە خاڵێك کە پەڕینەوە و ڕووە و شانۆیەکیتر بوو، چونکە شانۆ وەك ئەوەی هەبوو ئیتر پێویستی بەوە بوو لەڕووبەرێکی تردا وەڵام بە پرسیارەکانی ئەوان بداتەوە، بەتایبەت کاتێ گرۆتۆفسکی باس لەوە دەکات ئیدی ئەوان کەوتوونەتە قۆناغی میتاشانۆ.

ئەو ڕوانینەی گرۆتۆفسکی زادەی گەڕان بوو بەدوای هونەرێك کە چیتر لەڕێگەی کەرەستە شانۆییەکانی سەر تەختەی شانۆ گوزارشت لەخۆیان نەکەن، ئەوە بۆخۆی بانگەشە کردنێکی پێرفۆرمانسیانە بوو کە لەڕێگەی جەستەوە بنیاتی دەنا، ئەو تێگەیشتنەی گرۆتۆفسکی بۆ ئەودیوی شانۆ، هەمان تێگەیشتنی ڤاتیمۆیە بۆ فەلسەفە کە بەدوای تازەگەری فەلسەفە پێویستی بە پاش تازەگەریە، چونکە تازەگەری کۆتایی دێت، ڕەنگە پێرفۆرمانس بۆ خۆی لەبەردەم پەڕینەوە بێت بۆ دۆخێکی تر، کە دۆخی پێرفۆرمانس بێت، هەڵبەت ئەوە بۆ گرۆتۆفسکی بەتەنیا کارکردن نەبوو بۆ شێوە ئەزموونێکی تر هێندەی ڕووبەرێکی فەلسەفیانەی شانۆ بوو، ئەگەر ووردبینانەتر قسە بکەین دەبێت شێتی ئارتۆ بگەڕێنینەوە بۆ درك نەکردنی



کۆمەڵگای خۆرئاوایی بۆ هونەرێکی پێرفۆڕمانسی، بەڵام سەرەنجام ئارتۆ بەو فەیلەسووفە شانۆییە دەمێنێتەوە کە زەمینەی گوتاری ئەلتەرناتیڤی لەشانۆدا بنیاتنا کە شانۆیەکی فەلسەفییە، ئەو زەمینەی ئارتۆییە گرۆتۆفسکی بەتەنیا نایهێنێتە دی، بەڵکو ئەو دیدە فەلسەفییەش تیایدا دەخاتە ڕوو، بۆیە پێرفۆڕمانس مانای نەدۆزراوە بۆ ئەو هەوڵە دەدۆزێتەوە.

لێرەدا نمایشی شانۆیی دەگۆڕێت بۆ پێرفۆڕمانس و ئەکتەریش ناو دەبات بە پێرفۆڕمێر، لەو بارەیەوە گرۆتۆفسکی دەڵێت "پێرفۆڕمێر پیاوی کردارە.. نەوەك ئەوەی ڕۆڵی پیاوێکیتر دەبینێت, ئەو سەمازانە, جەنگاوەرە, لەدەرەوەی هەموو چوارچێوەی ڕەگەزە هونەرییەکانەوە, سرووتیش پێرفۆرمانسە، یا کردەیەکی تەواوکەرو کردەیەکی تەواوە, نمایشیش تێکشکانی سرووتە, لێرەدا لەو ڕێگەیەوە نامەوێت, شتێکی نوێ بدۆزمەوە, بەڵکو کەشفی شتێکی لەیادکراو بکەم" (٥١)

کەواتە بوونی پێرفۆڕمێر ئامادەبوونی خۆیەتی نەك نوێنەرایەتی کردنی کارەکتەر, ئەو نوێنەرایەتی کەس ناکات, ئەوە سرووتێکی شانۆییە تیایدا پێرفۆڕمێر ئامادەبوونی وەك مرۆڤ لەتەك ئامادەبوونی مرۆییانەی وەرگر یەکەیەکی ڕیتواڵی پێکدێنن, کە مۆتیڤێکی چەمکە لەڕووبەری پێرفۆرمانسدا. جەستە بۆ گرۆتۆفسکی ڕووبەرێك نییە کە تێکست لەسەر شانۆ ملکەچی پێبکات بەڵکو وەك دەڵێت "جەستە یادەوەری نییە, بەڵکو خۆی یادەوەرییە,

ئەوەی دەبێت پێی هەڵبستێت لابردنی بەربەستەکانی جەستەیە" (٥٢)

ئەوەش ئەو کردارەیە کە پێرفۆرمانسەکەی تیا ئەنجام دەدرێت، ئەو پەیوەندییەی جەستە و بابەتگەرێتی دەیخوڵقێنێت، چونکە جەستە وەك جۆرێك لە یادەوەری دەبینێت، ئەو یادەوەرییە لەتەك ئەو زەمەنە هەنوکەییەی پێرفۆرمێر گوتاری ئێستای من بنیات دەنێت.

ئەو منە کێشەیەکی فەلسەفی ڕووبەڕووی دەکاتەوە بەوەی (منی جەستە) و (جەستەی من) دوو تێگەیشتنی پێرفۆرمانسیانەیە بۆ جەستە، ئەگەر لەو کارە پێرفۆرمانسیانەی ناو تێکستەکان کە سەرەتا وەك گێڕانەوەی پێرفۆرمانسی ئاماژەمان بۆ کرد من تیایدا ببێت بە منی جەستە، ئەوا من لەڕێگەی چەند دیالۆگێکەوە دێت بۆ خۆنمایشکردن جەستەشی دەخاتە خزمەتی ئەو نمایشەوە، ئەوەش تەنانەت لەلای شانۆی زیندووی جۆدیت مالینا وژۆلیانا بیکیش هەستی پێ دەکەین. بەڵام ئەو دەمەی جەستەی من ئامادەبوونی هەبوو، مانای وایە جەستە نەخراوەتە ژێر دەسەڵاتی فەزای تێکستەوە، بەڵکو جەستە بۆخۆی ئازادبوونی گوتارە، کە توانای بنیاتنانی ئێستای هەبێت لە ساتەوەختی پێرفۆرمانسەکەدا.

لێرەدا دەتوانین شێوەیەکی جیاواز لە کاری پێرفۆرمانسی بەدی بکەین، کە ئەو ڕوانینەی گرۆتۆفسکی ئەمڕۆ کاریگەری لەسەر زۆر ئەزموون و کاری پێرفۆرمێرەکان بەجێ هێشتووە و دەشێت لەداهاتووشدا دەرگا بۆ زۆر کاری تر بکاتەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە لاسایی بکرێت،



بەڵکو بەو واتایەی کە کاری پێرفۆرمانسی لەو دیدە تیۆرییەوە هەوڵی خولقاندنی مانا و شێوەی تر بدات بۆ چۆنییەتی ئامادەبوونی جەستەی پێرفۆرمێر لەناو پێرفۆرمانسدا.

## گێڕانەوە لە شانۆی فەلسەفیدا

پێویستییەکی زۆرمان بەوە دەبێت بۆ تێگەیشتن لە گێڕانەوە لەناو شانۆی فەلسەفی، شانۆیەك لەڕێگەی وێنەی بینراو و دەنگ و جوڵە و تێکستەوە خۆی بنیات دەنێت، بۆ ئەوەی بزانین لەو شانۆیەدا گێڕانەوە چ وەزیفەیەکی هەیە، بەوەی ئەو ڕیسایە چییە گێڕانەوە پشتی پێ دەبەستێت؟ ئەو کاتە ستراتیژی گێڕانەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەوە ستراتیژیی گێڕانەوە نییە لە شانۆدا، هێندەی ستراتیژێکە لەشانۆی فەلسەفیدا، کاتێك بینین هەیمەنەی گوتاری نمایشی کرد دەبێت بزانین لەو ساتەدا گێڕانەوە لەناو تێکستدا زمانێك بۆ دیالۆگ دەخولقێنێت؟ یاخود دەبێتە بەشێك لەناو دیدگای فەلسەفی؟ ئەگەر بووە بەشێك لە دیدگا وبینین وەزیفەی وشە لەو ساتەوەختەدا چی بەسەر دێت؟

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین دەستنیشانی گێڕانەوە بکەین لەناو شانۆی فەلسەفی، دەبێت لەبنەڕەتدا لەوە تێگەیشتبین کە گێڕانەوە بۆ خۆی چییە؟ پەیوەندیی گێڕانەوە بە مرۆڤەوە دەکەوێتە چ ئاستێکی پەیوەندییی؟ ئاخۆ گێڕانەوە پرۆسەیەکی سەر زارەکییە و لەدەرەوەی نوسینەوەیە؟ یاخود نووسینەوەی ئاخاوتنە لەناو زماندا؟

لێرەدا ئێمە ئەوەی ڕامان دەگرێت، گێڕانەوە نییە، بەڵکو ئەو پەیوەندییەی نێوان نووسین و ئاخاوتنە، هەڵبەت بەدوای ژەهر خواردکردنی سوکرات ئەو باسە بابەتێکی گرنگی فەلسەفەیە، هەڵبەت ئەوەش لەدەرەوەی هەر پرۆسەیەکی فەلسەفی و هونەری باسێکە بۆ خۆی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە، کەوایە ئەوەی گرنگە دەبێت سەرەتا لەوە تێبگەین ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە چییە گێڕانەوە بە ئێمەی دەبەستێتەوە؟ ئاخۆ ئێمە لەڕێگەی گێڕانەوە ئینتیما بۆ چ زەمەنێك دەکەین؟ ئایا ئەوە زەمەنی هەنوکەیە کە گێڕەرەوە قسەی تیا دەکات یاخود ئەوە گەڕانەوەی ئێمەیە بۆ زەمەنی ڕووداو؟

پەیوەندیی گێڕانەوە بە مرۆڤەوە چۆنییەتی نووسینەوەی حیکایەتی سەر زارەکی بووە، کە لە گێڕانەوەی وتراو نەماوەتەوە، گوازراوەتەوە بۆ ناو نووسین، بەدوای مردنی سوکرات خوێندکارەکانی دەست دەکەن بەنووسین، ئەو ژەهرەی دەدرێت بە سوکرات، ئەوە کۆتایی هاتنە بە ئاخاوتن، نەمریی سوکرات دەنووسرێتەوە.

نووسین لەدایك بوون و گێڕانەوەی چیرۆکی ژەهر خواردنەکەیە، ئەوە تەنیا نووسینەوەی مەرگ نییە، بەڵکو گێڕانەوەی کۆی پرۆسەی بیرکردنەوەیە وەك لە دەیالۆگە فەلسەفییەکانی ئەفلاتوندا دەیبینین. کاتێك گێڕانەوە بوو بە نووسین، بەواتای نووسین لەڕێگەی یادەوەریی زمانەوە دەکەوێتە ناو زەمەنی ڕابردوو تا چیرۆکێك بگێڕێتەوە، ئەو گێڕانەوەیە بۆ نووسین بەتەنیا لەناو ئەفسانە و چیرۆکە کۆنەکان نایهێڵێتەوە، بەڵکو بەدوای فەلسەفە دەگوازرێتەوە



بۆ ناو ژانرە جیاوازەکان، کە ئەمڕۆ بەتەنیا ئەوە چیرۆك و ڕۆمان نییە کە گێڕانەوە دەکەنە میکانیزمێکی سەرەکی زمان، بەڵکو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیش ڕاستەوخۆ پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت، ڕۆژنامەنووسەکانیش هەوڵ دەدەن تەکنیك و شێوازی نوێ بۆ گێڕانەوە بگرنە بەر، ئەوەش بەمەبەستی بەجێ هێشتنی کاریگەری لەسەر خوێنەر و بینەرەکانی، وەك چۆن ژانرەکانی تریش پێشتر هەمان کاریان ئەنجامداوە، کەواتە گێڕانەوە زەمانێکی گرنگی ئینتیماکردن و پەیوەندیی مرۆڤە بە ڕووداو، ڕووداوگەلێك کە ڕوویداوە یان گریمانەی ڕوودانی دەکرێت.

لە ڕۆماندا گێڕانەوە توانای خولقاندنی تەکنیکی جیاوازی هەیە، گێڕانەوە دەتوانێ لەڕێگەی یادەوەری زمانەوە بەرەو یادەوەری کارەکتەر هەنگاو هەڵبنێت، ئەوەیان بابەتێکی گرنگی ئەدەبی گێڕانەوەیە، کە کۆی ڕۆمان بریتییە لەچۆنییەتی ئەنجامدانی پرۆسەی گێڕانەوە، ئەوە ئەو ڕۆمانانەن کە گێڕانەوە تیایدا بالا دەستە سەرنجمان بۆ شێوازی گێڕانەوە ڕادەکێشێت، تا سەر لەنوێ لەگەڵ ڕۆماننووس هەوڵ بدەین ڕووداوە پارچە کراوەکان لە زهنی خۆمان ڕێك بخەینەوە، وەك ئەوەی مۆنتێری فیلمێکی سینەمایی بین، دوای وێنەگرتنی دیمەنە پچڕاوەکان لەیەکتر نزیك بکەینەوە.

ئەوەش بەتەنیا سەرنج ڕاکێشان و ڕێکخستنەوەی ڕووداو نییە، بەڵکو چۆنییەتی خولقاندنەوەی ماناکانیشە، ئەو تەکنیکە خێرا پەڕییەوە ناو هونەری سینەمایی و دەرهێنەرەکان هەوڵ دەدەن بەشێوازی جیاواز چیرۆکی فیلمەکە بگێڕنەوە، تاوەکو بینەر بەشدار بێت لەساتەوەختی ڕێکخستنەوەی

دیمەنەکان و هەمیشە لەتەك کامێرا و وێنەدا بەشدار بێت لەکۆی پرۆسەی بینین و کردەی وەرگرتندا.

ئەوە گرنگی گێڕانەوەیە لەکۆی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب وهونەر، کە بە پێی سەردەم و زەمەنەکانیش گێڕانەوە گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت و گێڕەرەوەکان کە بریتین لە "رۆمانووس و نووسەر و دەرهێنەر و ڕۆژنامەنووسان" بەو شێوازەی دەیانەوێت ئاوا ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕنەوە. بۆ هونەری شانۆش لەدایکبوونی یەکەم هەوڵەکانی شانۆ سەرهەڵدانی گێڕانەوەیە، بەو پێیەی یۆنان وەك شوێنێك بۆ لەدایکبوونی فەلسەفە و شانۆ دەبێتە سێنتەری پرۆسەی بیرکردنەوە، بۆیە شانۆ و فەلسەفە بەدوای مەرگی سوکرات گێڕانەوە وەك زمانی گوزارشتی هەردووکیان دەگەڕێتەوە سەری، لەبەر ئەوە دۆخێکی سرووشتیە کە گێڕانەوە زمانی ڕاستەقینەی شانۆ بێت.

ئەو زمانەی ئەرستۆ وەك یەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی هونەری شیعر سەیری دەکرد، بەواتا لەیەکەم ساتەوەختە تیۆرییەکان بۆ هونەری شانۆ گێڕانەوە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی هونەری شانۆ سەیر کراوە، کە تیایدا گێڕەرەوە زەمەنی یادەوەری دەکات بە زەمەنی شانۆیی، ئەو کاتەش یادەوەری دەبێتە گێڕانەوەی شانۆیی.

کە نەك بەتەنیا لەشانۆی یۆنانیدا، بەڵکو لەزۆربەی شێوازەکاندا ئەو شێوازی گێڕانەوەیە جەختی تەواوی کراوەتە سەر، وەك لەشانۆی مۆنۆدرامی و هەوڵەکانی ئەکتەری ئەڵمانی ژۆهان براندیز بۆ شانۆی تاکە ئەکتەری،



شتێك نییە جگە لە گێڕانەوەی کۆی ڕووداو لەڕێگەی چوونە نێو یادەوەرییەوە لەڕێگەی دەیالۆگەوە.

گێڕانەوە خولقاندنەوەی مێژووە لە ئێستادا، بەڵام ئێستایەك پەیوەست نییە بە زەمەنی گێڕەرەوە، گێڕەرەوە کە نووسەری شانۆنامەیە لەهەوڵی بە مێژووکردنی شانۆیە، ڕووداوەکانی ژیانی ئۆدیب و ئەنتیگۆنا وئەلیکترا و شالیر و هاملێت و دەزدەمونە و ماکبێس درێژەی ئەو پرۆسە بەشانۆکردنەی مێژووە، ئەوە تۆمارکردنەوەی ئەرشیفی مێژوو نییە بۆ شانۆ، بەڵکو لەچوارچێوەی درامای ئەرستۆیی دەنووسرێتەوە، شاعیران و نووسەران لەدنیابینی شیعریی و جیهانبینی شانۆییانەوە دەڕۆنە ناو مێژوو، تا لەوێوە سەر لەنوێ ژیانێکی تر بەو مرۆڤانەی بیر چوونەتەوە ببەخشنەوە، وەك ئەوەی ویژدانی ئەوان و ئاستی ئەخلاقیان دەیەوێت ئاوا سەیری ناو یادەوەری دەکەن، ئەوە چ هەستێکی ئەخلاقیە لەبەرامبەر تاوانی کوشتن ئەو پەڵە خوێنانەی سەر دەستی لیدی ماکبێس لێنابنەوە و دەبنە بونیادێکی گرنگ بۆ چەمکی شێتی.

گێڕانەوە وەك ئەو بونیادەی گێڕەرەوە زانیاریمان لەبارەی چیرۆکێك پێ دەبەخشێت و دواتر ئەرستۆ تیۆریزەی دەکات، وەك یەکێك لەڕەگەزەکانی درامای ئەرستۆیی دەیناسین، تا ساتەوەختی دەرکەوتنی برێخت گێڕانەوە لەو ڕێسایە بەرەو تێکشکان ناچێت، برێخت گێڕانەوە ڕەتناکاتەوە هێندەی دەیکاتەوە بە زمانێکی شانۆیی، زمانێك بەتەنیا یادەوەری ڕابردوو نییە، بەڵکو ئاگایی یادەوەرییە، ئەوە یادەوەری شانۆکارە، ئێستای ئەو خۆنواندنە لەناو یادەوەری.

گێڕانەوە لەشانۆی بریختدا کە شانۆیەکی نائەرستۆییە کەچی هەوڵی ئەکتەر بریتە لەکۆی چیرۆکێك کە دەیگێڕێتەوە، ئەکتەر لەوێدا کاری گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو تێکستە بۆ ئەوەی بینەران ڕووبەرووی بیرکردنەوە بکات، بۆیە گێڕانەوە بەپێی خاسییەتی نوسەر وهونەرمەند گۆڕانکاری دەگرێتە خۆی و هەمیشە پرۆسەی گێڕانەوە هەوڵێکە بۆ چۆنییەتی نووسینەوەی ڕووداوەکان.

لێرەوە گێڕانەوە دەچێتە ئاستێکی ترەوە، ئاستێك وەك ئەوەی ببێتە سەرەتای بیرکردنەوە لەشێوازی جیاواز بۆ گێڕانەوە، ئەوەش تێکشکاندنی ڕێسای باوی شانۆییە، لەو کاتەدا گێڕانەوە نابێتە ململانێی درامی بۆ ساتەوەختی قوڵبوونەوە لەناو ڕووداو، بەڵکو ئەکتەر ئینتیما بۆ ڕووداو دەکات بەپێی چوونە ناو یادەوەرییەوە، چونکە ئاگایی خۆی وەك مرۆڤ ناباتە ناو یادەوەری، ئەوە ئاگایی کارەکتەرە لەناو یادەوەرییدا، ئاگایی مرۆیی لەهەر ساتەوەختێك توانای پرسیارکردن و گومانکردنی هەیە لە زەمەنی یادەوەری.

ئەوە ڕزگارکردنی گێڕانەوە بوو لەناو ڕێسایەك کە هەمیشە مرۆڤ لە نائاگایی خۆی دەژیا و لەناو ئاگایی کارەکتەردا توابۆوە، لێرەوە ئاراستەیەکی تر دەدۆزینەوە کە چۆنییەتی خوڵقاندنی گێڕانەوەیە، بەو کارەش یادەوەری ئازاد دەبێت.. دەجولێتەوە.. توانای زیندەگی هەیە، تاوەکو بتوانین پرسیاری ئاراستە بکەین.

ئاراستەکردنی پرسیار بەواتای وەرگرتنەوەی پیرۆزی لە مێژوو، بە مرۆڤ بینین وەك ناوەندگەریێتی پیرۆزی، بۆ خۆی گەڕانەوەیە بۆ ئەو ساتەی کە کارل مارکس مرۆڤ وەك



بەنرخترین سەرمایە ئاماژە پێدەدات، بریخت بەهۆی ئەوەی شانۆکەی لە قوڵایی فیکری ماتریالیزمی دیالەکتیەوە لەدایك دەبێت، بۆیە فەلسەفەی مارکسیزم توانای کۆمەککردنی هەیە لەپێناو خوڵقاندنەوەی گێڕانەوە، ئەوە لەکاتێکدا خراپترین ناونان کە هەمیشە بەسەر شانۆکەی دەسەپێنرێت ناونانی شانۆی داستانییە، هەڵبەت شانۆی بریختی هێندەی شانۆیەکی دیالەکتیکییە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆیکرد ناوبردنی بە شانۆیەکی داستانی لەبنەڕەتدا خنکاندنی شانۆکەیەتی.

لەگەڵ ئەزموونی ئارتۆ لەشانۆدا هەریەکە لە بریخت و ئارتۆ دوو شێوازی جیاواز بۆ گێڕانەوە دەخەنە ڕوو، کە گێڕانەوەی شانۆی فەلسەفییە، گێڕانەوە لەلای ئارتۆ تێکشکاندنی ڕێسای ئەرستۆیی نییە وەك لەلای بریخت هەیە، بەلکو وێرانکردنی تەواوی دیدی فەلسەفی ولۆژیکی درامییە و خوڵقاندنی شانۆیە وەك فەلسەفە، لێرەدا گێڕانەوەش دەبێتە گێڕانەوەی جەستە لەڕێگەی پرسیار لەبارەی بوون و یادەوەری وخەونبینین و خوڵقاندنی وزە شاراوەکان، ئەوەیش سەرەتایە بۆ گێڕانەوە، بنیاتنانی فەلسەفەی تایبەتە بەگێڕانەوەی درامی، کە گێڕانەوەی کارەکتەر نییە، بەڵکو ئامادەبوونی جەستەی ئەکتەرە لە پانتاییدا، ئەوەش پرۆژەیەکە بۆ تەواوکردنی وێنەی شانۆیەکی فەلسەفی، کە بوونی ئەو شانۆیە پەیوەست نەبیت بە وتە وتراوەکان، بەڵکو لەڕێگەی بینینەوە شانۆ فەلسەفە دەخاتە ڕوو.

بۆیە شانۆی فەلسەفی بەتەنها لەسەر مەرگی تراژیدیا دەرنەکەوت، بەڵکو ڕێساکانی گۆڕی و دەروازەی بۆ هەوڵ

وتەقەللای ئەلتەرناتیف کردەوە کە بتوانرێت ڕووبەری خاڵی بۆ نووسینەوەی شانۆ بنیات بنرێت، کە چی تر پێویستمان بە ڕێسا ولۆژیکەکانی پێشوو نەبێت، ئەزموونی شانۆی پۆڵەندی و کارەکانی ڕۆبەرت ولسن و تاداشی سوزوکی دەرخەری وێنەی ناو شانۆی فەلسەفین، کە هەریەکە لەوانە پێویستی بە پرۆژەو کتێبی سەربەخۆیە، بۆیە هەمیشە ویستومانە توێژینەوە و نوسینی تایبەتیان بۆ تەرخان بکەین.

## پەراوێز وسەرچاوەکان:


١- **الفلسفة والمسرح/ كمال فهمي، افريقيا الشرق ٢٠١٤، ص ١٧**

٢- **هةمان سةرضاوة، لا ١٧**

٣- **فن الشعر/ ارسطو، ترجمة و تقديم: د. ابراهيم حمادة، مكتبة الانجلو المصرية، ي ١١٤**

٤- **التراجيديا والفلسفة/ والتر كاوفمان، ترجمة: كامل يوسف حسين، الموسسة العربية للدراسات والنشر (بيروت) الطبعة الاولي ١٩٩٣، ص٧١**

٥- **الفلسفه والمسرح/ ص** ٢٨

٦- **التراجيديا والفلسفه/ ص** ٢٠٠

٧- **هەمان سەرچاوە، لا** ٨٠

٨- **هەمان سەرچاوە، لا** ٢٩٧

٩- **الفلسفه والمسرح/ ص** ٥٣

١٠- **فردريش نيتـ چە/ عەبدول سەلام حە يدەر، وەرگێڕا نی شوان ئە حمەد، سەردەم، ژ مارە "٣٠" کانونی یە کەمی ٢٠٠٣، لا** ٤٨

١١- **الفلسفه والمسرح/ یٚ** ٥٣

١٢- **حوارات، ج يل دو لوز- كلير بارنی تر جمه (ع بدالحی ازرقان)- (احمد العلمی) افريقيا الشرق** ١٩٩٩، **ص**٦٧

١٣- **ڕەخ نەگرتن لەمۆدێرنیتی/ نی هاد جامی، سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو، کوردستان** ٢٠٠٦، **لا** ٤١

١٤- **نيتشة والفلسفة، جيل دولوز، ترجمة اسامة الحاج، الموسسة الجامعية للدراسات، بيروت، ١٩٩٣، ص٥**

١٥- **افول الاصنام، فريدريك نيتشة، ترجمة (حسان بورقية) و(محمد الناجي)، افريقيا الشرق، ١٩٩٦، ي٢٤**

١٦- **الفلسفة والمسرح/ كمال فهمي، افريقيا الشرق ٢٠١٤، ي٥٩**

١٧- **نيتشة/ جيل دولوز، ترجمة اسامة الحاج، الموسسة الجامعية للدراسات، بيروت، ١٩٩٨، ص٧٧**

١٨- **الفلسفة والمسرح/ ص ٦٢**

١٩- **اليكترا/ يوربيدس، ترجمة وتقديم: منيرة كروان، سلسلة روائع الدراما العالمية العدد ٢٥٤٧، المركز القومي للترجمة القاهرة ٢٠١٥، ص٦٠**

٢٠- **الحداثة والتجريب في المسرح، د. عبدالرحمن بن ابراهيم، أفريقيا الشرق** 2014، ص 151

٢١- **اتجا هات في الم سرح الاورو بي المعا صر، د. ا حمد سخسوخ، الهيئة المصرية** العامة للكتاب، 2005، ص 19

٢٢- ل ێرەدا دە توانین ئا ماژە بۆ ئەزموونی ئۆگۆ ستۆبال بـ کەین، هەروەها هە ندێك لەئەزموو نەکانی شانۆی زی ندووی ژۆلیا نا بـ یك و ژۆد یت مالی نا و بە شێك لەکارەکانی دەرەوەی برۆدوای لەم تێگەی شتنەوە شانۆی دیا لەکتیکیان بردۆ تە ناو ڕەهە ندێك کە مۆر کە سیا سییەکەی بە تەواوی لەناو مۆر کە شانۆییەکە دەربکەوێت.

٢٣- اتجاهات في المسرح الاوروبي المعاصر، د. احمد سخسوخ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 2005، 102.

٢٤– هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 107.

٢٥- التراج يديا والفل سفة/ وا لتر كاوف مان، تر جمة: كا مل يو سف حـ سين، المؤسـ سة العربـ ية للدرا سات والنـ شر ( بيروت) الطبـ عة الاولى 1993، ص 353.

٢٦- علم الجمال في المسرح الحديث/ ماری ان شاربونيير، ترجمة: مؤمل مجيد، دار ميزوبوتاميا (بغداد) الطبعة الاولى 2013، ص 98.

٢٧- الفلـ سفة والمـ سرح/ كـ مال فهـ مي، أفريقـ يا الـ شرق 2014، ص 71.

(٢٨) شانۆی توندوتـ یژیی لەنێوان تیـ ئۆر وپراکتیـ کدا/ دا نا رە ئوف، ئەمیندار یەتی گـ شتی ڕۆ شنبیریی ولاوان، چاپی یە کەم ١٩٨٨، لا ٤٠

(٢٩) لەکتێبێکی ترما ندا بەناوی "پـ لەی سفری شانۆ" لە سەر لایە نەکانی شانۆی ئارتۆ هەڵوە ستەمان کرد، لەوێش هەر وەك فەیلە سووفێك با سمان کردووە، جـ گە لەوەی کتێـ بە ناوازە کەی شانۆکار دا نا رەووف سەرەتاو بنەما یەکی گرنـ گە بۆ تێگەیـ شتن لە شانۆی ئارتۆ، کە لە سەر تەواوی لایە نە شانۆییەکانی توێژیـ نەوەی کردووە، ئەوەی لـ ێرەدا مەبە ستمانە قـ سەی لەبارەوە بـ کەین دەرخـ ستنی ئارتۆ یە وەك یە کەم فەیلە سووفـ شانۆیی کە شانۆی لە فەلسەفەی شانۆوە گۆڕی بۆ شانۆی فەلسەفی

(٣٠) المسرح و الالهة/ انطوان ارطو، ترجمة (سعيد كريمي) فكر و نقد، العدد34

(٣١) پـ لەی سفری شانۆ/ نیـ هاد جامی، لەبڵاوکراوەکانی فێستڤاڵی شانۆی نێو دەوڵەتی هەولێر ٢٠١٢، لا ٢٨

(٣٢) شانۆی توندوتـ یژ لەنێوان تـ یۆر وپراکتیـ کدا/ دا نا رە ئووف، دەستنووسی چاپی دووەم ٢٠٢٠، لاپەرە ٦٦

(٣٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧٤

(٣٤) ئارتۆ بڕوای وا یە داهێنا نەکانی ڕا بردوو بۆ ئەو زەمە نە سوود مە نـد بوون کە تیا یدا بوون، بەواتای گوزار شت لەزە مەنی خۆی دە کات، بۆ یە دەبـ ێت ئێـ مەش ئەمرۆ گوزار شت لەئێستابوونی خۆمان بکەین

(٣٥) جـ ێی خۆ یەتی ئەو خا ڵە لـ ێرەدا ڕا ست بکەیـ نەوە، بۆ زۆر بەی هەو ڵە ئەزموونگەریـ یەکانی دنـ یای ئێـ مە و شانۆی عەرەبیش، دەبـ ێت بزانین ئەو نمایـ شەی بەر هەمی د ێنین تا چەند پابە ندە بە زە مەنی ئێـ مەوە، چونکە تێگەیـ شتنی ئاڕتۆ هێـ ندەی وەک ما نای ڕووکە شی مەبە ست بیـ نراوە، وەک ما نای نەبینراو نەخوێنراوە تەوە، ویـ ستومانە فۆرمێکی نویـ ببەخـ شین کە تا ئاستێکی زۆر دوورە لەپابەندبوونی زەمەنیمان.

(٣٦) ئەزموونی شانۆی وێـ نەی عێرا قی نەک وێنە یەکی ئارتۆیی نیـ یە، هێـ ندەی وێـ نەی دژە ئارتۆیـ یە کارکرد نە بەهاودژکرد نەوەی پێـ شنیارە ئارتۆییە کە چونکە وێـ نە هەڕەمەکـ یەکانن، مرۆڤ لەگەڕا نەوە بۆ کتێبە کەی ئارتۆ بە تایـ بەت لەبە شی "کۆ تایی هێنان بەشاکارەکان" بەتەواوی لەو خاڵە تێدەگات

(٣٧) پێویـ ستمان بەوە یە ڕەخنە یەک ئارا ستەی کارە کانی پێـ شووی خۆ مان و نەوەی ئەزمونکاری پێش ئێـ مە و گەنجانی ئەمرۆ و شانۆی عێرا قی و عەرەبیش بـ کەین، کە درو ستکردنی شانۆی وێـ نەیی لە سەر بـ نەمای تێگەیـ شتنی ئارتۆیی، نەک شانۆکەی نا کات بە شانۆیەکی ئارتۆیی، بەڵکو خولقا ندنی شانۆیەکی دژە ئارتۆیـ یە، چونکە ئەوە فەرامۆ شکردنی پێـ شنیارە ئارتۆییەکە یە، ئەو پێـ شنیارە گەر بۆ ئەو ڕۆژ گارە نوو سیبێتی، ئەمرۆ وەک ئەوە وا یە کە هە ستی کردبـ ێت لەداهاتوودا



تیۆرە کانی بەلاڕ ێدا دە بەین، بۆ یە هۆ شداری ئەوەمان دەدا تێ، کە وێـ نەی شیعریی نەمانکات بەخاوەنی ئەزمووذ گەری بێما نای وێنە گەرایی، لەهە شتاکانی سەدەی بیـ ستەمەوە تا ئەمڕۆ ئارتۆ وەک ناو لەنەخـ شەی شانۆی ئەزمووذ گەری کوردی و عەرەبی و بەتایـ بەت ئەو نەخۆ شخانەیەی پـ ێی دەووترـ ێت عـ ێراق و سەر چاوەی هەموو پەتا ونەخۆ شیەکانە، دژە ئارتۆیی بە ئارتۆ دەفرۆ شنەوە و سەلاح قە سەبـ د یارترین ناوە کە نەوەی پێش من و نەوەی من و نەوەی دوا یی منیـ شی دە سخەڕۆدا، بەڵام گرفتە کە لەوێدا یە کە سانێک نەهاتین ئارتۆئا سا بوێری ڕا ستکردنەوەی ئەو هەڵا نەمان هەبێت کە ئێـ مە لە سەری ڕۆیشتین.

(٣٨) اســم مــوت أو حيــاة / جوليــا كريســتيفا, (ترجمــة) د. صــبحي البســتاني, الفكــر العربــي المعاصــر, العــدد (23) كانون الثاني 1983

(٣٩) أطيــاف مــاركس/ جــاك دريــدا, ترجمــة د. منــذر عياشــي, مركز الانماء الحضاري/حلب-1995, 15

(٤٠) كــاليجولا.. البيــر كــامو, ترجمــة: يوســف ابــراهيم الجهماني, دار حوران للطباعة ترجمة والنشر (دمشق)

(٤١) لاش نۆرین لەنێوان گە مەی ئۆد یب ودۆزیـ نەوەی ماڵـ ێک/ نیهاد جامی، گۆڤاری شانۆ، ژمارە 16 ی 2010، لا 35

(٤٢) هەمان سەرچاوە، لا 32

(٤٣) التراجيديا والفلسفة/ والتر كاوفمان، ترجمة: كامل يوسف حسين،المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى 1993، ص 281

(٤٤) مسرحيات.. جان بول سارتر، ترجمة: د. سهيل ادريس، منشورات دار الاداب- بيروت، ص 64

(٤٥) ناكۆكی و ج یاوازی بۆ چوون لەنێوان سارتەر و فۆ كۆ یەكێ كە لەگفتوگۆ فەلـ سەفییەكانی سەدەی بی ستەم، كە لە سەر چەندین با بەتی فەلـ سەفی لە یەكتر ج یاوازن، بۆ یە ئە گەر ئەم تێك ستە د یدێكی فەلـ سەفی نیێ چەییش بـ یێت، سەرەنجام سارتەر جیاوازی یە فەلـ سەفییەكانی خۆی لە گەڵ فۆ كۆ تۆختر كردۆ تەوە، وەك چۆن ئی شكالییەتی زۆر یان هە یە لەبارەی ڕۆ مان و تێگەی شتنی لە پەیوە ندیی ن یوان خوێ نەر و تێك ست و چەمكی تاك و ئێمە لە پەیوەندیی خوێنەر بە تێكستەوە

(٤٦) مسرحيات.. جان بول سارتر، ترجمة: د. سهيل ادريس، منشورات دار الاداب- بيروت، ص 79

(٤٧) مسرحيات.. جان بول سارتر (هەمان سەرچاوە) ص 83.

(٤٨) مابعد الحداثية والفنون الادائية.. نك كاي، ترجمة: د. نهاد صليحة، الهيئة المصرية العامة للكتاب 1999، ص 12

(٤٩) كارە كانی ماری نا ئەبرامۆڤیچ لە فیلمێ كی دیكۆمێنتار یدا وێنەیەكی گرنگی كاری پێرفۆڕمانسی تیا خراوەتە ڕوو.



(٥٠) ئێ مە لەكتێبێكی ترما ندا بەناوی شانۆی نوێی پۆڵە ندی لە سەر كارە كانی ئەم دوو گرو پە وە ستاوین بۆ یە ل یێرەدا ز یاتر لەسەر كارەكانیان ناوەستین

(٥١) غروتوف سكی, غروتوف سكی بین الف عل الع ضوي والطقو سية, ا عداد: د. قا سم بـ یاتلی, الهی ئة الم صرية العا مة للكتاب 2011, ص 32

(٥٢) هەمان سەرچاوە لا 59.

## ناوەڕۆك


سەرەتایەك بۆ فەلسەفە وشانۆ .............................. 3
فەلسەفەی شانۆ چییە؟ .............................. 7
فەلسەفە ودژایەتیکردنی شانۆ .............................. 9
نزیکبوونەوەی شانۆ لە فەلسەفە .............................. 15
ئەفسانە وتراژیدیا .............................. 23
چارەسەری هیگل وەك گرێی ئەلیکترا .............................. 28
لێبوردەیی و کوشتنی دایك .............................. 36
کوژرانی تراژیدیای شانۆ بەدەستی ژنەکانەوە .............................. 38
فەلسەفە و تراژیدیا لەشانۆنامەکانی شکسپیردا .............................. 46
پۆرترێتی فەیلەسووفەکان بۆ شکسپیر .............................. 53
فەیلەسووفێك مەرگی تراژیدیا ڕادەگەیەنێت .............................. 61
پرسیارکردن لە فەلسەفە.............................. 65
فەلسەفە و مەرگی تراژیدیا .............................. 70
سوکرات و عەقڵانییەتی فەلسەفی .............................. 76
رەخنەگرتن لە عەقلڵانەیتی سوکراتی .............................. 87
تراژیدیای یۆرپیدس و عەقڵانییەتی سوکراتی .............................. 91
گەڕانەوە بۆ پرسیاری سەرەتا .............................. 108
شانۆی فەلسەفی. .............................. 113
شانۆی دیالەکتیك و مارکسی شانۆ ... .............................. 119
فەیلەسووفێك لەشانۆدا .............................. 136
کارەکتەر و شانۆکار.............................. 143





تێکستی فەلسەفیی لەشانۆدا .............................. 161
تراژیدیا لە مەرگی تراژیدیادا .............................. 187
گەڕان بەدوای شانۆیەکی فەلسەفی.............................. 211
پێرفۆڕمانس شانۆیەکی فەلسەفی .............................. 218
گێڕانەوە لە شانۆی فەلسەفیدا .............................. 239
پەراوێز وسەرچاوەکان .............................. 249